


سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی

١٣٦٣

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاح الدین ئەییووبی

گۆڤاری ئەدەبی فەرهەنگی سروە- ساڵی دووەم - ژمارە ٦ هاوینی ١٣٦٥- نرخ ١٥ تمەن

مناجات

خانای قوبادی

قەدیم موتلّەق، قەدیم موتلّەق
یا قایم بەزات قەدیم موتلّەق
حەیی بێ زەوالْ قەییووم بەرحەق
نگارەندەی نەقش نۆتاق ئەزرەق
لا مەوت بێ شەریک بینای بێمانەند
یەکتای بێ نەزیر بیخوێش وپەیوەند
مونشی رەقەم سەنج ئینشای شادیوشەوق
بێ پەروا جەتەعن گوروّی تەحت وفەوق
بەخشندەی موراد ،بێ باک جەتانە
نازکێش زومرەی خوێش وبێگانە
بەوبەشق زاتت بێحەد سیفاتەن
باعیس ئیجاد کول مومکیناتەن
باجەتی دەروون شەو زیندەداران
بەتاعەت پاک تاعەت گوزاران
بەندەی کەمتەرین مەعسیەت بارەن
فریفتەی شەیتان شووم بەدکارەن
بالوتف و فەزلّت بۆوە دەسگیرم
بویەر نە گونام ساحەب تەقسیرم
تا (یوم الممات)نگەهداریم کەر
عەلاج زامان شەرمەساریم کەر
مەگەرهەم بەلوتف چون تۆ رەحیمێ
(عەمیم الاحسان) ئیحسان عەمیمێ
مازۆ بدریۆ نە عالەم پەردەش
بویەرۆ نەکار کەردەی ناکەردەش
وەرنە بەزاتت جەلای زاتتۆ
مەکەروون رۆی حەشر من شکات تۆ
یاحەی کەس چون تۆ پەرێ کەس نیەن
چون تۆنەعالّەم فریادڕەس نیەن.

لوتفت بێ شومار عەفوت عەزیمەن
رەحمەتت بێشۆ عەتات عەمیمەن
بی میسل وشەریک ، تاک وتەنیانی
نگارندەی نەقشدار دنیانی
رەحمەت و بەخشش خەتمەن بەنامت
سەرسامەن شاهان عالّەم ج سامت
قاهیران دەور جەقەهرت ماتەن
بەلّێ راس ماچان جەکێ پەرواتەن
عەفوت جای ئومید بێگانە وخوێشەن
لوتفت دلّنەواز گەدا و دەروێشەن
ئیستدعام ئێدن لاشەریک پاک
بەشق شای ئەوڕەنگ (وما ارسلناک)
جەعەرسەی مەحشەر مەکەرتەرێقم
بەلوتف مەحزت بدەر تەوفێقم
زبانم بەزیکرتۆ نەبۆ خامۆش
نامت با جەلام نەبۆ فەرامۆش
یارەب ئامانەن بویەر جە گونام
غەیر جەتۆ نیەن مەلجۀو پەنام
چون من گوناکار خیلاف کردارێ
چون تۆ بەخشندە وهەم رەحمدارێ
چون من خەجلّەت بارشەرعوتەریقەت
چون تو صاحێب رەحم بانی حەقیقەت
چون من نافەرمان ئالوودەی هەوەس
چون تۆپادشای فەردوفریادڕەس
ببەخشە گونام بە خشندەی داوەر
بۆهەر دوودنیا فریادڕەسیم کەر
وەرنە بەزاتت جەلای زاتتۆ
مەکەروون رۆی حەشر من شکات تۆ

مناجات

خانای قوبادی

قەدیم موتلەق، قەدیم موتلەق
یاقایم بەزات قەدیم موتلەق
حەیی بێ زەوال قەییووم بەرحەق
نگارەندەی نەقش نۆتاق ئەزرەق
لامەوت بێ شەریک بینای بێمانەند
یەکتای بێ نەزیر بێخوێش وپەیوەند
مونشی رەقەم سەنج ئینشای شادیوشەوق
بێ پەروا جەتەعن گوڕۆی تەحت وفەوق
بەخشندەی موراد، بێ باک جەتانە
نازکێش زومرەی خوێش وبێگانە
بەوبەشق زاتت بێحەد سیفاتەن
باعیس ئیجاد کول مومکیناتەن
باجەتی دەروون شەو زیندەداران
بەتاعەت پاک تاعەت گوزاران
بەندەی کەمتەرین مەعسیەت بارەن
فریفتەی شەیتان شووم بەدکارەن
بالوتف و فەزڵت بۆوە دەسگیرم
بویەر نە گونام ساحەب تەقسیرم
تا (یوم الممات) نگەهداریم کەر
عەلاج زامان شەرمەساریم کەر
مەگەرهەم بەلوتف چون تۆ رەحیمێ
(عەمیم الاحسان) ئیحسان عەمیمێ
مازۆ بدریۆ نە عالەم پەردەش
بویەرۆ نەکار کەردەی ناکەردەش
وەرنە بەزاتت جەلای زات تۆ
مەکەروون رۆی حەشر من شکات تۆ
یاحەی کەس چون تۆ پەرێ کەس نیەن
چون تۆنە عالەم فریادڕەس نیەن.

لوتفت بێ شومار عەفوت عەزیمەن
رەحمەتت بێشۆ عەتات عەمیمەن
بی میسل وشەریک، تاک وتەنیانی
نگارندەی نەقش دار دنیانی
رەحمەت و بەخشش خەتمەن بەنامت
سەرسامەن شاهان عالەم ج سامت
قاهیران دەور جەقەهرت ماتەن
بەلێ راس ماچان جەکێ پەرواتەن
عەفوت جای ئومید بێگانە وخوێشەن
لوتفت دڵنەواز گەدا و دەروێشەن
ئیستدعام ئێدن لاشەریک پاک
بەشق شای ئەوڕەنگ (وما ارسلناک)
جەعەرسەی مەحشەر مەکەرتەرێقم
بەلوتف مەحزت بدەر تەوفێقم
زبانم بەزیکرتۆ نەبۆ خامۆش
نامت با جەلام نەبۆ فەرامۆش
یارەب ئامانەن بویەر جە گونام
غەیر جەتۆ نیەن مەلجەء و پەنام
چون من گوناکار خیلاف کردارێ
چون تۆ بەخشندە وهەم رەحمدارێ
چون من خەجلەت بارشەرع وتەریقەت
چون تو صاحێب رەحم بانی حەقیقەت
چون من نافەرمان ئالوودەی هەوەس
چون تۆپادشای فەردوفریادڕەس
ببەخشە گونام بەخشندەی داوەر
بۆهەر دوودنیا فریادڕەسیم کەر
وەرنە بەزاتت جەلای زات تۆ
مەکەروون رۆی حەشرمن شکات تۆ

نێوەرۆک



مناجات ٢
سەروتار ٣
رێبازی سروە ٦
باسی ئەدەبی........... ١٠
برایەتی............... ١٤
رەخنەلەسەر............ ١٨
شێخحەسەنیمەولاناوا....... ٢٣
رەخنەوپێشنیار......... ٢٨
فۆلکلۆر............... ٣٠
گەنجخەلیل ٣٤
جوغرافیا ٣٨
هەواری شیعر.......... ٤٢
دەنگ لەزمانی کوردیدا...... ٤٤
گەڕانەوەی دەهەزار........ ٤٦
چیرۆک بۆمندالان ٥٠
ژن بەژنە ٥٦
ئێمەوخوێنەر........... ٦٠
ژیانی ئاسایی........... ٦٤
شاعیرانی لاو........... ٦٨
بارهێنانی مندال........ ٧٠
گولی کەمخایەن.......... ٧٢
وسێن شەشە............. ٧٥
شەڕی کراس.............. ٧٨
رێنوێنی ئەدەبی.......... ٨٢
تەنیا ی تەنیا ٨٨

وێنەی رووبەرگ:

میعماری سنە

وێنەی پشت بەرگ:

نامەی حەزرەتی محەممەد (د.خ)



گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی

سروە

ناونیشان: ارومیە ـ چهارراه دانش ـ جنب ژاندارمری ـ مرکز نشر فرهنگ وادبیات کردی: انتشارات صلاح الدین ایوبی.

تلفن ٣٥٨٠٠

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تلفن: ٣٢٨١



سلاو لە خوێنەرانی بەڕێز:

لەژمارەی‌پێشوودا کە باسی دەروەستی قەلەم کراویەکێک لە تایبەتی‌یەکانی قەلەمی دەروەستمان بەناوی (بەدی هێنانی بەرپرسی) شی کردەوە. ئێستاش‌هەر ئەم باسە درێژە دەدەین.

بەو هیوایە لاوە قەلەم بەدەستەکانمان ئەوەندەی لە توانایاندایە حەول بدەن بۆئەوە" هەستی‌بەرپرسی" لە نێو خەلکدا پتەوتر بکەن ولە نسکۆبردن وریٚ هەتلە بوون بپارێزرێن وهەر وەک لە رابردوودا دیتوومانە تووشی لارێیی نەبن.

لەبیرمانە لە زەمانی دەستەلاتداری تاغووت ورژێمی ستەمشاییدا لە لایەن رێکخراو وبنکە بە روالەت فەرهەنگی وهونەری وتەبلیغی وتەنانەت ئامووزشی یەکانیش بەرنامە ـ یەک داڕێژرا بوو کە مەبەستی خافلاندنی چینەکانی کۆمەل بە تایبەتی چینی بەورەو وزەی لاو بوو،تا لە ئاست چارە نووسی سیاسی و کۆمەلایەتی وئابووری خۆیان کەمتەرخەم بن.

ئەودەم ئیستکباری جیهانی بەرنامەی دادەڕشت و شای

نێوەرۆك


مناجات ٢
سەروتار ٣
رێبازی سروە ٦
باسی ئەدەبی ١٠
برایەتی ١٤
رەخنەلەسەر ١٨
شێخ حەسەنی مەولاناوا ٢٣
رەخنەوپێشنیار ٢٨
فۆلکلۆر ٣٠
گەنجخەلیل ٣٤
جوغرافیا ٣٨
هەواری شیعر ٤٢
دەنگ لەزمانی کوردیدا ٤٤
گەڕانەوەی دەهەزار ٤٦
چیرۆک بۆمندالان ٥٠
ژن بەژنە ٥٦
ئێمەوخوێنەر ٦٠
ژیانی ئاسایی ٦٤
شاعیرانی لاو ٦٨
بارهێنانی مندالّ ٧٠
گولّی کەمخایەن ٧٢
وسێن شەشە ٧٥
شەڕی کراس ٧٨
رێنوێنی ئەدەبی ٨٢
تەنیای تەنیا ٨٨


وێنەی رووبەرگ:

میعماری سنە

وێنەی پشت بەرگ:

نامەی حەزرەتی محەممەد (د.خ)







گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی

سروە

ناونیشان: ارومیه ـ چهارراه دانش ـ جنب ژاندارمری ـ مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی: انتشارات صلاح الدین ایوبی.
تلفن ٢٥٨٠٠

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تلفن: ٣٢٨١

سەروتار

سڵاو لە خوێنەرانی بەڕێز:

لەژمارەی پێشوودا کە باسی دەروەستی قەڵەم کراویەکێک لە تایبەتییەکانی قەڵەمی دەروەستمان بەناوی (بەدی هێنانی بەرپرسی) شی کردەوە. ئێستاش هەر ئەم باسە درێژە دەدەین.

بەو هیوایە لاوە قەڵەم بە دەستەکانمان ئەوەندەی لە توانایاندایە حەول بدەن بۆئەوە "هەستی بەرپرسی" لە نێو خەڵکدا پتەوتر بکەن ولە نسکۆبردن وڕێ هەتڵە بوون بپارێزرێن وهەر وەک لە رابردوودا دیتوومانە تووشی لارێیی نەبن.

لەبیرمانە لە زەمانی دەستەڵاتداری تاغووت ورژێمی ستەمشاییدا لە لایەن رێکخراو وبنکە بە رواڵەت فەرهەنگی وهونەری وتەبلیغی وتەنانەت ئامووزشی یەکانیش بەرنامە ـ یەک داڕێژرابوو کە مەبەستی خافلاندنی چینەکانی کۆمەڵ بە تایبەتی چینی بەورەو وزەی لاو بوو، تا لە ئاست چارە نووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری خۆیان کەمتەرخەم بن.

ئەودەم ئیستکباری جیهانی بەرنامەی دادەڕشت و شای

غەیان کە گوێ لەمستی ئەوبوو ئەو بەرنامانەی لە هەموو ڕێکخراو و بنکەکانی وڵاتدا بەڕێوە دەبرد. جالەم ڕێبازەشدا پووڵ وپارەیەکی زۆری خەرج دەکرد. لەوبەرنامەدا ئەهەمیەتێکی تایبەتی بۆ قەڵەم بەدەست دیاری کرابوو، شوێنی لە سەر نووسراوەی کۆمەڵایەتی وهونەری و ...... ئەوان دانابوو.

جالەم نووسراوانەدا ئەوەی نەبوو بایەخی ئینسانی وئەخلاقی و وریا بوونەوەی تاکی وگشتی، هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی وردبینانەلە ڕوودا- وەکان بوو.

هەر کە شۆڕشی ئیسلامی دەستی پێکرد لێمشتی تێگە- یشتن ووشیاری خەڵک بووبە کۆسپی ڕەگ ئاژۆکردنی ئەم دارە بێ فەڕە (ئەگەرچی بە تەواوی لەریشە دەرنەهات) سەرەرای هێندێک لادان و سەرەڕۆیی قەڵەم لە لایەن ئەوانەوە کە شۆڕش زەبری لێدابوون و بە ئەنقەست یا لە بەر نەزانی و کەمزانستی وتێکوشانی ئەوانەی لە بنەوەبڕی یان ڕەچاو دەکرد قەڵەم ڕێبازی راستی خۆی گرتەوە بەر.

بەڵام چونکە هۆیەکانی "فاعلیت" و"قابلیت" بە تەواوی بنەبڕ نەکرا دیسان هەڵەسوونی هێناوە و بوو بە بیانووی دوژمن. سەر لە نوێ حەولەوەلای کۆڕ و دەستەی سەربە دنیا خۆرانمان دیتەوە کە بۆ بووژاندنەوەی فەرهە- نگی وابەستە وبارهێنانی نەسلێکی بێ خەبەر وئاگا لە خۆبڕاو، نەسلێک کە خۆ بە کەم بزانێ و زوو بەردەست بێ وبیروباوەری خۆی بدۆڕێنێ تێکوشان.

جالەم ڕێگایەدا مەیل و هەواو هەوەسی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرووی بۆ ئەوان کردووە وڕێگای بۆخۆش کردن.

ئێستا بەم پێ ودانە قەڵەم بەدەست دەبێ وریا و لێزان وتێگەیشتووبێ. بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ و بەرسینگە لە نائەهلان ببڕێتەوە.

قەڵەم بەدەستەوە گرتن ونووسین زۆر هاسانە ئەوەی هەوێنی ئیمتیازە بەرهەم و رادەی ڕێبەری وڕێنوێنی قەڵەمە.

بۆیە دەبێ بۆ ناساندنی ئەو محەکە قوڵی هیممەت هەڵ بکەین وچاک وخراپ لێک هەڵاوێرین.

مەسەلەی بەدی هێنانی هەستی بەرپرسی کەلەژمارەکانی پێشوودا باسمان کرد حەربە- یەکە بۆ پێشگرتنی لافاوی ماڵ وێران کەری خۆنەناسینی، کە جیهانی ئیستکبار وئیلحاد بۆ کۆت وسندم کردنی چەوساوەکان بەکاری دێنێ.

لەم بابەتەوە زۆر دواین ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە ڕێگەی کردەوە پێشان بدەین.

هەوەڵ شەرت واقیع خوازی یە

هەر جووڵانەوەیەکی بەرپرسانە پێویستە واقیع خوازانەش بێ. جووڵانەوە بێ ئەوەی ڕاستیمان لەبەرچاوبێ کوێرانە وخیاڵپەردازانەیە و بەرپرسی تێدا نیە لەبەرئەوە نووسەری دەرووەست دەبێ واقیعیەت ئاشکرا بکاوپەردەی ئیبهام و غەفڵەت لە بەرچاوی خەڵک لابدا. ئەوەش وەختێک دەلوێ کە نووسەر خۆی واقیع خوازبێ.

بەراوردی (حەقیقەت) و (واقیعیت)

ئەوەی لەبەرچاوە واقیعیەتە وئەوەی دەبێ هەبێ حەقیقەتە لەپاش ئەمفەڕزەدەکرێ بڵێین مەبەستی ئێمە لە واقیعیەت خوازی حەقیقەت خوازییە.

ئێستا بۆ ئەوەی ئێمە حەقیقەت خوازبین چەند شتمان پێویستە:

یەکەم ناسینی حەقیقەت و ناساندنی بە خەڵک. دووهەم شی کردنەوەی واقیعیەت و هەڵسەنگاندن ورەخنەلێگرتنی لە هەموو بارێکەوە. سێهەم لەبەر یەک رانانی ئەم دوومەبەستە وپێک گرتنیان بۆ ئەوە لە ڕێگای واقیعیتە- وە بە حەقیقەت بگەین.

دەبێ زۆر وریا بین کە پێ داگرتن لەسەر بەعەزە واقیعێتیک نەبێتە هۆی دوور

غەیان کە گوێ لەمستی ئەوبوو ئەو بەرنامانەی لە هەموو ڕێکخراو و بنکەکانی وڵاتدا بەڕێوە دەبرد. جالەم ڕێبازەشدا پووڵ وپارەیەکی زۆری خەرج دەکرد. لەوبەرنامەدا ئەهەمیەتێکی تایبەتی بۆ قەڵەم بەدەست دیاری کرابوو، شوێنی لە سەر نووسراوەی کۆمەڵایەتی وهونەری و ..... ئەوان دانابوو.

جالەم نووسراوانەدا ئەوەی نەبوو بایەخی ئینسانی وئەخلاقی و وریا بوونەوەی تاکی وگشتی، هەڵسەنگاندن و رەخنەی وردبینانەلە رووداوەکان بوو.

هەر کە شۆرشی ئیسلامی دەستی پێکرد لێمشتی تێگەیشتن ووشیاری خەڵک بووبە کۆسپی رەگ ئاژۆکردنی ئەم دارە بێ فەڕە (ئەگەرچی بە تەواوی لەریشە دەرنەهات) سەرەرای هێندێک لادان و سەرەڕۆیی قەڵەم لە لایەن ئەوانەوە کە شۆرش زەبری لێدابوون و بە ئەنقەست یا لە بەر نەزانی و کەمزانستی وتێکوشانی ئەوانەی لە بنەوەبڕی یان رەچاو دەکرد قەڵەم ڕێبازی راستی خۆی گرتەوە بەر.

بەڵام چونکە هۆیەکانی "فاعلیت"و"قابلیت" بە تەواوی بنەبڕ نەکرا دیسان هەڵەسوونی هێناوە و بوو بە بیانووی دوژمن. سەر لە نوێ حەولەوەلای کۆڕ و دەستەی سەربە دنیا خۆزانمان دیتەوە کە بۆ بووژاندنەوەی فەرهەنگی وابەستە وبارهێنانی نەسلێکی بێ خەبەر وئاگا لە خۆبڕاو، نەسلێک کە خۆ بە کەم بزانێ و زوو بەردەست بێ وبیروباوەڕی خۆی بدۆڕێنێ تێکوشان.

جالەم ڕێگایەدا مەیل و هەواو هەوەسی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرووی بۆ ئەوان کردووە ورێگای بۆخۆش کردن.

ئێستا بەم پێ ودانە قەڵەم بەدەست دەبێ وریا و لێزان وتێگەیشتووبێ. بۆ ئەوەی بتوانێ ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ بێنێ و بەرسینگە لە نائەهلان ببڕێتەوە.

قەڵەم بەدەستەوە گرتن ونووسین زۆر هاسانە ئەوەی هەوێنی ئیمتیازە بەرهەم و رادەی ڕێبەری ورێنوێنی قەڵەمە.

بۆیە دەبێ بۆ ناساندنی ئەو محەکە قوڵێ هیممەت هەڵ بکەین وچاک وخراپ لێک هەڵاوێرین.

مەسەلەی بەدی هێنانی هەستی بەرپرسی کەلەژمارەکانی پێشوودا باسمان کرد حەربەیەکە بۆ پێشگرتنی لافاوی ماڵ وێرانکەری خۆنەناسینی، کە جیهانی ئیستکبار وئیلحاد بۆ کوت وسندم کردنی چەوساوەکان بەکاری دێنێ.

لەم بابەتەوە زۆر دواین ئێستا وەختی ئەوە هاتووە کە ڕێگەی کردەوە پێشان بدەین.

هەوەڵ شەرت واقیع خوازی یە

هەر جووڵانەوەیەکی بەرپرسانە پێویستە واقیع خوازانەش بێ. جووڵانەوە بێ ئەوەی راستیمان لەبەرچاوبێ کوێرانە وخیاڵپەردازانەیە و بەرپرسی تێدا نیە لەبەرئەوە نووسەری دەروەست دەبێ واقیعیەت ئاشکرا بکا وپەردەی ئیبهام و غەفڵەت لە بەرچاوی خەڵک لابدا. ئەوەش وەختێک دەلوێ کە نووسەر خۆی واقیع خوازبێ.

بەراوردی (حەقیقەت) و (واقیعیت)

ئەوەی لەبەرچاوە واقیعیەتە وئەوەی دەبێ هەبێ حەقیقەتە لەپاش ئەم فەرزەدەکرێ بڵێین مەبەستی ئێمە لە واقیعیەت خوازی حەقیقەت خوازی یە.

ئێستا بۆ ئەوەی ئێمە حەقیقەت خوازبین چەند شتمان پێویستە:

یەکەم ناسینی حەقیقەت و ناساندنی بە خەڵک. دووهەم شی کردنەوەی واقیعیەت و هەڵسەنگاندن ورەخنەلێگرتنی لە هەموو بارێکەوە. سێهەم لەبەر یەک رانانی ئەم دوومەبەستە وپێک گرتنیان بۆ ئەوە لە ڕێگای واقیعیەتەوە بە حەقیقەت بگەین.

دەبێ زۆر وریا بین کە پێ داگرتن لەسەر بەعزە واقیعێتیک نەبێتە هۆی دوور

بوونەوە لە حەقیقەت یا لە گەڵ هێندێک مەوزووع ڕێک بکەوین وحەقیقەت فیدا بکەین. جا ئەوە ئەزموونێکی سەختە کەزۆرکەس لێی ڕەددەبنەوە

وریا کردنەوە ومزگێنی پێدان

دەبێ خوێنەر لە باسێکی مەنتیقی وموستەدەلدا ڕاست ورەوان یا بە ئیشارەوکینایە (بە پێی هەل ومەرج) لە زەر و زیان ومەترسی یان ئاگادار بکرێ ولە ئاقیبەتی بەدەوام، بوونی واقیعیەتێکی مەنفی لە کۆمەڵدا،ئاگادار بکرێ دەنا هیچ چەشنە جموجووڵ و جوولانەوەیەک بۆ گۆڕینی بنەڕەتی وتەنانەت ڕواڵەتیش پێک نایە .

هەر وشیارکردنەوەیەک (ئەگەر زۆریش پێویست بێ) ڕەنگە تەئسیرێکی پێچەوانەی هەبێ وببێتە هۆی ناهومێدی ولەنێوبردنی مەبەست . ئەوە بۆخۆی زۆر گرینگە . بۆ ئەوە تووشی وەها مەسەلەیەک نەیەین (کەبەداخەوە زۆر لە دەورانی مێژووی وڵاتی ئێمەدا بۆتە هۆی دەخەوکردن و بەستنەوەی بیر ولە ئاکامدا لەنێو چوون) دەبێ لەقەدەر هەل ومەرجی زەمان ومەکان ورادەی سەلماندنی گوێدێر مەترسی ئاشکرا بکرێن تا لە لایەک وشیاری بکاتەوە و لە لایەکی ترەوە هەستی بەرەنگاری تێدا بخولقێنێ .

وەختێک ئەم مەبەستەوەدی دێ کە لە ڕەوانناسی تاکی و کۆمەڵایەتی کەلک وەربگرین وباوەڕمان بەخۆبێ وبزانین تا چ ڕادەیەک شوێن لە سەر گوێدێر دادەنێ . جا ئەو دەم وردە وردە ئەوان بۆ ئەم خەباتە ئینسانی یە تەیار بکەین .

ئەگەر ئاوڕێک وەزەمانی پێش شۆڕش بدەین وەبیرمان دێتەوە کە بڕوابە "بێ سەمەر بوونی بەربەرەکانی لەگەڵ داموودەزگای پڕدەستەودەیارەی پەهلەوی وژاندرمەی ناوچە و تێکدانی ئەونیزامە" تا چ ڕادەیەک ببووە هۆی کش و مات بوونی کۆمەڵ .پاشان دیتمان کاتێک وزەی بەربەرە- کانی وتێکۆشان کەوتە گیان و لەشی خەڵکەوە چ ئاڵ وگۆڕێکی گەورە پێک هات .ئێستا پێویستە لەکاری وشیارکردنە- وەی کۆمەڵدا زۆر وریا بین تا ئەوەندەی پێویستە خەڵک دنە بدەین ونەیەڵین تووشی سستی وداهێزان بێ.بۆ ئەم کارە دەبێ مزگێنیوەدی هاتنی ئەو ئامانج وئاواتە پیرۆزانەی ڕووحی ئینسانیان پێ دەگەشێتەوە بدەین . بەم جۆرە هیوا وهومێد بخەینە دڵی چین وتوێژەکانی کۆمەڵ تابۆ بەجێ هێنانی ئەرکی خۆیان ئامادە بن . سەرکەوتن لەم کارەدا بەستەیە بە نیشاندانی ئەو دیاردە جوان ودزێوانەی لە گۆڕێن و ڕوون کردنەوەی زەینی ئەو خەڵکەی کە بۆیان دەنووسین .

لەزۆر ڕێبازاندا پێویستە پێشەکی کارێکی گرینگی دیکەش بکەین .ئەویش ئەوەیە کە پەیوەندی ڕووحی وکۆمەڵا- یەتی وئابووری و سیاسی کومەڵ لەگەڵ ئەو دیاردە دزێوانە کە لە گۆڕێدان بپسێ .ئەو کارەش پێویستی بەلێک دانەوەیەکی دروستی هەل ومەرج وناسینی دروستی شەخسی یەتی ئینسانە .

ئەم مەتڵەبە گرینگترین هۆیە بۆشکان وبەزینی ملهوڕەکانی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا کە لەبەر شەپۆلی بەهێزی ئەم خەڵکە ڕاوەستاون .

درێژەی هەیە

بسم الله الرحمن الرحیم

«سرمقاله»

با سلام بەخوانندگان عزیز

در شمارە قبل در ادامە بحث تعهد قلم بە یکی از ویژگیهای قلم متعهد تحت عنوان مسئولیت آفرینی پرداختیم .

اینک در ادامە بحث ویژ- گیهای مکمل "مسئولیت آفرینی" رانیز موردبحث قرار میدهیم باشد تا قلم بدستان جوان و

بڕوانەلاپەڕەی ٩٢

هێمن: ئومێدوارم ئەم سروەیە هەربژی وهەردڵان بووژێنێتەوە وهەرگوڵان بگەشێنێتەوە وهەردڵی کوردان خۆش بکا

رێبازی سروە

قازی
ئەحمەد

زستانی ساڵی ٦٣ی هەتاوی لە هەموو کوردستان بووبە دەنگۆ کە مامۆستا هێمن خەریکە گۆوارێکی کوردی دەربکا . ئەم هەواڵە زۆرزوو دەولاتگەڕا وسەرنجی خەڵکی کوردستانی راکێشا وهەموو چاوەڕوان بووین :

ئاخۆ بڵێی ئەوشاسوارە پیرە بتوانێ بەنێو ئەو هەموو کەندوکۆسپەدا رێ ببڕێ وڕێگایەک بۆوەڕێ خستنی کاروانی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی بکاتەوە ؟

بەهاری ٦٤یش مان بەو تامەزرۆیی یەوە دەست پێکرد سەرەنجام "سروە"ی هێمن لە سەرەتای هاویندا گەیشتە دەستمان وفێنکایی خستە دڵمانەوە .بڵاوبوونەوەی سروەشاعیرگوتەنی "تەنینەوەی وەکوو بۆنی گوڵاڵەئانی بوو"لەهەموو شار و گوندی ولات باس باسی "سروە" وهێمن بوو .

"سروە" هەر لە سەرەتای لەدایک بوونی را جوان و پوخت وپاراو بوو. هەر واژە و رستەیەکی نەخشی هێمنی پێوە دیاربوو .ناسک خەیاڵی شاعیرانە وشێوەی ساکاری پەخشان نووسینی هێمن وەک سەرچاوەی زوڵاڵی ئاوی کانیاوی کوێستان مێرگی سەرسەوزی "سروە"ی بە هەزار چەشنە جوانی رازاندبۆوە .

هێمنی بەئەزموونی دنیا دیتە چوارچێوەی کاری گۆواری "سروە"ی خستە بەستێنی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی یەوە **وڕێبازێکی وەهای گرتەبەر کە نە دوژمن توانی رەخنەی لێ بگرێ ونەدۆست توانی رێزی لێ نەگرێ .** شاعیری فەرزانەی (فرەزانی) کورد ئەوەی بۆروون ببۆوە کە هەر فەرهەنگە نامرێ .

تا ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا زۆرجار رۆژنامە وگۆوار وکتێبی کوردی بڵاو کراونەوە کە بە پێی خول و سووڕی زەمان لە خزمەت بیرو باوەڕی تایبەتی خۆیاندا بوون وهەرگیز تا ئێستا رۆژنامە یا گۆوارێکی کە راستەوخۆ خزمەتی فەرهەنگ وئەدەبی کورد بکا بڵاو نەبۆتەوە .هێمن بە بڵاوکردنەوەی "سروە" گەمارۆی پتەوی قەڵای فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی شکاند و هەوڵ ومەرجی بەهرەوەرگرتنی لەم گەنجینە بێ وێنەیە بۆ هەموومان پێک هێنا .باوەکوو ئەم پاڵەوانە بە ئەزموونە وەک ئاڕەشی کەواندار گیانی خۆی لەسەر ئەم کارە دانا ، بەڵام هەرێمی دەستەڵاتداری فەرهەنگی نەتەوەکەی فرەوان ترکردەوە وگەیشتە رێزی پیاوانی نەمری مێژوو .

فەرهەنگی کوردبە درێژا-

یی مێژوو ،بە تایبەتی لەم دوو سەدەی دواییدا کەوتە ژێر هێرشی بێ وچانی دوژمنانی مرۆڤایەتی و ئازادی .ئەم گەنجینە دەو- لەمەندە یا داگیردەکرا یا شاردرایەوە تائەو ئینسانەی کە کوردی پێدەڵێن تووشی پووکی وکلۆری وهەستی "خۆبەکەمزانین" بێ و لە ئاکامدا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی گیان ودەروون تێ بکۆشێ فەرهەنگی بێگانە ئەویش لایەنە پووچەڵەکانی لە مێشکی خۆی باخنێ و باوەڕی بەخۆی نەمێنێ .

ڕێبازی سروە بێ کەم و زیاد ،بێ پێهەڵگوتن ،بەربە- ندێکی پتەوە کە ڕێگا لە بێزلەخۆکردن و لەبەربێگانە پاڕانەوە وچاودەفەرهەنگی بێگانەبڕین دەگرێ و دەمانگێڕێتەوە سەرفەرهەنگ و ئەدەبی ڕەسەنی خۆمان . ڕووناک بیری کورد کاتێک لە سروەدا بەیتی "سوارۆ" و "سەیدەوان" و "کاکەمیرو کاکە شێخ" دەخوێنێتەوە ڕەنگە لەوباوەڕە دەست هەڵگرێ کە ترازدی "هاملێت" بەسۆزترین ڕووداوی دڵ سوتێنی ئەدەبی جیهانی بێ ووێنەی لە هیچ فەرهەنگ وئەدەبێکدا دەست نەکەوێ ا یا ئاگاداری لە ڕووداوی دمدم وبەسەرهاتی، خانی لەپ زێڕین ، ترازدی "قەیسەرو پۆمپە"ی لە بەرچاوی بخا وبێتەوەسەرخۆو بڵێ "گەلۆ! خۆ ئێمە ئەوە بووین ونەماندەزانی ! ".

"خۆبەکەمزانین" و "لەخۆ بێزاربوون" و "بێگانەبەزل زانین" نەخۆشی کۆمەڵایەتین کە زیاتر لەنێو کۆمەڵانی چەوساوەی گێتیدا پەرەدەگرێ ودەبێتە هۆی درێژە پەیدا کردنی دەسەڵاتداری داگیرکەر وژێردەستی و چەوسانەوەی خەڵکی زۆرلێکراو. یەکێک لە ڕێگا هەرە گرینگەکانی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی- یانە "گەڕانەوەسەرخۆ" یە و ئەوەش بەم ئاڵ و گۆڕە دەرونی یە دەگوترێ کە دەبێتە هۆی ڕاپەڕین و هۆشیاربوونەوە ودژی ناڕەوا ڕاوەستان " ڕێبازی سروە هەر لە سەرەتاوە ئەم ئاڵ و گۆڕەی لەنێو خوێنەران و کۆمەڵانی کوردستاندا پێک هێنا وسەرنجی لاوانی وڵاتی بۆدنیای بەرفرەوانی فەرهەنگ وئەدەبی کورد ڕاکێشا .

ئێستا تیراژی سروە خۆلە بیست هەزار دەدا کەزوربەی نووسراوەکانی لە لایەن خوێنەرانی بەڕێزەوە دەنێر- درێ.هەزاران نامە ونوسراوە وگوتار وبابەتی دیکەمان لەسەرانسەری کوردستان و وڵاتانی دەرەوە پێ دەگا . هەزاران دەستی پاڕانەوەو دوعا بەرەوئاسمانن کە ئەو کارە درێژەی بێ وتەگەرەی ، نەیەتە ڕێ .ئەم پێشوازی وهەڵوێستە گشتی یە ئەم ڕاستی یەمان بۆڕوون دەکا - تەوە کە "سروە" هەر لە هەوەڵ هەنگاوڕا بەرەوخەڵک ڕۆیشتووە و ئەرکی خزمەت بە فەرهەنگ وئەدەبی خەڵکی وەستۆگرتووە وکاتێک دیتوویەتی ئامێزی هەموانی بۆئاواڵەیە تێکۆشاوە هەنگاوی بەرەوخەڵک چوونی، بەرزتر باوێ .

پاش کۆچی دوایی مامۆستا هێمن ئێمە خۆمان ئامادەی تێکوشانێکی زۆرتر کردووە تا شوێنی بەرنەدەین و لە ڕێبازی لانەدەین . سوورین لەسەر ئەوە کەپلەی چلۆنا- یەتی بابەتە جۆراوجۆرەکانی گۆوار بەرزتر بکەینەوە . سروە دەبێ هەر وەک جاران تریبۆنی بیروڕای گشتی هەموو خەڵکی کوردستان بێ .

دیسان لەهەموخوێنەران ونووسەرانی خۆشەویستمان داوا دەکەین بە ناردنی نامە ونووسراوە وپێشنیار ورەخنە وچەشنە بابەتی دیکە یارمەتیمان بدەن تابتوانین بەسەر کەندو کۆسپی ڕێگادا زاڵ بین و "بەرەوئاسۆی ڕوون" هەنگاومان کرژتر بکەین . "خوا یاربێ "

وڕێنە

ح ڕەشیدی زەرزا

ساقیا جەرگم بڕا جەرگم بڕا
بێرە لام بەرگی هومێدم دادڕا

تۆ دەزانی بۆ پەنام هێناوە بۆت
کەس دەهانام نایە ساقی غەیری خۆت

کانی خوێن وخوێ،دووچاوی سوێر من
کاغەزم کێلگەن ،قەلەم ئاودێر من

من ئەلەو شوێنە شەوارم کردووە
لەو هەوارانە هەوارم کردووە

مل بە مورووی شێعری پاراوو جوان
ڕۆژگارێ بۆم دەهاتنە جێ ژوان

هاودەمی ڕۆژ و شەو ،کات وسەعات
دۆست وهاوڕێی سەرگوریشتەوکارەسات

ڕێژنەباران وهەتاوی بەربەیان
قاسپەیی کەو، شێعری "هێمن"ەی شوان

دۆڵ وکێوو کەژ هەموو پێوار من
شەو خوناوەی پەلگی گوڵ دلدار من

بولبولی خەمگین نەواخوانی منە
ئێش و برکی گەل هەموو ژانی منە

تەیری سەرسەختی کەژ و کێوم ئەمن
کۆتری تیژبالی نێو چێوم ئەمن

ئاشقی نالەی بە سۆی خاسەکەوم
ساتێ دەنگی وی نەبیسم ناسرەوم

من لە ڕۆژ بێزار وهاودەنگی شەوێم
بۆیە هەروا هەلوەدای ئێرەوئەوێم

لێڕەوارو جەنگەڵ وسەر هەرد نەما
زەردە و ماه وئەستەم وبن بەرد نەما

جێ نەما سەر لێ نەدەم رووی تێ نەکەم
تا ورینگەی تۆ هەلیگرت شوێنەکەم

من بە دووی ئەو دەنگەدا بەژنم لەری
خۆم تەکاندو دارێ بووم میوەم وەری

تۆبلێی وشک بێتەوە چاوی پرئاو
تۆ بلێی راست بێتەوە پشتی چەماو

ئەو چریکەی ئاسمانی تازە چوو
هاو زمانی بێ زمانی تازە چوو

ساقیا من نوقمی دەریای مەینەتم
زۆر گرانە باری داخ وحەسرەتم


من بەقەت ئەو کێوە دەردو ژانمە
ئێش وبرک و دەردو کوڵ میوانمە

لێلە ئاوی ڕوونی چاوەی کانی من
دوایی نایە دەردی بێ دەرمانی من

چۆن نەنالم ،چۆن نەکەم ئەو زامەهەست
من هەوێنی گشت ئەوینم دا لەدەست

ئێستە گشت بەرپاڵ و زەنوێر وزەمەند
لێڕو ،دۆڵ و ،زێ وگۆمی قووڵ و مەند

زەردو هەڵدێرو تەلان و لێڕەوار
چادروچیغ و ،شەوێن وجێ هەوار



چۆڵە بێ تۆ وەک هەواری خاڵی یە
"حاجی" خەمبار "نالی" ناڵەناڵی یە

هەرچی فرمێسک بوو هەر بۆتۆ رژا
هێندە گریام نووری چاوم رۆ رژا

چاوی من ئیتر هەتەر ناکا لە رێ
کوا؟ لەکوێی؟ تاپێم نیشاندەی راستەرێ

بێ هەدادانم شەوورۆژ بۆمەبەست
هەورو هێڵ هات رۆژی روونی داملەدەست

ئەوکەسەی سەختی لەبەر ئەستەم نەبوو
داوەڵی مەرگی بەلاوە خەم نەبوو

ئەو جیهانە بەرفرەی پێ تەنگە ئەو
چون بەبێ "هێمن" بەبێ ئاودەنگە ئەو

کۆچی ئەو هێڵی سنوورانی پەڕاند
چاوی کاڵیشی لەخەودا راپەڕاند

مل بە کوێنن گوڵشەن و گوڵزارەکان
پاکی رەش پۆشن هەموو دڵدارەکان

بەرگی سەوزی دارنی داری بەری
گوڵ فرێداوە لەسەر تاجی سەری

تازە شەوبۆ بۆنی جارانی نەما
تازە سەوزە رەنگی بارانی نەما

تازە ئاونگ شینکە ناکا ،جوان و تەڕ
گوڵ خوناوەی تازە نابارێ لەسەر

تازە شەوداوەت لە هیچ کوێ ناگەڕێ
پیاوی چابە ئەو هەڵەش بۆن داگەڕێ

گەر ورینگەی مەل بچێ بۆ ئاسمان
کەڕ بکا گوێچکەی زەوی تاکەهکەشان

گەر لە دۆڵێشدا بەکۆ دەنگ داتەوە
دەنگی هیچ مەل دەنگی تۆ ناداتەوە

دەستی من داوێنی تۆ هەست و خەیاڵ
دەربڕە سۆزو فغان و ناڵە ناڵ

بێرە هانام وبەرەو بەرزیم بەرە
بەڵکوو بەرزی دیاری‌دا ئەو گەوهەرە

بەرزەفڕ بۆ سەر سەرینچاوەی ئەوین
هەڵفڕین وهەڵفڕین وهەڵفڕین

وابە کڕنۆش روو بەرووگەی کێلی ئەو
هەڵدڕین جەرگی رمووزنەی چەوتی شەو

سەر لەنوێ پەیمانمان نوێ کەینەوە
وەک فریزوو سەر لەبن هەڵدێنەوە

بەڵکوو تیشکی خۆر لە ئاسۆ بێتەدەر
ئەو جیهانە بەرفرەی بگرێتە بەر

تاوەکوو دەتوێمەوە ناڵێم بەسە
با نەڵێن "هێمن" هەژارو بێکەسە

شێوه و ڕێبازه جۆربه‌جۆره‌كانی ئه‌ده‌ب ، داهێنانی یه‌ك یا چه‌ند كه‌سێكی شاره‌زا و لێزان نین كه په‌یدا بوونی فلانه ڕێباز به بلاوكراوه‌یه‌ك راگه‌یه‌نن و ڕێ و شوێن و ئوسووله‌كانی له گوێی خه‌ڵكی خستن ، شێوه و ڕێبازی ئه‌ده‌بی هه‌میشه ، به شێوه‌یه‌كی

ـ بوونی قوتابخانه‌كانی دیكه‌هاتووه‌ته‌كایه‌وه دیاره له كاتێكدا قوتابخانه‌ی كلاسیزم به یه‌كه‌مین قوتابخانه‌ی ئه‌ده‌بی داده‌نرێ مانای ئه‌وه نیه كه پێش كلاسیزم هیچ شێوه و ڕێبازێكی ئه‌ده‌بی نه‌بوه ، به‌ڵكوو هه‌روه‌ك له سه‌ره‌تادا گوتمان شێوه و ڕێبازی ئه‌ده‌بی هه‌میشه به شێوه‌یه‌كی شاردراوه یان ئاشكرا هه‌بوه ، به‌ڵام پێش‌په‌یدابوونی كلاسیزم هیچ

باسی ئه‌ده‌بی

دارا.م

شاردراوه یان ئاشكرا بووه ،په‌یدابوون و گه‌شه‌كردنی هه‌ر ڕێبازێكی ئه‌ده‌بی په‌یوه‌ندی به كات و شوێن (زه‌مان و مه‌كان)ێكی تایبه‌تی‌یه‌وه هه‌یه و چه‌ندان هۆی ئابووری و كۆمه‌ڵایه‌تی ده‌بنه هۆی زاڵ بوون و گه‌شه‌كردنی ڕێبازێكی ئه‌ده‌بی دیاری كراو به‌سه‌ر ئه‌وانی دیكه‌دا .

ئه‌گه‌ر بمانه‌وێ له ڕێبازی نوێی شێعر و ئه‌و قوناغه‌ی ئه‌ورۆ شێعری كوردی پێدا تێده‌په‌ڕی بدوێین ، باشتر وایه ئاورێكیش بۆ دوایێ بده‌ینه‌وه و شتێك له‌باره‌ی (قوتابخانه سه‌ره‌كی‌یه‌كانی ئه‌ده‌ب)ه‌وه بدوێین كه ئه‌مانه‌ن :

١ ـ قوتابخانه‌ی كلاسیزم :

وشه‌ی كلاسێك ، به مانای فراوانی خۆی ، به‌ته‌واوی ئه‌و به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بی‌یانه ده‌گوترێ كه مایه‌ی شانازی ئه‌ده‌بیاتی میللی گه‌لێكن . بۆ نموونه ده‌توانین ئه‌و به‌رهه‌مه زیندووانه‌ی شاعیره مه‌زنه‌كانمان بۆیان به‌جێ هێشتووین به كلاسیكی ئه‌ده‌بیاتی كوردی دابنێین، به‌ڵام كاتێك باس دێته‌سه‌ر قوتابخانه ئه‌ده‌بی‌یه‌كان به‌و قوتابخانه‌یه ده‌گوترێ كه به‌ر له په‌یدا

كام له‌و ڕێبازانه مایه‌ی په‌سه‌ندی خاس و عام نه‌بوون تا بتوانن بالا به‌سه‌ر ڕێبازه‌كانی دیكه‌دا بكێشن و به‌رهه‌می ئه‌ده‌بی سه‌رده‌مێكی دیاری كراو له خۆیاندا كۆ بكه‌نه‌وه .به‌ڵام كلاسیزم و ئه‌و قوتابخانانه‌ی دوای وی كه هه‌ر له‌م نووسینه‌دا ئیشاره‌یه‌كی كورتیان بۆ ده‌كه‌ین هه‌ر یه‌كه‌یان ده‌وره‌یه‌ك له مێژووی ئه‌ده‌بیاتدا پێك دێنن .

ماوه‌ته‌وه شوێن و كاتی په‌یدا بوونی قوتابخانه‌ی كلاسیزم بزانین : ناو و ئوسوول و ته‌فسیره‌كانی كلاسیزم یه‌كه‌مین جار له سه‌رده‌می پازده تا حه‌قده‌هه‌می ده‌هه‌می میلادی له ئه‌ورووپا سه‌ری هه‌ڵدا.به‌ڵام شاعێری كورد له‌و سه‌رده‌مه‌دا كه ڕۆژنامه و رادیۆ و هات‌وچۆ نه‌بووه ، بێ ئاگابووه له وه‌زع و حاڵی ئه‌ده‌بی ئورووپایی و له‌ناو چوار دیواری مزگه‌وت و حوجره‌كه‌ی دا نه‌زانیوه‌تی كلاسێك چی‌یه و نه ئوسوول و ڕێ و شوێنه‌ـ كانیشی به شێوه‌یه‌كی دیاری كراو زانیوه، به‌ڵام ئه‌و قسه‌یه‌ش‌ئه‌وه ناگه‌یه‌نێ كه شاعێری كورد هه‌روا ره‌مه‌كی شێعری گرتووه و كه‌س ئاگای له‌كه‌س نه‌بووه ، به‌ڵكوو عامیلی(كات

و شوێن) و باری ئابووری و کومەڵایەتی ئەو سەردەمەتی وولاتی ئێمەش چەند ئوسوول و ڕێ و شوێنی لەناو سەبکێکی دیاری کراودا کو کردەوە کە دەبایە شاعێری کورد پەیڕەویان لێ بکا و هەر ئەو سەبکەشە کە پاشان بە قوتابخانەی کلاسیزمی شێعری کوردی دانرا کە گرنگ ترین ئوسوول و ڕێ و شوێنەکانی ئەمانەن :

١ ـ پەیرەوی شاعێرانی پێشوو : شاعێری کلاسێک باوەڕی وایە ئەو شێعرانەی پێش خۆی گوتراون بە سەبکێکی شایستە نووسراون ،بۆیە زیندوو ماونەوە جێگای ڕێز و ستایشن ، جا کەسێک کە بیەوێ بەرهەمەکەی ویش زیندوو بمێنێتەوە دەبێ ڕێ و شوێنی وان بگرێتە بەر کاتێک کە شێعری شاعێرە کۆنەکانمان دەخوێنینەوە دەبینین مەلای جەزیری چۆن عاشق دەبێ نالی و سالمیش هەر بەو جۆرە،یان دەبینین مەولەوی مەزن بەو هەموو خەیاڵ نازکیەی خۆیەوە شێعرەکانی بە ئاوی هەست و سۆزی بێسارانی و خالۆی کۆماسی ئاو دەدا و هەر وەک بۆ خۆی دەڵێ :

بێسارانیەن نە تۆی فەردی من
خەم چەنی خەمان زومە بۆ ساکن

و یا دەڵێ :

بولندکەر مەقام دلسۆزی ڕاسی
نەزیلەش بۆ فەرد خالۆی کۆماسی

بەڵام پێویستە لێرەدا بڵێین کە ئەو کارە بەلاسایی کردنەوە و چاولێ کردنی کوێرانە دانانرێ ، بەڵکوو هەر شاعێرەفەرزی تایبەتی خۆی هەیە و دەتوانێ شتی تازەتر بێنێتە کایەوە ، یەکێک لە زانا کلاسیکیەکان دەڵێ : " هەموو شتێک گوتراوە بەڵام هیچ شتێک بە تەواوی دەرک نەکراوە" بۆیە دەڵێ ڕاستیەکان هەمیشە دووبارە بکرێنەوە .

٢ ـ ئیلهام وەرگرتن لە سروشت : سروشت سەرچاوەیەکی گرنگی ئیلهامی شێعرە و نەک تەنیا پەیرەوانی قوتابخانەی کلاسیزم ،بەڵکوو



پەیڕەوانی تەواوی قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبیەکانی دیکەش هەریەک بە جورێک لەسەر ئەو باوەڕەن . بەڵام لە کلاسیزمدا ڕوانین بۆ سروشت وەک دووربینی عەکاسی نیە هەرچی بێتە پێش چاوی شاعێر دەقاودەق وێنەکەی بکێشێ بەڵکوو لەنێو وێنە جەنجاڵەکانی سروشتدا هەر شتێک پیس و ناشیرین بێ وەلای دەنێ و جەوهەری هەر شتێکیش جوان و ڕازاوە بێ هەڵی دەبژێرێ .

٣ ـ بەکارهێنانی عەقل : لە ئەدەبی کلاسیکدا عەقڵ بریتیە لەهەر شتێک کە پێچەوانەی وەهم و خەیاڵ بێ ،کلاسیکیەکان دەڵێن دەبێ عەقڵ بەسەر هەست و نەستی ئینساندا زاڵ بێ چونکە عەقل گەورەترین نیشانەیە کە ئینسان لە ئاژەڵ جوێ دەکاتەوە. بەرهەمێک کە عەقڵی تێدا بەکار هاتبێ ئەوەیە کە ئەندیشەی ئینسانی بخاتە سەر ڕێ ـ ڕەوی ڕاستی خۆی و سنوورێکی تایبەتی بۆ دابنێ .

٤ ـ ڕووخساری جوان ولایەنی ئەخلاقی : بە بڕوای پەیرەوانی کلاسیزم جوانی و ڕازاوەیی بۆ شێعر زۆر پێویستە ،دروست کردنی ئیستیعارە و جناس و بەلاغە وپەیداکردنی مەعنای وورد و ڕێک خستنی ووشە و دێڕە شێعرەکان بەدیقەت و بەکارهێنانی قافیەی قورس نرخی هەر شێعرێکی کلاسیکی زیاتر دەکەن ، لەم ڕووەوە نالی پیری شاعێرانی کوردە و تائێستا کەس نەیتوانیوە شان لە شانی بدا ،بەڵام بۆ تەواوکردنی هەر بەرهەمێکی ئەدەبی ئەوەندە بەس نیە ،بەڵکوو لە هەمان کاتدا دەبێ فێرکەر و خاوەن

ئەنجامێکی ئەخلاقی بێ ، بە گشتی پەیرەوانی کلاسیزم پێیان وایە کە هەر شێعرێک یان هەر **دێڕێک** لەژێر رووخساری جوانی خۆیدا دەبێ لایەنێکی ئەخلاقیش هەبێ کە دەلیلی نووسینی ئەو شێعرە یان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دیکە نیشان بدا .

ئەمانە چەند ئەسڵ و قاعیدەی دیکەش بناغەی قوتابخانەی کلاسیزمن و شاعیری کلاسیزمن و شاعیری کلاسیک دەبێ پەیرەوییان لێ بکات و خۆی پێیانەوە ببەستێتەوە و ئەو شاعیرەی باشتر توانیبێتی ئەم رێ و شوێنانە لەبەر چاو بگرێ بەرهەمی جوانتری هێناوەتە کایەوە .

۲ ـ قوتابخانەی رومانتیزم :

سەرەتای سەدەی نوزدەهەم دەست پێکردنێکی نوێ بوو لە ئەدەبیاتی جیهاندا کەتائەوروش رەگ وریشەی هەرماوەتەوە .لەو سەدەیەدا ئالۆگۆڕێکی زۆر لەروری سیاسی و ئابووری و کومەلایەتی‌یەوە بەسەر جیهاندا هات کە ئەو ئاڵ و گۆڕانە لە ئەدەبەکەشدا رەنگیان دایەوە و قوتابخانەیەکی نوێ بەنێوی رومانتیزم ، هاتە کایەوە کە بە واتای (خەیالاوی) یان (ئەفسانەیی) یان(شاعیرانە) بەکار دەهات .شایانی باسە ئەم قوتابخانەش هەروەک کلاسیزم یەکەم جار لە ئورووپاوە پەیدا بووە ، و سەرەتاکانی ئەم سەدەیە لەنێو ئەدەبی کوردیشدا سەری هەڵدا .ئەگەر بمانەوێ ئوسوول و رێ و شوێنەکانی ئەم قوتابخانەیە بزانین ، بێ گومان تووشی زەحمەتێکی زۆر دەبین ، چونکە رومانتیزم بە پێچەوانەی کلاسیزمەوە قوتابخانەیەکی یەکجار جەنجاڵ و تێکەڵ پێکەڵە و لەکاتێکدا کە کلاسیزم رێ و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە و هەموو پەیرەو ـ کەرانی جێ بەجێی دەکەن،لە رومانتیزمدا رێ و شوێنێکی دیاری کراو بەدی ناکرێ و هەر شاعیرە رێ و شوێنێکی تایبەتی خۆی لە چوارچێوەی ئەم قوتابخانەیەدا هەیە ، جا بۆ ئەوەی بتوانین شتێک لەئوسوول وقاعیدەکانی ئەم قوتابخانە بگەین ، باشتر وایە بەم جورەی خوارەوە لەگەڵ کلاسیزمدا بەراوردی بکەین :

۱ ـ کلاسیکەکان عەقل بە بناغەی شێعر دەزانن .بەلام رومانتیکەکان زیاتر خەیاڵ و هەست و نەستی شاعیرانە بەو بناغەیەدەزانن.

۲ ـ کلاسیکەکان دەیانەوێ تەنها لە جوانی و باشی بدوێن .بەلام رومانتیکەکان هەوڵ دەدەن سەرەڕای جوانی،ناشیرینی و شتە خراپەکانیش نیشان بدەن .

۳ ـ کلاسیکەکان ئیلهام لە شاعیرەکانی پێش خۆیانەوە وەردەگرن .بەلام رومانتیکەکان لە فۆلکلۆری میللی و ئەدەبیاتی هاوچەرخی وولاتەکانی دیکەوە .....

۴ ـ رومانتیکەکان لەجیاتی بەکارهێنانی کێشی (عەروز)ی عەرەبی و یەک جور قافیە لە شێعریکدا ، گەرانەوە سەرکێشی(برگەیی)



کوردی و شێعری چەند قافیەیی.ئەمە سەرەرای بەکارهێنانی ووشەی رەوان و سادە وەک لەم شێعرەی پیرەمێردا دەردەکەوێ .

ئاوە جوانەکەی سەر چاوەکەی زەڵم
بۆ گەلاڕێز: نی سەر بە تەم و هەڵم
ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی
سەرووەتت نیە وێڵی هەردانی


تـاڤگـه‌کـه‌ت سـه‌ربـه‌رز، سارد،وه‌ک تـه‌رزه
دانـه‌ی مـرواری ، لـه‌نجـه‌ی سـه‌د تـه‌رزه
لـه‌و ئـاسمـانـه‌وه ئـه‌ڕژێتـه خـوارێ
لـه چـاوی گـه‌ردوون فرمێسک ئـه‌بـارێ
وێنـه‌ی عاشقی کـه نـالـه‌کـار بـێ
سـه‌حرانـه‌وه‌رد بێ بـه‌یجوری یـار بێ

به گشتی به‌رنامه‌ی رومانتیکه‌کان به‌رنامه‌ی تێکوشان بۆئازادی یه‌و به بڕوای وان ئه‌وده‌ستوور و رێ و شوێنانه‌ی له شێعر و ئه‌ده‌بیاتدان رێ گری ئازادی بیروده‌ربرینن. بۆیه رومانتیکه‌کان ده‌ستوورو رێ و شوێنه‌کانی قوتابخانه‌ی کلاسیزمیان وه‌لا نا.

ئه‌ده‌بیاتی رومانتیک به ئازادی ده‌توانێ له‌هه‌ر گوشه‌یه‌کی ژیان، چ جوان چ ناشیرین، چ به‌رز و مه‌زن چ نابووت وبچووک بدوێ و ده‌توانێ له‌هه‌ر ده‌وره‌یه‌کی مێژوویی و له هه‌ر جۆره دیمه‌نێکی دنیا سوود وه‌رگرێ. خو ئه‌گه‌ر شاعێر به‌هۆی فشاری کومه‌ڵ و یاساکانی ئه‌خلاقی و داب و نه‌ریتی دواکه‌وتوانه‌ی کومه‌ڵه‌وه رێگای پێشکه‌وتنی لێ بگیرێ، ده‌توانێ له‌و یاسایانه یاخیی و حوکمی خۆی بدات، که ئه‌وجۆره یاخی بوونانه له‌نێو شێعره‌کانی بێکه‌سدا زۆر ئاشکرا خۆیان ده‌نوێنن.

رۆمانتیزم پێی وایه که ته‌نیا خه‌یاڵی به‌رزونازکی شاعیر،خه‌یاڵێک که سه‌ر به هیچ یاسا وده‌ستوورێک نه‌بێ ده‌توانێ قانوونی پیشکه‌وتنی کومه‌ڵ و ژیان دیاری بکا .

هه‌روا رومانتیکه‌کانیش وه‌ک کلاسیکه‌کان شه‌یدای ژیانی دێنشین و سروشت و شاخ وکێون به‌ڵام شاعێری رومانتیک به‌و شێوه‌یه له‌سروشت ده‌دوێ که ئاره‌زووی ده‌کا نه‌ک به‌وجۆره‌ی که هه‌یه.کاتێک که شایی به ئه‌وینه‌که‌یه‌تی یان دلّی شاده، گوڵ و چه‌م و نزار و خوڕ و مانگ و ئه‌ستیره‌کانیش له‌گه‌ڵ وی ده‌که‌ونه عیشق و سه‌ما. به‌ڵام کاتێک دلّی ته‌نگ ده‌بێ جیهانیش له‌گه‌ڵ وی دا ره‌ونه‌ق و جوانی نامێنێ و ته‌نگ ده‌بێته‌وه.



شایانی باسه رومانتیزم له‌سه‌ر ده‌ستی پێره‌مێرد و بێکه‌س و قانیع و گۆرانی و چه‌ندانی دیکه هاته نێو شێعری کوردی‌یه‌وه. به‌ڵام پێویسته بڵێین که هیچ کام له‌و شاعێرانه سه‌بکی دیاری کراوی خۆیان رۆمانتیزم نه‌بوو، به‌ڵکوو ئه‌و رێبازه‌ی ئه‌وان له سه‌ری ده‌رویشتن تێکه‌ڵ له کلاسیزم و رومانتیزم و ته‌نانه‌ت سه‌ره‌تای ریالیزمیشی پێوه دیار بوو،به‌تایبه‌تی گۆران که پاشان بوو به پێشه‌وای قوتابخانه‌ی ریالیزم له شێعری کوردیدا،که ئێستا دێینه سه‌ر باسی ئه‌م قوتابخانه‌یه‌ش.

٣ ـ قوتابخانه‌ی ریالیزم :

رۆمانتیزم له‌سه‌ریکه‌وه به هه‌مان رێدا ده‌ڕۆیی که له داهاتوودا ریالیزم ده‌بایه به توندوتۆڵی پێیدا بڕوا.واتا له‌جیاتی باسی جیهانیکی روون که شێوه و ره‌نگه‌کانی له‌پشت په‌رده‌یه‌ک که له چه‌ند رێ و شوێن و ئوسوولی ئه‌ده‌بی تێکه‌ڵ پێکه‌ڵ پێک هاتبێ، باسی دنیایه‌کی ده‌کرد که شێوه و ره‌نگی واقێعی خۆی پێوه دیار بوو، ئیلهامی له رابووردوویه‌کی مێژوویی یان‌له ده‌وره‌یه‌کی هاوچه‌رخ وه‌رده‌گرت، به‌ڵام بۆ گه‌یشتن به‌م ئامانجه دوو گیروگرفتی له‌به‌ر ده‌م بوو،

بڕوانه لاپه‌ڕه‌ی ٩۴

برایەتی

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای موزەفەری

حەزرەتی موحەممەد (د-خ)لە ماوەی پێغەمبەرایەتی خۆیدا ئاینێکیدا بە جەهانیان کە یەکێک لە بەرزترین وئاشکراترین دیاردەکانی پێک هێنانی بەرابەری و وەلاتانی جیاوازی لە نێو هەموو میللەت وگەل وچین ورەگەزەکان بوو .

ئەم سەروەرە وەختێک زهووری کرد کە تەعەسوبی کوێرو نەزانانەگەیبووە ئەوپەڕی خۆی وهەر گەلەی خۆی پێ گەورەتر بوو لەوانی ترخۆی هەڵدا وارد ورەگەزی خۆی پێ باشترین رەگەز بوو .

لەنێو عەرەبەکانیشدا هەر وابوو هەر ئێل وهۆزیک ،ئێل وهۆزی خۆی وەسەرەوە دەخست وجگە لە هۆزی خۆی لەگەل هیچ ئێلێکی تر خزمایەتی ونزیکایەتی نەدەکرد و تەنانەت هیندێک خۆیان بە خیزی سوورەوە بووی سەر ئاگر دەشوپاند کەکەس زاتی نیەلێ نزیک بێتەوە .



بەلاّم حەزرەتی موحەممەد (د- خ) بەزهووری خۆی ئەم ئاورە بەگرو بلّێسە یەی دامرکاند و فەرمایشی خوای یەکتای جێگر کرد :

یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی و جعلناکم شعوبا وقبایل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقیکم (١) .

"خەلّکینە ئێوەمان لەپیاووژنێک خولّقاندووە بە شێوەی گەل و هۆزوقەبیلەی جۆراوجۆر تا یەکتر بناسن .ئەلّبەت بەڕێزترینی ئێوە لە لای خودا بەتەقواترینی ئێوەیە " .


ئەمجار بناخەو بنەڕەتی بەڕێوەبردن و جێ بەجێ کردنی کاروباری موسلّمانان هەربوو بەمە کە تەعەسووبی گەل وهۆزان لەنێوبچێ وبایەخی نوێ جێگەی بگرێتەوە تا ئەم جێگایە کە "خوا یارمەتی داوخەلّک دەستە دەستە بوونە رێرەوی دینی خوداو خودای تەبارەک و تەعالا بەم شێوەیە بە پێغەمبەرو ئیماندارەکانی فەرموو:

هوالذی ایدک بنصره وبالمومنین والف بین قلوبهم لوانفقت ما فی الارض جمیعا "ماالفت بین قلوبهم ولکن الله الف بینهم انه عزیز حکیم .

ئەو کەسێکە بە نوسرەت ویارمەتی خۆی و ئیماندارەکان تۆی یاریدەدا وپەیوەندی لەنێو دلاّن هاویشت بە شێوەیەک کە ئەگەر هەرچی لەم دنیایەدا هەیە دابات نەتدەتوانی ئەم پەیوەندو خۆشەویستی یە بەرقەرار بکەی . بەلاّم خودا بۆخۆی خۆشەویستی وپەیوەندی لە دلّی نان .بەڕاستی ئەو بەڕێزو زانایە (٢) دیسان فەرمووی :

یا ایها الذین امنوا اتقوا الله حق تقاته ولاتموتن الا وانتم مسلمون واعتصموا بحبل الله جمیعا ولاتفرقوا واذکروا نعمه الله علیکم اذ کنتم اعداً "فالف بین قلوبکم فاصبحتم بنعمته اخوانا وکنتم علی شفا حفره من النار فانقذکم منها کذلک یبین الله لکم الایات لعلکم تهتدون .

ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە لە قەهروغەزەبی خودا خۆبپارێزن وهەقی تەقوا بەجێ بێنن وجگەلە ئیسلام بە هیچ شتێک دروود مەلّێن وشەموودەست بە تەنافی خودا بگرن وخۆی پێوە هەلاّوەسن وبلاّو مەبن ونیعمەتەکانی خودا وەبیر بێننەوە ،ئەو دەم کە دوژمنی یەکتر بوون وخودا دلّی ئێوەی لێک نیزیک کردەوە ولە سایەی ئەم نیعمەتەوە بوونە برا .ئێوە لەسەر لێوی کەندالّی پڕ لە ئاگردا بوون خودا ئێوەی رزگار کرد .خودا ئاوا ئایەتەکانی خۆی ئاشکرا دەکا تا بەلّکوو رێگەی راست بدۆزنەوەو هیدایەت بن .



چون خودا پێغەمبەری (د- خ) گرتە ژێر بالّی رەحمەتی خۆی ئەسحابەکانی ئەویش (علیهم رضوان ا ...) وەدوای کەوتن بەلاّم تووشی کەندوکوسپێکی زۆربوون وئەوە بوو بە هۆی دووبەرەکی لەنێو ئەواندا .بەلاّم ئەودووبەرەکی یە لە جەغزی حەق وخێرخوازی دەرنەدەچوو بەدوای ئەوەدا کە دەورەی هەوەلّی تەمەنی دەولّەتی ئیسلام بەسەرچوو زۆربرین لە لەشی ئەم ئۆمەتەکراو بە داخەوە دلّسۆزێک نەبوو بتوانێ دەرمانی بکا ،تەنانەت ئەدیبە ئورووپایی یەکان کەسانێک بوون کە یەک لە



دوای یەک چەرمیان بەسەر ئەم برینانەدا کێشا تا نەبیندرێن وکەس پێ یان نەزانێ .

ئاخری سیاسەتکاری خۆی کردوتەعەسوبی کوێر وەک سەردەمی پێشوو پەرەی گرتەوە و دووبەرەکی وناکۆکی پتربوو .موسڵمانان بوختانیان بەیەک کرد ودڕدۆنگی وناپەدڵی پەرەی گرتەوە وهەرکەسە بەرێگەیەکدا ڕۆیی ولە ئاکامدا ڕێگەی ڕاستیان لێ هەتڵە بوو.

لە لایەکی ترەوە دوژمنانی ئیسلام دەرفەتیان بۆهەڵکەوت ودەستیان لەعیلم و مێژوو ریوایەت وەرداو دەروی دڕدۆنگی یان بۆئاوەڵا کردنەوە وموسڵمانیان لەگیانی بەردان وبەم جۆرە خافڵاندیانن .

بەم خافڵاندنە سەریان لێ شێوا .هێزەکەیان لەکەمی دا سست بوونەوەوباوەڕو متمانەی خۆیان لەدەستدا وباوەڕ بە خۆڵە نێو دڵیان کۆچی کردولە ئاکامدا نەتەوەکەیان کوتکوت کرا وبە خەزا بەش بەش کرا وتاوێک بە ناوی ئیستعماروجارێک بەناوی حیمایەت وگاوێک بە ناوی نێوبژی وزەمانێک بەناوی سەودا .... و هەروەها بە زۆر ناوی تر کە دەیانتوانی زوڵمیان لە موسڵمانان کردوبەردێکیان لەسەر کردەوەی دژی ئینسانی وتەماحی خۆیان دانا .

ئەوە حاڵی موسڵمانی ئیمڕۆیە .هەڵبەت دەردی گەورە وەختێک دەستی پێکرد کەموسڵمانان پشتی یەکتریان بەردا و پەراکەندە بوون وئێستاش بە پێی ئایەتی "**کل حزب بما لدیهم فرحون**" .

هەر دەستەیەک بەوەی کە لە لایانە کەیف خۆشن " .

هیچ ڕێگایەک بۆچارەسەری ئەم زامە نیە بادانەوە نەبێ بوئەم سەروبەندە کە خودای ، میوی مەزن لە هەوەڵەوە بۆی داناون وئەوانی یەکدەستە کردووە هەڵبەت بێ ئەوە کە لە نێوان تایفەو ئێل وهۆزەکاندا دووبەرەکی و ناکۆکی بمێنێ ،بێ ئەوە کە شیعە سەبارەت بە سوننی وسوننی سەبارەت بە شیعە شتی باتڵی بە مێشکدا بێ ولە یەکدی دڕدۆنگ بن ومەتمانەیان بە یەک نەبێ .



فەرمایشەکانی قورئان وریوایەتەکان بە تەواوی بەڕێوە بەرن .

بەڵێ ئوسوولی ئیسلام یەکە .تێبەواوی موسڵمانان بەخودا و بەدوا ڕۆژ ومەلایکە و کتێبی ئاسمانی وپێغەمبەران (د خ)ئیمانیان هەیە وهەموو لەسەر ئەم بڕوایەن کە قورئان و پێ سپێراوی موحەممەد (د خ) هەقە وئەگەر ، ناکۆکی یەک پێک بێ دەبێ لە بەرقاپی خودا و پێغەمبەراندا بێتە گۆڕێ .


قـبیلـه ونویژ یەکه واته له ئەسا ســـــــــدا جیاوازی نیەو ئەسڵەکانیبنەڕەتی ئیسلام شتاق هۆی ناکۆکی نین .

.دەبێ دان بەوه دابنێین که موسڵمان کەم هێزن چون وەک تۆوی زەوی پرش وبڵاون،چون لـه بیروباوەڕ ورەسمی یەکتر ئاگادار نیـن ، کەسێک که شتێکی نەزانی لەگەڵی دەبێتــــــه دوژمن وئەگەر موسڵمانان لێک نزیک بووبانەوە پترلێک حاڵی دەبوون وئەم حاڵی بوونه دەبوو بەهۆی لەنێوچوونی دووبەرەکی یەکان . یــــا ئەوە کەبە پـێی ئەسڵه بنەڕەتی یه هاوبەشەـ کان رێزیان لێک گرتبا هەر وەک پـێشینیانمان کردوویانه به کوردی سیاسەتی دەولــــەت و میللەتەکان له جیهانی ئیمڕۆدا پەیوەنـدی بەیەکگرتوویی ویەکەتی وبرایەتی هەیه .

موسلمانان دەبێ دەست بدەنه دەستی یەکـدی وله مافی یەکتر پارێزگاری بکەن لەبچووکترـ ین دەرفەت ودەرەتان کەلک وەربگرن بــــــۆ پەیوەندی گرتن ولێک نزیک بوونەوە .

موسڵمانان دینیان یەکه .کتێبیان یەکه ، له ماوەی ژیان وتەنانەت دوای مردنیـــــــش. ئامانجێکیان هەیه وقانوون وزاکوونێک ئەوان بۆیەکەتی وبرایەتی وپاڵ وێک دان بانــــگ هێشتن دەکا . ئەم مەبەسته هەم بۆدینەکەیان باشه وهەم بۆ سیاسەتەکەیان .هەروەک بـار و دۆخی ئێستای دونیا ئەمەی سەلماندووه .

نابێ ناکۆکی ودووبەرەکایەتی له نێــــــو موسڵماناندا بمێنێ هەموو ئەوه بزانین کــــه موسڵمان بۆموسڵمان وەک کۆڵەکه وایه وهـــەر یەکه لایەکی رادەگرن هەر بۆیه خوافەرموویەـ تی **"واعتصموا بحبل اللەجمیعا "ولا تفرقوا "**



لەخوای میری مەزن دەپاڕێمەوه که هەمـــوو موسڵمانان لەوبلاوی یه رزگار بکاوئەوان بـۆ رێگەی چاکەوخێر لێک نزیک بکاتەوه وهەستـی تەقوا له هەمواندا بەدی بێنێ .جا ئـــــەو جار رەفتارو کردەوەی سەرداری مەزنی ئیسلام حەزرەتی موحەممەد (د ـ خ) ببێتە سەرمەشقـی ژیانی هەموو موسڵمانان .

ئامین یاربالعالمین .

(١) ـ سوورەی حەجەرات ئایەی ١٣

(٢) ـ سوورەی ئەنفال ئایەی ٦٢

(٣) ـ سوورەی ئالی عیمران ئایەی ١٠١ ـ ١٠٢

رەخنە و پێشنیار لە سەر باس و لێکۆڵینەوە ئەدەبی یەکان

پێشەکی یەک بۆ ئەم زنجیرە باسە

ئەوەی لێرە دەیبینن رەخنە و پێشنیاری ماموستایانی خاوەن ڕا و هەموو خوێنەرە بەرێزەکانی سروە لەسەر باسە زانستی‌یەکانی ئەدەبی کوردی‌یە. خوا یار بێ لەم جێگای گۆوارەکەماندا جار لەگەڵ جار نەزەر و رەخنە و پێشنیاری هەموو خوێنەرانی سروە رادەگەیەنین و دەیانخەینە بەرچاوی خوێنەران. بەڵام پێویستی بە روون کردنەوەیە کە دەقی نووسراوەکان بەبێ هیچ جۆرە دەست تێ وەردان و تەنانەت بەبێ راستکردنەوەی هەڵە ئاسایی‌یەکان (وەک دانانی نیشانەی "ˇ" و "ـ" و "ˇ" و هەڵەی ئیملایی و...) چاپ دەکەین، کەوابێ تکا دەکەین کە رەخنەمان بۆ دەنێرن خۆتان چاوێکی دیکەی پێدا بخشێننەوە و بەبێ هەڵە بۆمانی بنێرن، هەروەها ئەوەش دەبێ بڵێین لەگەڵ رێزدانان بۆ نەزەر و رەخنە و پێشنیاری خوێنەرانی خۆشەویستمان، هەروەک پێشتر رامانگەیاندووە بۆ ئەوەی لەو نەزمەی لەو نەزمەی گرتوومانە بەر، لانەدەین هەرچەند بەشێکی زۆر لەو پێشنیارانەشمان قەبووڵ بێ هەتا پەسند کردنی رێبازێکی دیاری کراو لە لایەن کۆڕ و کۆنگرەیەکی ئەدەبی یەوە، لەبەر چاویان ناگرین و تەنیا بۆ ئاگادار بوونی خوێنەرانی دیکە بڵاویان دەکەینەوە.

هیوادارین لە داهاتوودا تێکرای ئەم باسانە و رەخنەی خوێنەران بە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاو بکەینەوە و دەمەتەقەیەکی ئەدەبی بکێشینە نێو کۆمەڵ و مەیدان بۆ پێک هێنانی کۆنگرەی ئەدەبی ئامادە بکەین، لەو کۆنگرەدایە کە گیر و گرفتەکانی ئێستای زمانی کوردی چارەسەر دەکرێ. انشاء الله

مهاباد : ماموستا حاجی مەلارەشیدی قەرەنی زادە

شیوەی نووسینی خەتی کوردی بەتایبەت لەبارەی "**الف**" و "**واو**" و "**یی**" و "**ر**" و "**ل**"

پیتەکانی هەر زمانیک خاوەنی دو بەشە، یان دەنگی خالیسن وەک :

"ا" و "و" و "ی" یان حروفیکـــــن بەیارمەتی "بزوت"، "بزوین"، "حەرەکە" تەلەفوزیان پی دەکری و دەنگ لەوان بلند دەبی .

زمانی کوردیش لەو یاسایە بەدەر نیە. حروفی دەنگ "صدا" کە بریتن لە "ا"، "و" "ی" هەر یک حوکم و تایبەتیکیان هەیە، مـن لیرە بەکورتی دەینووسم : **یاسای تیکرایی** بو تەلەفوز بە "ا" و "و" و "ی" ئەوەیە کە "ا" خوازەری سەردان پیتی خویەتی وەک : کار یار، زار و ...

"**و**": خوازەری ژیوی پیتی پیش خویەتی وەک : گیو، گیوکە، زیوەک، دیوەگ و چیووک و ...

یانی لەهیچ زمانیکدا تو ناتوانی تەلەفوز بە "**الف**" و "**واو**" و "**یا**" بکەی بی ئەوەی سەر نەدەی بە حرفی پیش "ا" و "**بور**"، ئەوەی بە حرفی پیش "**و**" و ژیو : نەدەی بە حرفی پیش "**ی**".

باسایکی تر : دەنگی "بور" دان بە پیتی "**و**" و ژیو، دان بە پیتی و بو "**ی**" وەک : دیوەک، زیوەک، قیر، و... کاری بنەرەتی وانە یانی پیویست ناکا نیشانەیان لەسەردا بنین تا دەرنجەین ئەو دەنگانە بگەینن .

بەلام کاتێک "**و**" و"**ی**" لەحالەتی دەنگ "صدا" دینە دەر چون لە یاسای بنەرەتی خویان دەردەچن پیویستە بە گویرەی دەنگیکی لییان هەلدەستی نیشانەیان بو دابنین .بو نمونە وەک واژەی " خوار"،"بور" " جەور، کە ناچارین لەسەر واویی " خوار" "بور" عەلامەتی " " دابنیین تا نیشان بدەین دەنگی " **و** " لەوانەدا و لە وینەی واندا سەدایکی کللورە (نەتەو) و پورە. نە تەوار، سەر بەلکو دەنگیکی هولولە وەک سەدای " **و** " لە " کور"، " چور" و شیر و زیر و...دا. و بو "ی"یش دەنگیکی هیر لە لە بەیتی "**یا**" و "**الف**" دا کە بە عەرەبی پیدەلین "ئیمالە" دەبیسین .

لە حالەتی دارا بوونی سکونی "**واو**" و "یا"دا کە هیچ بزوتیکیان (— — —) نیە. بە ئیستیلاحی عەرەبی سکونیان هەیە وەک: " جەور" ،"کەو"،"خەو" و... و بو "ی" وەک: "سەیر"،"حەی" ،"خەی" و ....

پیویستە عەلامەتی " ـ " سکون کە بە کوری پیی دەلین " زەنە" لەسەر " **واو** " و "**بی**" بنووسری.وەختیک لە ناوەندی واژەدا قەرار دەگرن.زور جاران "و"و " ی" زەنەدار دەکەونە دوایی واژە ،وەک: " خیو ، "شیو،"چیو"، و ..... یانی وەک : "بی،"چی" "شیی"،رەنگە پیویست بە دانانی نیشانەی بزوت نەبن.

رەنگە هیچ کات واژیکمان نەبی لە سەرەتای کەلیمەدا " **ی** " بیو خاوەن " بور" مەسەلەن بیژێ " یورک" چونکە لەسەر زمان گران ئەدا دەکری .

پیشینانی ئیمە (مام وەستا و فقیکانی حوجرەی ئاینی) پاریزگارانی فەرهەنگ و دینی و رەوشت و ئادابی نەتەوەکەمان،هەر لە کونەوە، دە بەرانبەر حەرەکەی زمانی عەرەبیدا (— — — — — — — — —)عەلامەتی سەرەتایان دەگەل شکلی حەوتەم ـ پەسند کردوە و لە زمان و خەتی کوردیدا دەکاریان گرتوە کاریکی بەجیشە .

لەجیگای ـ کە نوینەری دو حرفی هاوجیسنە و تیکدا دەغم کراون،هەر دووک پیتەکان دەنووسن وەک : " بررەک"،دەیگرن و چون لە کوردیدا تەنوین(ـ ـ ـ) نیە کاریان پی نەداوە و لەجیگای (ـ ـ ـ) لەپیتی دەنگ "و" ،"ی" و "ا" کەلکیان وەرگرتوە، من پیموایە بەناوی ریز لە بیر و باوەری زانا رابردووکانمان ئەو شیوەیە قبول بکەین ە حالەتی دانی " بزوت" بە پیتەکان ، پیدەلین (حینجە).

هەر وەک دەزانین ، لەکونەوە بەسی لەهجەی "**کرمانجی**"و " **سورانی**" و " **هەوامی**" پیلدە زانا و هونەرمەندەکانمان وەک : **ئەحمەدی خانی و مەلا خضرنالی و خانای قوبادی و مەولەوی سید عبدالرحیم و حاجی قادر نەمر و جەنابی ملای کویە** کتیب و شیعریان کوتوە و بناغەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردیان دارشتوە .

بەلام چارە ئەوەیە: پاشەوەی لەهجەی سورانی بە حوکمی ئەوە لە ناوەندی کوردستاندا قەراری گرتوە و دوی هەم خوش ئاهەنگترە و سادەتر و شایەد زانستیتریش بی بە پایە بناغەی زمانی ئەدەبی کورد، پەسند بکری، بەلام پیویستە لە هەموو لەهجەکانیتر واژەهایکی کە خوش ئاهەنگ و رەوان و دل گیرن و یان وارەهایکی ئەوتون کەلە فەرهەنگی(سورانی) دا نیمانە و ئەوان هەیانە خوراکی بدەینی.تا هەم پەرەمان بە فەرهەنگی کوردی دابی هەم قەدر و قیمەتی لەهجەکانی ترمان پاراستبی .



وەرە کە وەک پایزێ زەردە رەنگم
دەناڵێنم بەڵام ناتگاتێ دەنگم
وەرە سەیرێ ، سەرێ هەڵ بێنە تاوێ
وەرە لەوناوە سیلە چاوێ باوێ
ئەو دەمەی وا دەمرن بزە لەسەر لێو
کاتێک کەس نایەوێ خشڵی زێڕو زێو
ئەو دەمەی واتێک دەشکێن بازنە و خرخاڵ
کاتێک بێ کل دەمێننەوە چاوی کاڵ
ئەو دەمەوی وا دەکرێنەوە کوڵوانە
ئەو کاتەی وا فڕێ دەدرێن لەرزانە
ئەو دەمەی دەستی داوەتێ بەردەدرێن
کاتێ یەخەو بەرۆک لە کوڕان دادەخرێن
ئەو دەمەی وا خەم لەخەیاڵ دەهاڵێ
خەیاڵ لەدەس خەمێ دەگری وچ ناڵێ
ئە دەمەی کوڕ ئەژنۆ دەگرن لە باوەش
کیژان لەسەر دەهاڵێنن دەسرەی رەش
ئەو دەمەی وا لە خەم دەدرێن سۆرانی
"ناڵەی جودایی" دەگرێ جێی گۆرانی
ئەو دەمەی وادەنگی نایە هەیاسە
هەیاسە و سینە هەڵ دەگرێ هەناسە
ئەو دەمەی وا جێژوان کرو بێدەنگە
ئەو کاتەی وا دڵی کیژ و کوڕ تەنگە
ئەو دەمەی وا سەرشین دەکەن کەزی شۆڕ
ئەو دەم کە دەبنە کوێن کەتان چین و تۆڕ
ئەو دەمەی والاو بەردەدەن گوێ سوانان
کابان بەمەشکەی هەڵ ناڵێ بەیانان
ئەو دەمەی شوان دەست دەبزێوێ لە بلوێر
تێکەڵ دەبێ دەنگی لەگەڵ ئاو هەڵدێر
ئەودەم کە پیرە شوان پەیام دەنێرێ
بێری بەرێ دەکا وەڵامی خێرێ
ئەو دەمەی وا پشوو نایە لە لایە
ئەو کاتەی وا بەهاردێ سروە نایە
ئەودەم "شاری مەهاباد" لە تەمێ دا
نەک مەهاباد موکریان لەخەمێ دا
ئەودەم هێدی لەتاسەی تۆدا دەمرێ
من راست ئەودەم ژانی شیعر دەمگرێ
بەیادی تۆوە دەیکەمە وڕێنە

لێک دەهاڵێم وەک ماری سەر خەزێنە
من ماتی تۆم دەڵێن خەوی گرانە
بەرۆژ سرم جینگڵ دەدەم شەوانە
بۆ وەی ئەورۆ بزانم بۆ تۆ بدوێم
دەرکا و دەرک هێمن لە دوای شتی نوێم
هەرگوشەیەک سەد جاری لێ دەنۆڕم
وشە هەیە ، سەدباری لێ دەگۆڕم
وەک راوچی دەستی دەست رێژێ دەبزێوم
بەڵام کەمتر ئامانجی خۆم دەنگێوم
وەک تەیری دێم دەڕۆم بەرەو نیشانە
لە نیوی رێ یە دەیکەمە کەوانە
چ بکەم نێچیر مامزی بێ پارێزە
راوچەند پەیتە ! راوچی هێندە بێ هێزە
خەیاڵی من هەودا یەکە و بۆتە داو
مەلی وریا چۆن دێتە سەر داوی خاو ؟
گەلێک جاران دەکەومە تاریکایی
دوور دەبینم گڕ و تەم وتارمایی
نازانم تۆی وئاگرت لە دەروونندا
یان هێمنە لەناو "تاریک وروون" دا
زۆر وادەبێ دەفریام دێ خەیاڵم
من بۆی دەرۆم ئەویش دەبێتە باڵم
ئیتر پاردە و پەرژین ناگرن بەری من
بەرو باخەڵ داخنم لە گوڵی دەستەچن

جارجاریش هەر تاسەو دووری ئازیزە
شیعری جوان رووم تێ ناکا لێم زیزە
دڵ هێند ساردە وشە لەزارم دەخزێ
هەڵبەستی من لەسەر لێوم دەلەرزێ
وەرە با ئەمنیش بگرێ هەست وسۆزت
وەرە سوور هەڵگەری بە "رقی پیرۆزت"
وەرە تۆ هێندە بۆ لەو ژینە تێری
وەرە چاوی لەرێتە "شەنگە بێری"
وەرە وەرە مەرۆ بە نامرادی
وەرە هێمن ئەتۆو "عیشق وئازادی"
وەرە هێمن پەلەی چیتە بۆ مردن
ئەتۆو "مەتەرێزی شەرەف" چۆڵ کردن
ئەتۆ و وابۆ مەرگ سەر دانوێنی
وەرە هێمن ئەتۆو "پەیمان شکێنی"
ئێوە مەڵێن شین بۆ هێمن دەگێرین
مەڵێن رۆژ بۆ چلەی هێمن دەژمێرین
مەڵێن هێمن دەردی گەلی دەزانی
مەڵێن بەو رازا بووە وێژەوانی
مەڵێن هێمن خۆیی دوورە ولات بوو
مەڵێن هێمن دەستە چیلەی خەبات بوو
مەڵێن هێمن ودمی شیعری بەدەست بوو
مەڵێن هێمن خوای شیعرو هەڵبەست بوو
مەڵێن هێمن نەبوو نەی بوو دەی نالاند
نالەی ئەو بوو خەلکی لە خۆی دەهالاند

مەڵێن هێمن سەرسەختی دڵ گەرم بوو
وشە وەک مێو لە دەستی دا نەرم بوو
مەڵێن هێمن هەست هانی دا نەڕاندی
خەوی گرانی گەل هێمن رەواندی
مەڵێن هێمن وێنەی گەلی واکێشا
سەرنجی سەد وێنەگەری راکێشا
مەڵێن هێمن چیرۆکی خەو رەوێن بوو
وتەی هێمن بۆ هەڵبەستان هەوێن بوو
مەڵێن هێمن رۆیی کوردستان شێوا
پیرو جحێڵ قوڕیان بۆ هێمن پێوا
مەڵێن هێمن ئاوێنەی دەرد و ژان بوو
باری ستەم لەسەر شانی گران بوو
مەڵێن هەرچی زەو زووی کرد زەمانە
هێمن هەریەک بوو پێی نەکرانە دووانە
مەڵێن هێمن بەو خاکە بەوەفا بوو
دایکی وەتەن کوردانە گۆچی دابوو
ئیتر مەڵێن هێمن شێری پرچن بوو
هێمن هێندەی بەسە بلێن "هێمن" بوو
منیش نالێم هێمن کەم هات بە بیرا
نالێم هێمن رۆیی قەدری نەگیرا
ئێستەش نالێم وەرن رێزی لێ بگرن
من هەر دەڵێم : دەگەڵ کەسی رامەگرن

هیدی

فۆڕمی ئابوونمانی گۆواری سروە

من [illegible] سەد و دە تمەن (١١٠) پوولم بە حیسابی ژمارە ٥٤٠٠ ی بانکی سپە ، شوعبەی مەرکەزی ورمێ، (اورمیە) بە ناوی ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی بۆ ناردوون . داوا دەکەم لە ژمارە [illegible] بەولاوەی سروە بە دوام جار لە گەڵ جار بۆ بنێرن ، ناو نیشانم ئەمەیە :

ناونیشان : [illegible]
....
[illegible]

داوای لێبوردن

خوێنەرانی بەرێز:

لە سروەی ژمارە پێنجدا هیندێک کەموکووڕی بەتایبەتی لەباری فەننیەوە وەبەر چاو دەکەوێ.یەکیان ئەمەیە کە ناوی نووسەری هێندێک وتار نەنووسراوە،کە لێرەدا دەیان نووسین :

لاپەڕە		وتار	نووسەر
لاپەڕەی	٨	ئیبراهیم (د- خ)	ماموٚستا مەلامحەممەدی ڕەبیعی(باختەران)
=	١٨	بیرەوەری	ڕەحیمی داودیان (مەهاباد)
=	٤٥	قوڕشێلان	عومەری فارووقی (سەقز)
=	٤٨	خەجیلێ	کەریمی فەرشی (مەهاباد)
=	٥٠	مامحەسەن	ئەحمەدی بەحری (مەهاباد)
=	٥٦	مەگیرانی	عەبدوڵڵای مودەڕیسی (شنوٚ)
=	٦٢	مەشکە	نەسرینی جەعفەری (مەهاباد)

ویژەنامە

لاپەڕە		وتار	نووسەر
=	٧	پیوسوٚز	فەتتاحی ئەمیری (بوٚکان)
=	٢٣	کوٚچی دوایی	عەلی ئیسماعیل زادە- ڕێبوار-(مەهاباد)

ڕوون کردنەوەیەک لەسەر فوٚرمی ئابوونمان

ئەو ١١٠ تمەنەی کە دەینێرن بوٚ ئابوونمانی شەش مانگ یا ساڵێک نیە ، بەڵکوو بوٚ شەش ژمارەی " سروە "یە کە خەرجی پوٚستکردنیشی خراوەتە سەر ، دیارە بوٚ داخوازان لە دەرەوەی وڵات زوٚر و کەمی زێدە خەرجی پوٚستیشی دێتە سەر ، کە بوٚ خوٚیان دەتوانن بەراوردی بکەن .


ارومیە : صندوق پستی ٧١٧ ، تلفن ٣٥٨٠٠.

ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

شێخ حەسەنی مەولاناوا

عومەری فاروقی



زانایانی بەناوبانگی کورد ...

مەڵبەندی سەقزی سەربەرز، واتە ئەم بەشە رەنگین و رازاوە وشاخاوی یەی کوردوستانی خۆشەویست پەروەرگەی زاناوبلیمەت وشاعیری ئەوتۆمەزن بووە کە ناویان هەتایە لە مێژووی ئەدەب وعیرفانی گەلانی ئێران ورۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئیسلامی گەورەدا وەکوو ئەستێرە دەدرەوشێ وپڕشنگ داوێ.بەتایبەتی بەشی خوڕخوڕەی سەقزوداوێنەی شاخەبەرزەکانی بست وشاقەڵا ، کە زنجیرەی کوێستانی گەورەی چل چەمەن پەروەرگەی زانای وەکوو شێخەکانی بست ومولاناوا بووە. لەمانە شێخ زین العابدین (ناظر بستی) وشێخ حەسەنی مەولاناوا زۆربە ناوبانگن. لەم بەشەدا مەبەستی من ناساندنی عارف وشاعیر وحیساب زانی گەورە واتە شێخ حەسەنە .

سەبارەت بە ساڵی لەدایک بوونی شێخ حەسەن تا ئێستا ساڵێکی دەقیق نەنووسراوە بەڵام ماموستای هێژاو گەورە مەلا عبدالکریم مدرس، لە شەرحی دیوانی مەولەویدا ساڵی وەفاتی بە ۱۱۳۶کۆچی مانگی واتە ۲۶۹ ساڵ لەمەو پێش دادەنێ وماموستای خوالێ خۆش بوو ناوداری کوردیش واتە ماموستا عەلائەدینسەجادیئەو ساڵەی بەراست زانیوە جا ئەگەر ئێمە تەمەنی شێخ حەسەن بە حەفتا ساڵدا بنێین کەوەکوو دەڵێن ئەوەندە ژیاوە ساڵی لەدایک بوونی دەبێتە ۱۰۶۶کۆچی مانگی. بەو جۆرەی موریدان و پەیڕەوانی ئەوقسەی لێ دەکەن شێخ حەسەن دەورانی فەقێیەتی لە عێراق وسووریەوکوردستان تەواو کردووە، پاشان گەڕاوەتەوە **بە** مەولانا ناوی دەرکردووە وخانەقایەکی داناوە کە بە مەولاناوا ناونراوە .

شێخ حەسەن لە تەریقەتدا یەکێک لە پەیڕەوانی حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی (غوث الاعظم) بووە وبە یەکێک لە مشایەخی قادری دەناسرێ .

لە عیرفان وکەڕاماتدا دەستێکی هەرەباڵای بووە و نەفسی دونیایی تەرک کردووە، بە تەواوی رووی کردۆتە ئاخیرەت ودونیای لەبیر نەهاتوو .تەنانەت ژنیشی نەهێناوە وپاش ئەو بنەماڵەی براکەی پشتاوپشت بوونەتە جێگاداری،بەڵام کەس نەیتوانیوە بەپلەوپایەی ئەو بگا .

سەبارەت بەکەڕامەتی شێخ حەسەن شتی زۆرسەرنج، راکێش دەگێڕنەوە کە ئەم بۆ خەواریقی ئەولیای خوا بە زۆرنا ژمێردرێ چون ئەگەر ئێمە سەرنجی تذکرە الاولیای عطارنیشاپووری ومقامات ژندەپیل شێخ احمدجام واسرار التوحید ومقامات! بوالسعید

بەدەین تێ دەگەین کە خەواریقی ئەولیا زۆر لەمانە پتر بووە، ئەوەی راستی بێ بە پێی ئەو بەڵگانەی کە بەدەستەوەن نادرقولی هەوشار کە پاشان بە نادرشای ئەفشار ناوی دەرکرد وبووبەدامەزرێنەری زنجیرەپاشایەتی ئەفشار لە ئێرانداو پەیڕەوی لەمەزهەبی سوننی دەکرد کاتێک گەورەومەزنەکان و سەرۆک عەشیرەت ومەلاکانی ئێرانی لە دەشتی موغاندا کۆکردبۆوە لەسەر رێگای خۆی لە ئیسفەهانەوە بۆموغان گوزەری کەوتۆتە مەولاناوا و بە خۆی وئۆردووحەشیمەتەوە لەشکربەزی کردووە .دەڵێن کاتێک شێخ حەسەن چاوی کەوت بە ئۆردووی نادر فەرمووی ئەوانە میوانی ئێمەن دەبێ میوانداری بکەین جا بە فەرمانی ئەو چەن قازانی پڕلە ئاویان ناسەرکوانوو و پاش ماوەیەک دیتیان هەموو قازانەکان پڕن لە چێشتی خۆش وبەشی هەموو ئۆردووی، کرد .لێرەدا نادر چووە زیارەتی شێخ ودووعای مورەسەع وسفرەیەکی چەرمی گوڵدۆزی کراووکتێبێکی خەتی جوانی بە ناوی (نفایس الفنون)ی پێشکەش کرد.


شایانی باسە بگوترێ ئەم یادگارانە ئێستاش لە مەولاناوا وسەقزوبست و لە بنەماڵەی شێخدا پارێزراون .

کەرامەتی شێخ حەسەن دیارە یەکجارزۆر بووە لە دیوانی مەولەوی کورددا، نووسراوە خوالێ خۆش بوو مەولەوی کەبۆخۆی یەکێک لە عارفەپایەبەرزەکانی کوردستان بووە وچەندین ساڵ پاش وەفاتی شێخ حەسەن ژیاوە کچێکی شێری بووە کە ژنی یەکێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانیجاف دەبێ لەوسەردەمەدا باوبوو هۆزی جاف بۆپەروەردەی ئاژەڵ ولەوەڕاندنی مەڕوپاتاڵ ئەمدیوئەودیویان دەکرد.

کاتێک کە بنەماڵەی کچەکەی مەولەوی بەرەوشاخەکانی مەولاناوا کۆچیان کرد خوالێخۆشبوو مەولەوی تاوەگۆزی وەکوو کەسێک کەلەگەڵ هاواڵێکی خۆی بدوێ وئەوکەسە لە حاڵی حەیات وژیاندابێ دواووشیعرێکی بڵێندی گوت کە ئێستا لە دیوانەجوانەکەی ئەوشاعیرە پایەبەرزەدا هەیە

یەکێ ترلە کەراماتی شێخ حەسەن کە خەڵک یەکجار بڕوایان پێی هەیە ئەوەیە کە دەڵێن هەر ژنێ سک و زانەکا ئەگەر سێ جار پچێتە زیارەتی ئەوزاتە خوا بە ئاواتی خۆی دەگەیەنێ.هەر لە بەرئەمە ساڵان لە ناوچەی سەقز بە تایبەتی لە گوندەکاندا هەر ژنێک بەوجۆرە مناڵی ببوایە ئاڵقەی غولامی شێخ حەسەنیان لە گوێچکەی مناڵەکەدەکرد .ئێستاش زۆر، لەوژنەنەزۆکانەی جنووبی کورد ستان بە مورادی بە ئاوات گەیشتن ومناڵ بوون روودەکەنە بارەگای شێخ حەسەن .

ئەوەی پێشان دەدا وادیارە شێخ حەسەن هاتوچۆی شاری سەقزیشی کردووە چون لە گەڕەکی ناوقەڵای سەقز مزگەوتێکی جوان ورازاوەهەیە کە بە مزگەوتی دوومنارە یان مزگەوتی شێخ حەسەن بە ناوبانگە .ئەم مزگەوتە بە خشت وئاجوری سوور دروست کراوە وهەروەک میعماری دەورانی سەفەوی وئەفشاری یە بە کاشی رەنگاوڕەنگ سەر دەرگاکان ومنارەکانی رازاوەتەوە ووەک دەگێڕنەوە بناغەی ئەم مزگەوتە بەدەست شێخ حەسەن دانراوە وکارشناسانی رێکخراوی باستان شناسی ئێرانیش مێژووی کۆنی مزگەوتەکەیان بەراست زانیوە .لەسەربانی ئەم مزگەوتەدا رۆچنێک هەیە کە خەڵک پێیان وایە نەزەر کەردەی شێخ حەسەنە وهەر مناڵێک پێ نەگرێ یان درەنگ پێ بگری لە پاش نیوەڕۆی رۆژانی چوارشەمە تاسێجاران دەیبەنە سەربانی مزگەوت و لەو کونەوە تاناوقەدی شۆڕی دەکەنەوە بۆخوارێ ودەڵێن بەم چەشنە مناڵەکە پادەگرێ جگە لە کەرامەت وخەواریقەکە




باسمان کرد شێخ حەسـەن زاتێکی حەسابزان یان بە وتەی ئەمڕۆ (ریازی زان)بووە وبۆخۆی تەقویمێکی داناوە کە زیاتر بۆکشت وکاڵ دەبێ ولە گوندەکاندا زۆربڵاوە و بە حەسابی شێخ حەسەن ناوی دەرکردووە .بە پێی ئەم حەسابە وەرزی زستان پەنجا رۆژە واتە بیست رۆژ لەم سەرو بیست رۆژ لەوسەری زستان قرتاوە.ئەوەیە کە دێ نشینەکان لەناوەڕاستی زستاندا دەڵێن خوایارێ بە حەساوی شێخ حەسەن زۆری نەماوە بۆبەهار...جگە لە تەقویم یان رۆژئەژمێر لە مزگەوتی باشماخی تیلەکۆ بەردێک دانراوە کە دەڵێن کاری شێخ حەسەنە.ئەم بەردە بووە بە سەعاتی ئاوایی و بە پێی حەرەکەتی تیشکی هەتاو لەسەر بەردەکە نوێژی نیوەڕۆو ئێوارە مەعلووم دەکرێ .

سەرمەزاری شێخ قورعانێکی لێ یەکە پتر لە ٨٠٠ ساڵ، لەمەوپێش لە دیمشق نووسراوە تەوە وبە قورعانی شێخ حەسەن بەناوبانگە وکەرامەتی زۆری لێ دەگێڕنەوە.لە پشت ئەم قورعانەدا مۆری تایبەتی شێخ حەسەن هەیە کە نووسراوەی مۆرەکە بەم جورەیە :

گمر بدلوتفی ویت ببخشی حسن
حسنات مەبو حسن های
حسن

لە پشتی کتێبێکی دلائل-الخیراتدا چەن شیعرنووسراوە کە شیعری ئەوزاتەن وەکوو ئەم شیعرانە :

بروای اشک ازآن گلرخ بیاور
آرزوی من
وگرنە ازتومیرنجم میا دیگر
بروی من
میکشد چشم توازگوشە بە
میخانە مرا
میکشد زلف چوزنجیر تو
دیوانە مرا



هەر لە پشتی ئەودلائلالخیراتەدا وەفاتی شێخ بەم چەشنە نووسراوەتەوە :

تاریخی وەفاتی حەزرەتی قطب العارفین شێخ حەسەنی مەولاناوا شەوی پێنج شەمۆو بیست وپێنجومی سەفەر ساڵی ١١٣٦ هجری قەمەری .

بەداخەوە ئاڵوگۆڕی زەمانە وبایەخ پێ نەدانی سەوادداری کانوبارودۆخی تایبەتی کوردستان لە هەموو ئەم چەشنە کارانەدا واخۆیان نواندووە کە شوێنەواری زانایانی ئاوا مەزن وکارئامەد بکەونە گێژاوی فەرامۆشی وببنە خواردەمەنی مار و مێروو دەنا ناگونجێ پیاوی وەک شێخ حەسەن شیعر و دەفتەر ونووسراوەی نەبێ بەڵام چی دەکەی لەچارەڕەشی کوردی هەژاری بێبەش ؟ کێ بووە یان کێ هەیە شوێنەواری زاناکانی بپارێزێ ؟

هاوار

شینی هێمن



ساقیا! ئاوردەوە، ئاور دەوە
کۆی بزووتی هەست و بیرم گردەوە

بابەرەو دەریای شیعری روون بچم
جا بسووتێم وبەرەو هەربوون بچم

گر لە گیانم بەردە بمکە ژیلەمۆ
تا بزانم چارەنووس بۆوایەبۆ؟

هەر دەبێ دیلی شەوەی شەوگار بم
نابێ یەک دەم من لە خەم رزگار بم

وابزانم خەم لە گەڵ من هاتەدی
بۆیە تا ئەمڕۆ دەمێ خۆشیم نەدی

خەم وەها ئۆگر بە گیانی من بووە
رایەڵ وپۆی بوون ومانی من بووە

وەک جلە و مالۆ چە خەم هالاوەلێم
رێی بزە وشادی و ئەوین بەسراوەلێم

بڕکە مردووی سیس وژاکاوم ئەمن
دڕکی ویشک وبەردە سووتاوم ئەمن

ژینی وەک من سۆزی زریانی خەمە
مەرگە، مەرگێکی درێژو کەم کەمە

رێم نیە تاوێکی رەگ ئاژۆ بکەم
هەر لە دەوری خۆم دەبێ خەمکۆبکەم

* *

ساقیا بێچارە خۆم، بێچارە خۆم
چاو لە دەست وچاوەڕێی ئیحسانی تۆم

تێکە بۆم، بڕوانە کاروباری دڵ
سا بە گوێی دڵ بژنەوە هاواری دڵ

دڵ مەلێکە باڵشکاوی دەردەدار
بێ پەڕوپۆی بێ هومێدی بێ قەرار

چۆن بکەم باسی دڵ و هاواری دڵ؟
کوانێ کێ دێت ودەبێتە یاری دڵ؟

کوانێ یاری دڵ؟ ئەوی دیم هەونەبوو
چاری شێوانی دڵی من بەونەبوو

"هر کسی از ظن خود شد یارمن
وزدرون من نجست اسرار من (۱)

هەرکەسێ دێ بەندی دڵ دەپسێنێ لێم
خوێن دەنۆشی و جامی دڵ دەشکێنێ لێم

نایە تا باسی دڵی خەمبار کا
تێدەکۆشێ تا لە دڵ خەم بارکا

کەس نیە گوێ داتە هاواری دڵم
کەس نیە کەم کاتەوە باری دڵم

چوومە لای نەی دیم کەئەو خۆی بێدڵە
گەرچی بنچینەی دڵ و نەی هەر گڵە

بێدڵە نەی، بێدڵ وهاواری دڵ؟
بێدڵ و دەردی دڵ وئەسراری دڵ؟

"مشنو از نی نالەاش از بیدلی است
نالە بیدل یقین بی حاصلی است
مشنو ازنی، نی نوای بینواست
بشنو از دل، دل حریم کبریاست

هەر دڵە وئاگای لە حاڵی دڵ هەیە
هەر دڵە ورێگای بە ماڵی دڵ هەیە

* *

ساقیا! نازدارەکەم! دڵدارەکەم!
ئاشنای رۆژی رەش و شەوگارەکەم!

ئاسکی دڵ ناسکی خۆش رەوتی من!
گوێ بدە دەردی دڵی نەسرەوتی من

تۆبە دەردم ئاشنای دڵ ناسەکەم
ئاشنای ئاوات و هیوا و تاسەکەم

" آشنا داند صدای آشنا
آری آری جان فدای آشنا (۳)

سەردەمێکی ئەم دڵەم پڕتین بوو
جێی پەرەستێن وئەوین و ژین بوو

ئێستێ بۆتە دیلی شەمزان وکەسەر
چۆن دەتوانێ خاوەنی ژین باتەسەر

کوێرە ئەستێرم لەبەرتیشکی هەتاو
ویشکە سوێمە،سوێم نەما بۆچۆڕێ ئاو

خێرخوایەک کوا بە جامی ئاوی روون
ئەم هەلەش بمداتەوە مەردای بوون

تا بخولقێنم دوایین شینی دڵ
وێکی نێم ئەمجا کتێبی ژینی دڵ

* *

ساقیا رووم تێکەوە، رووم تێکەوە
با بگێڕین گەرمەشینێ پێکەوە

باوەفاکانم کوان ؟ ئێستێ لەکوێن ؟
تا بکەین سۆرانی شین و مل بەکوێن

تا بە سەر داکەین خموخۆ نێینە هەش
چونکە ئاوابوو لە ئێمە رۆژی گەش

تێکدرا ، خاپوورکرا رووگەی ئەوین
شادی ئاوا بوو لە بستووگەی ئەوین

* *

ساقیا بۆم تێکە بادەی ئاگرین
سەیرە دارو بەرد لەگەڵ من ناگرین

من لەژێر دارێکی رووتی بێ گەڵام
بێ هومێدم ، ئێستێ ئامانجی بەڵام

کوانێ هێمن تا بە شیعری ئاگرین
تین بدا ئاورگی کووژراوەی ئەوین

داخەکەم هێمن نەما ، هێمن نەما
شوڕشەی ئاواتم شکا ، پشتم چەما

شاعیری ئۆگر بە هەڵدێر وکەلان
هاودەمی لێڕ و کەژ و دوندوتەلان

ئاشقی شەوباوشەو ، بۆشەوگەڕی
ژینی پێوا تا گەیشتە ئەوپەڕی

کۆچی کرد و رۆژی رەش بۆ ئێمەما
ئەونەما ، هیوا نەما ، خۆشی نەما

چۆل بڕی دەشتی رەقەن خۆی راشەکاند
تۆزی ماندوویی بە یەکجاری تەکاند

ئاخۆ ئێستێ هەلێز و بیزا و کەما
چون دەگێڕن شین لە بستوو وئەستەما ؟

ئێستێ مەندۆک وگیا خاوو کەنێر
سوێسن و بەیبوون و شەوبۆ و شلێر

سیس وژاکاون کە خاڵی بوو هەوار
تێک شکا ئەستوندەکی تاوڵ و دەوار

تازەکوا ئێوارە پاییز لێڕ و کێو
زەردەیان بۆ زەردەیەکی دێتەلێو ؟

یالە دارستان کە مانگ هەڵدێ لەسوێ
کوا لە مەل ناڵەی جودایی دێتەگوێ

سووڕی دەورانە کە ئێمەی تێک شکاند
داخی یارانە کە جەرگی مەی چزاند

رەمزی بوونم "سروە "یەکە جاروبار
دێت و بۆم دێنێ بەرام وبۆنی یار

* *

خاکی رەش میوانی تۆیە هێمن
ئەو کەسەی نووزەی بە ئاستەم دێ منم

واخەریکم شین دەگێڕم رۆژ و شەو
لێم حەرامە پاشی هێمن خورد و خەو

قەدری بگرە،توند لە ئامێزی گرە
هێمنە وپاشی نەمانیش دڵگرە

کۆچی دوایی کردشکاندی پشتمان
مات و رەش پۆشین ئەوێستێ گشتمان

ئارەزوومە گیان لەلەش ئازاد کەم
بێمە لای و خزمەتی ئوستاد کەم

باوەفام وسپڵە نیم ئوستادمە
بۆیە دایم هەر لە بیرو یادمە

تا بزانێ هەر وەفادارم ئەمن
لێرە بێ ولێرە نەبێ یارم ئەمن

بۆمنیش جێیەکی رابگرە لە لای
دێمە لای و دێمە لای ودێمەلای

ڕەخنە و

نیە لە مومکینێ ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

لەم بەشەدا کە زۆریش سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ڕاکێشاوە دوو مەبەستمان لەبەرچاوە : یەکەم:ئەوەی کە بە هاوکاری هەموو خوێنەرە بەئەمەگەکانمان هەڵەی ژمارەکانی رابردوو ڕاست بکرێتەوە . دووەم: پێشناری خوێنەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆسروە دەنووسن یا دەیانەوێ بنووسن ڕاگەیەندرێ . لە ڕاستیدا ئەم لایەڕە دەبێتە هۆی پەیوەندی گرتنی خوێنەرانی سروە و ئەو نووسەرانەی لە دوور و نزیکەوە شت بۆ سروە دەنووسن .

گوندی قوزلویی چووک : کاک ڕەحمانی حاجی

١ـ لە ل ٢٩ پاراگرافی ٢ دێڕی ٣ نووسراوە :

" لە دەشتی ڕەواندووزی لە بۆڵە بەرانان" ،بۆڵەبەران نیە ،ئەوە "مۆڵەبەران"ە بە مانای جێگا و هەوشەی بەرانان .

٢ـ لە ل ٨٠ کەرتی سێهەم دێڕی ١۴ نووسراو:

نەیدەهێشت خوشکەهەتیوەکانی .....
منداڵی بێباب سەخیرە ،
منداڵی بێدایک هەتیوە....

٣ـ لە ل ٨٧ کەرتی ١ لە خوارێڕا دێڕی ۴ نووسراوە:

(وەی زریانە هەدێکە !)

ئەمن ئاوام بیستووە:(وەی زریانە هومێ کە!). یانی ئەی بای زریان هیممەت بکە و ئەو کاغەزە بەڕێ کە ، وادیارە (هەدێکە) دروست نەبێ چونکە مانای نایە .

سەقز : کاک عبدالرحمنی گوڵستانی

ئەگەر دەکرێ لە هەر ژمارەیەکدا بەکورتیش بووە شتێک لەسەر رابووردووی سیاسی میللەتی کورد بنووسن.

وێڕای سپاس لە کاک حاجی هاشمی نانەوازادەگان کە گوڵ و گیای کوردستانی پێ ناساندین،لەو کەسانەی کە دەیانەوێ درێژە بەم کارە بدەن داوا دەکەم بۆ ئەوەی کارەکەیان ناتەواو نەبێ ، وێنەی ئەو گوڵ و گیایانەش بڵاوبکەنەوە .

بانە : کاک تاهیری یوونسی

باوەش کردنەوەی لاپەڕەکانی سروە بۆ هەموو بابەتێکی زانستی وەک مێژوو ،هەروەها فەلسەفە و بابەتەکانی دیکە ، ڕێگایەکە بۆ گەیشتنی سروە بە پلەیەکی بەرزتر لە گۆوارەکانی تر.

مەهاباد: کاک سولەیمانی پوورئازەر

لەسەر ئەم بابەتانە بنووسرێ :

١ـ کایەی لاوان و منداڵان کە بەشێک لە فەرهەنگی ئێمە پێک دێنێ،وێڕای لێکۆڵینەوەی مێژوو و چۆنیەتی کردنی .

٢ـ پەندی پێشینیان، ئەگەر دەکرێ لەگەڵ روون کردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی لە قسە و نووسیندا .

٣ـ سەنایعی دەستکردوخۆماڵی کوردستان .

۴ـ شوێنەواری کۆن لە وڵاتەکەماندا ،وێڕای نووسینی مێژووی تایبەتی هەرکامیان.

۵ـ مەسەلەی بارهێنانی منداڵ و ژن هێنان و کچ بە شوودان .

گوندی نەڵێن:کاک زاگرۆس عاد

بەشی شاعیرانی لاو پەرە پێ بدەن،دەتوانن لەگەڵ بەشی ڕێنوێنی ئەدەبی(کە زۆرتر لەسەر شێعری لاوەکان دەدوی) تێکەڵی بکەن، یانی لە هەر ژمارەیەکدا چەند شێعر چاپ بکەن و هەرشیعرێک بەجوانی شی بکەنەوە و کەم و کووڕی ـ یەکانی دەست نیشان بکەن.

پێشنیار ٧

ئەمکارە قازانجی پترە چونکوو لەجوابی نامەیەک تەنیا نووسەرەکەی حالی دەبێ و بۆ خوێنەرانی تر شتێکی زیادییە بەلام ئەگەر لەگەل چاپ شیعرە ـ کەشی بکرێتەوە،دەبێ بە دەرسێکی ئەدەبی بەکەلک و سەرنج راکێش.

تەکابی هەوشار: کاک خالیدی راعی

تکایە لە ژمارەکانی داهاتووشدا لەبارەی بێهداشتەوە بنووسن،چونکوو ولاتەکەمان لەم بارەوە زۆر دواکەوتووە.

تەورێز: کاک سەلاحی جەمیلی

واباشە تەنیا شیعر و پەخشان هەموو لاپەڕەکانی سروە داگیرنەکەن بەلکوو سەرنجێکی لایەنەهونەرییەکانی وەک تیاتر،وێنەگەری، مووسیقاو...ش بدرێ،بۆ وێنە تیاتر و مووسیقا لەنێو گەلی ئێمەدا رەواجی بووە و مێژوویەکی کۆنتر لە شیعر و پەخشانی هەیە.

گوندی نارستی سەردەشت:کاک فتحالله روستەمی

لەسەر خواناسین زنجیرە ـ وتارێک بنووسرێ، تالاوەتازە پێگەیشتووەکانمان فەرهەنگی رەسەنی ئیسلامی خۆیان باشتر بناسن.

سەقز: کاک کەمالی فەرهادی بانە

لەبارەی ژیانی ژنانی کوردستان و هەروەها رێنوێنی ئەوان بۆ دروستکردنی خواردەمەنی،کاروباری هونەری و ئاکار و رەوشتەوە بنووسرێ.

گوندی کاژێی سەردەشت: کاک سەعیدی رەحمانی

١ـ لەبەر ئەوەی لەرابردوودا خوێندن ونووسینی بە زمانی کوردی لە ولاتەکەماندا قەدەغە بووە و زوربەی خوێندەوارەکانمان خوێندنەوە و نووسینی کوردییان بەلاوە گرانە،ئەلف وبێی تەواوی کوردی لە ژمارەیەکی سروەدا بلاوبکەنەوە.

٢ـ فەرهەنگۆک لە ئاخری هەر ژمارەیەکی گۆوارەکەدا پێویستە.

گوندی بێژوێی سەردەشت : کاک ف. ئاسۆس

سووچێکی گۆواری سروە بۆ بلاوکردنەوەی فسەبەنرخەکانی پیاو ماقوولان وپسپۆڕانی جیهانی عیلم وزانست تەرخان بکەن

سنە :کاک محەمەدسووتانی

سەرنج دان بە شارستانەتی ئێمڕۆی کوردودەستکەوت وئاکامەکانی لەچوارچێوەی شیعرو چیرۆک وگوزارشی فەرهەنگیدا پێویستە.

رەخنەوپێشنیار

سنە: کاک سەباح بەرزەنجی

* ....بەلکوو بۆگێڕانی ئاهەنگ وکۆڕی ئەدەبی لە کوردستانی ئێران هەول بدەن.
* وت وو ێژلەگەل شاعیرانی لاو چێژێکی تازەبەگۆوارەکە دەدا
* بۆ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی نابێ لەهجەی هەورامیتان لەبیر بچێ

شنۆ : کاک بەهمەنی رەشیدی

بەیارمەتی زانایانی بەناو بانگ فەرهەنگێکی رێک وپێک وباش بۆ زمانی کوردی دانێن کەبەبڕوای من گرینگترین خزمەتە بە فەرهەنگی کوردی .

تەورێز : کاک خالید دەیلەمی

لاپەڕەیەک بۆ لێکدانەوەی مانای وشەوئیستلاحاتی نامۆ بکەنەوە

سوئێد: کاک کاوەشێخانی

* هەر جارە لەسەرباسێکی مێژوویی کوردستان بنووسرێ .
* کاتێک ئاهەنگ وگۆرانی رەسەنی کوردی دەنووسرێ"نۆت"ی مۆسێقاکەشی لەگەل بنووسرێ .
* هەرجارە لاپەڕەیەک بۆ "بەرامبەری زمانی کوردی " تەرخان بکرێ .
* لەسەر چلۆنایەتی رابواردنی ژیانی ئابووری خەلک بنووسن .

فۆلکلۆر چیە؟

وتووێژێک دەگەڵ عەلی خزری

پرسیاری ۱: پێمان خۆشە لەبارەی فۆلکلۆرەوە قسە بکەی. فۆلکلۆر یانی چی؟

وەلام: باسکردن لە فۆلکلۆر شتێک نیە کە بکرێ لە چەند رستە و لاپەڕەدا بگونجێ جا مەگەر زۆر بەکورتی باسی بکەین. فۆلکلۆر زانستێکی تازە و نوێیە کە بریتی یە لە زانست و بۆچوون و باوورەسمی کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک، ئەو ئەلف و بێ یەی کە پێی ژیاون و پێی دەژین و هەموو بوون و مانی خۆیان لەودا دەبینن

لەبارەی فۆلکلۆرەوە وتوویانە: فۆلکلۆر یانی ناسنامە و ناسێنەری نەتەوەکان - تەواوی نەتەوەکان بە فەرهەنگ و فۆلکلۆری خۆیانەوە دەناسرێن یانی بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بارێکی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، رووحی، سیاسی، ئابووری، و هونەری و ... فۆلکلۆری ئەو گەل و نەتەوەیە نوێنەرەو دەخرێتە لاتەرازووی پێوان و هەڵسەنگاندن. هیندێک بە داخەوە مانای فۆلکلۆر زۆر بەرتەنگ ترو تەسک تر لێک دەدەنەوە و لایان وایە فۆلکلۆری هەرگەلو نەتەوەیەک یانی هیندێک "ضرب المثل" پەندی پێشینیان و چەند باوورەسمی کۆن و نوێی نێو خەڵک لە حالێکدا رەنگە ئەو مەبەستانە لەچوارچێوەی فۆلکلۆردا ئەوەندە چکۆڵە بن کە هەر وەبەرچاویش نەیەن. یانی فۆلکلۆر بەرادەیەک لە ژیانی ئینسانەکان و بەگشتی لەژیانی گەل و نەتەوەکاندا شوێنی هەرساتەوهەرەکاتەی هەیەکە بێ ئەو ناتوانێ بژی گەل و نەتەوەیەکی رابردووی خۆی، دەسکەوتی تەمەنێک وساڵەهای ساڵ فەرهەنگی خۆی نەناسێ و فەرامۆشی بکا دەگەڵ ئادەمیزادێکی کە بە شوێن زەبرێکی مێشکی رابردووی خۆی لە بیربردۆتەوە هیچ فەرقێکی نیە. با هیندێک لەوەش بچینە پێش تروبلێین فۆلکلۆر بەو مانایەی خۆی کە رۆژ دەگەڵ رۆژا بەربلاوتر دەبێ، یانی کورتکراوەیەک کورتەیەک لە ژیانی ئابووری کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی رەوانناسی، زمان، هونەر باوورەسمی کۆمەڵایەتی تایبەتی یەکانی کەسایەتی نەتەوایەتی و ... زۆرشتی تر کە رۆژ بەرۆژ و هەر رۆژ لە رۆژی رابردوو زیاتر باری تری لێوەدەر دەکەوێ و ئەو زانستە هەراوتروبەربلاوتر دەبێ و فۆلکلۆر بەو مانایەی کە باسم کرد بەر لەئینسان لەگەڵ ئینسانە هاورێ یەتی تا مردن و پاش مردنیش.

فۆلکلۆر زانستێکە، دونیایەکە هیچ شتێک نیە لەوچوارچێوە بێ سنوورەدا نەگونجێ راستەو خۆ پێوەندی بە ئەوەوە نەبێ.

کاتێک بۆوێنە دەڕوانی یە بەشێک لە فۆلکلۆری کوردی و مەسەلەن سرنج دەدەیە بەیتێک، لە هەستان و دانیشتنەوە، لەرۆیشتنەوە، لە دوانەوە، لەمەرج و قەول و پەیمانو بەڵێنی و تۆران و ئەویندار ی ومردن و شەڕو ئاشتی و سەرکەوتن و تێ شکان وخواردن ولەبەرکردن و زمان و وشەی جوان و رەسەن و شیعر و هێزی خولقاندنی هونەری و باری ئابووری وکۆمەڵایەتی ورووحی وئەخلاقی و مێژوویی و مۆسیقی وئیستلاحاتو "ضرب المثل" وچوارچێوەی زمان و ... باس لە هەموو شت دەکا کامیان لەوانە شیلوی لێ وردبوونەوە نین؟ کامیان دەسکەوتێکە کە شەخسی یەتی نەتەوەیی نیە؟ چ گەل و نەتەوەیەکە شانازی بەو خەزێنە بایی دارە نەکا؟

تورک تەواوی باری رووحی خۆی، باری ژیانی خۆی بەو بەربلاوی یەی کە عەرزم کردی،

لەوانەیە مەسەلەن لە کۆیۆئۆغلی بۆتورک یانبی مەودایەک بۆ دەردی دڵ کردن. نەقڵەکانی مەلا نەسرەدین یانی دەرفەتێک بۆخەڵکی زوربەی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستکە خەم وخەفەتیلان بتارێنێ.هۆرە لە ناو جاف وهەورامانی یاندا یانی هاوارێک کە هەموو کۆت وبەندێکی دەست وپێ گیر بپسێنێ وئادەمیزاد بۆ ماوەیەکی هەر چەند کورت و کەم تەنیاخۆی بێ وخۆی تەخلیەی رەوانی بکا و ئادەمیزاد بە تەنیاو گەل و نەتەوە بە گشتی ناتوانێ خەمێک بەسەر دوێنێ وساتێک لەمەوبەری دابنێ وبێ نیازبی لەو خەزێنەبایی دارو دەسکە وتەی کە هەزاران ساڵ بە نرخ وبایی هەزاران سەرکەوتن وتێ شکان وەدەستی هێناوە و لە خوێنیدا پاشکەوت بووە وبێ ئەوەی خۆی بزانێ پێ یەوە ژیاوە .دەڵێن : ئەسکەندەر شاخی هەبوو ئەو شاخەی لە هەموو کەس دەشاردەوە سەرتاشەکانی بە هۆی درکاندنی ئەو رازە، سەیوە پاش ماوەیەک دەکوژران خەڵک بەو باسە یان نەدەزانی عەتا رۆژێک نۆرە گەیشتە سەرتاشێک کە چاوی بە شاخی ئەسکەندەر کەوت زۆری پێ سەیر بوو بەڵام ئەسکەندەر هەرەشەی لێ کردکە درکاندنی ئەورازە یانی کوژرانی خۆی ماوەیەک رادەبرێ وسەرتاش کز دەبێ ولەرولاواز دەبێ و لە بارێک وبنێسی دەدا کە نەیدەتوانی ئەورازە بە قیمەتی فیداکردنی گیانی بدرکێنێ .رۆژێک چاری نامێنێ ولە چۆل و بیابانێک لە جێ یەک کە دەنگ وەهیچ کوێ رانەدەگەیشت یەک بەخۆی و پڕ بە دڵی هاواری کردئەسکەندەر شاخی هەیە .

یان ئەو وتەیە کە دەڵێن : کە خەمێکت لە دڵدا بوو، یان خەونێکت دیت لەجێ یەکی چۆل بۆئاویرووبارێک یا چاڵاوێک بیگێرەوە .

ئەو دوومەبەستە بەشێکن لە بیروبڕوای کۆمەڵ ئەگەر زۆرباش سرنج بدەینە ئەو دوو مەبەستە بەرجی زۆرجێی بارێک وناسک مەبەستێکی رەوان ناسی تاکی دێنێتە گۆرێ کە رەنگە زانایان هێندە لەمێژ نەبێ پەیان پێ بردبێ .رەنگە دوکتۆرێکی رەوان ناس بزانێ مانای ئەو رووداوەیان ئەم وتەیە چیە وئینسان لە چ حاڵێکدا پێویستی بەو کوڵ وکۆرشتنە هەیە .

رووکردنی وێنەیەکی وا دەبێتە سووژەیەکی باش بۆ رەوان ناسێک یا خەڵک ناسێک کە لێی ورد بێتەوە وموتالای لە سەر بکا لە رەوان ناسی تاکیدا دەڵێن : شۆخی وگاڵتەیەکی سەرزارە ـ کیش سەر چاوەیەکی بڕوایی هەیە .جابە لەبەر چاوگرتنی ئەو مەبەستە لە بەیتی لاس و خەزالدا کاتێک لاس پەیاش بیستنی جوانی خەزاڵ لە کابرای دەروێش،تەمادەگرێ بە سپاو لەشکرەوە بچێ و خەزاڵ یا بە خۆشی یا بە شەڕ بستێنێ وردێن سپی و کەیخودای هۆز ئامۆژگاری دەکەن : کە ئەگەر پیاوێکت لە سۆنگەی ئەو کارەوە خوێنی لە لووتی بێ دونیا گاڵتەت پێ دەکا کە "لاس"، سەبارەت بە ئافرەتێک پیاوێکی بە خەسار دا"،کەسێک لەباری رەوان ناسی کۆمەلایەتی یەوە بڕوانێتە ئەو مەبەستە هەرە چکۆلەیە "تەنانەت ئەگەر شۆخی و گاڵتەیەکی سەرزارەکیش بێ " باری رووحی وئەخلاقی ئەو گەل ونەتەوەیە بە جۆرێکی تر دەبینێ سەری لەوە سوڕ دەمێنێ لە نیزامی فئۆدالی سەدەیەکی وادووردا کە مەسەلەن لە رۆم ئینسان و حەیوانی درندەیان بەیەکەوە بەشەڕ دەداو، وەک شەڕە کەڵەباب شەرە گلادیاتۆریان سازدەکرد، چۆن دەکرێ ژیان وگیانی ئینسانێک بۆخاوەن دەسەڵاتێکی وەک لاس ئەوەندە گرینگ بێ .یا :

کاتێک بەئەحمەدی شەنگ

دەڵێن : ئەوە حەوت ڕۆژە گاران ومالی تۆیان بردووە بە تاڵان دەست ببزێوە دەڵێ : ئەمن خەمی ئەوەم نیە گاران مالی منیان بەتالان بردووە خەمی ئەوەمەسەری گاوانی منیان بڕیوە وئەوە دەردێکی گرانە !!


ئەو مەبەستانە زۆر باریک وزەریفن ئەوە سەری هەودا یەکن بۆناسینی گەل و نەتەوەیەک وهەزاران وێنە و بەڵگەی تر .بەڵام با وەڵامی پرسیاری تۆ زۆر درێژنەبێتەوە وئەو کورتە یە جارێ بەس بێ کورت وکرمانجی واباشە فۆلکلۆر ئاوا مانا بکرێتەوە ،

فەرهەنگ وفۆلکلۆری کورد یانی نەتەوەی کورد ،فۆلکلۆری فارسی یانی نەتەوەی فارس وناسێنەری هەر گەل ونەتەوە- یەک یانی فۆلکلۆری ئەو گەل و نەتەوەیە .



پرسیاری ٢- لەچ کاتێکەوە هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی فۆلکلۆر دراوە؟ بە کورتی ئەو بەشە لە لێکۆڵینەوە لە کەیەوە بۆتە باو ؟

وڵام= نەتەوەکانی تری جیهان زۆر لە مێژە لە گرینگایەتی ئەو مەبەستە ئاگادار بوون وزۆر زووتر لە ئێمە ئەو کارەیان کردووە



زۆر زوو ئەو خەزێنەبایی دارە لەبەین دەچێ زۆر زووهەوڵیان بۆداوە وکاریشیان زۆر لەسەر کردوون وئێستاش زۆر یە گوروتین هەر خەریکن. بەڵام **فۆلکلۆری کوردی بەداخەوە بە چەندین هۆوبەڵگە زۆرکەمی کار لەسەر کراوە. یانی دەتوانم بڵێم بەوبەربلاوی - یەی خۆیەوە ئەوەی کە کراویشە دیاری ناکا .**

نیزیکەی هەشتا وچەند ساڵ لەمەوبەر پرۆفسۆر ئۆسکارمان رچەی شکاندوو زۆر کورت وکەم ولە چوارچێوەیەکی



زۆر تەسکدا هەوڵی بۆ ئەو کارەداوە تا ماوەیەکیش کەس دڵبەندی بەوکارە نیشان نەداولەم دوایانەشدا لەنێو کورددا جگە لە یەک دووکاری جوانئەو هەوڵەی کە دراوە هیچیان وانین کە باسیان لێ بکرێ بەڵام نیزیکەی دەساڵە لە دەرەوەی وڵات کاری لەسەر دەکەن کە

ئەویش هۆیەکەی ئەوەیە تەواوی بارونێوەرۆکی ئەو زانستەمان بۆ روون نەبۆتەوە یا ئەوە کە باری سیاسی ئەوەی هەڵنەگرتووە بۆ وێنە کاتێک لەکوردستانی ئێران راگرتنی هەر کتێبێکی کوردی تاوانێکی گەورە بوو یان لە تورکیە بە کورد یان دەکوت تورکی کێوی، یا لە عێراق دەبوو هەموو شتێک لە خزمەتحکوومەتدابا وئەوەی سوودی هەبا بۆ کۆمەڵ کەم واهەبوو لە حەوتخوان رزگار بێ ،وچونکە کارێکی ئاوا بەربلاو -لە توانایی کەسێک ودووکەسدا نیە وپێویستی بەوە هەیە نیوەندێکی فەرهەنگی دەست بەوکارە بکا تا ئێستاش ئەو کارە نەکراوە ئەوەی لە سوڤێتیش کراوە لە کورد ئەوەندە دوورە کە کەس نەیدیوە یان باری سیاسی وی جۆرێکە ئەوەی کە کار لە سەر شتێکی وا بکاتوانایی ئەوەی نیە تەواوی کوردستان بگەرێ وکاری لێکۆڵینەوەکەی لە هەموو بارێکەوە بێ عەیب

وئیرادبێ یا لانی کەم پڕوکامڵ بێ دەنا کاری ئەو زانایانەی وەک:

پڕۆفسۆرقەناتی کورد ۆ پڕۆفسۆر ئاپۆ - پڕۆفسۆر جاسمی جەلیل - جەلیل جەلیل جەمیلە جەلیل - حاجی جوندی - عەرەب شەمۆ - چاچان میرۆئەسەد- عەسکەر باکۆ عەسکەرشا میلۆ- زومرودشەفیع ئاوا- ودەیان کەسی تر بە راستی بێ وێنەن .

پرسیاری ٣- لێکۆلێنەوەی فۆلکلۆری وکارکردن لە سەر فۆلکلۆر وئەو بارانەی لەو چوارچێوەیەدا دەگونجێن تا چ رادەیەک پێویستە ؟

ولام - ئەوەی لە بارەی، فۆلکلۆردا گوتم رەنگە تا رادەیەک وەلامی ئەوپرسیارەت بێ یانی کاتێک **فۆلکلۆر وکەلەپووری نەتەوایەتیمان لە بەرانبەر بوون ومان،چۆن بوون وچۆن مانی گەل و نەتەوەدا دانا ،پێویستی و گرینگایەتی ئەوکارو لێکۆ- لێنەوەیەش جوان دێتەروو .**


لەوکاتەوە نەتەوەی کورد. هەیە ولەبارەی دانووسراوە وتەنانەت لەوکاتەوە شک دەکەین لەهەر وشەیەک کە وێ بچێ باسی کورد بکا ، ئەونەتەوەیە تووشی زۆرهەلس وکەوت بووە. جاری وایە بۆ ماوەیەک واوێ دەچێ هەر لە لاپەڕەی رۆژگار پاک بۆتەوە جاری واشە کەوتۆتە شادوندی بووژانەوە ،تەواوی هۆو رەمز و رازی ئەو هەلس و کەوت وون بوون وپەیدابوو - نەوە وهەلەسوون هێنانەوەیە زۆر جوان لەوئاوێنەیەدا کە فۆلکلۆر وکەلەپووری نەتەوا- یەتی یە دەبیندرێ .

وەلامی ئەوپرسیارانە کە: **بۆفریودراین،بۆفریومان خوارد ،بۆچ سەرکەوتین بۆچ تێ شکاین ،کە برسی بووین چمان کرد ،کە تێر بووین چۆن بووین ، کەی گەیشتینە ئەو ئاکامە "دەستێکی نەتوانین بیبڕین دەبێ ماچی بکەین " کەی بڕوامان وابوو "سەفینەمان لە پشت بێ تف لەبەردیش دەکەین . کەی گەیشتینە ئەو ئاکامە "گوێلکی خەلکی هەرگوێلەوسارت پێ دەمێنێ "** کەی کوتمان : **"هەر ئەقلەی لە خەسارێکی" کەی سەری ئەنگووستمان گەزت . کە "ئینسانی ئاقل دووجاران لە کونێکەوە مار پێوەی نادا "** کێمان گوتی : **خوزیلەی خۆم خۆش بێ مالم بۆچیە ، کەی برامان بە نان و کەبابێک فرۆشت ؟بۆمەحموود مەڕەکانی، خۆی بە شا عەبباس فرۆشت وخەنجەری لە پشتەوەڕا لە خانی لەپ زێڕین دا ،چۆنیان غەزای مەزهەبی پێ کردین و ناردیانین بۆکافرقڕان، بۆ ئەولادی رمووزنە ودێووجندۆکە بووین ،بۆدایک بەوپلەی بەرزی ئینسانی خۆیەوە، واسەرشۆڕی کردوگوتی :**

" هەی رۆلە سەردل خڕبی بابب مردووبی شەودرەنگەبۆ جێ ژوانێ "،بۆحەوزە گەورەی بۆکانێ بەنرخترین شتی دونیایە بوو"**بۆچاو کالێماندا بەکلاوی زێڕ"، بۆ کوردی دۆ نەدیوبووین ،چۆن شێری هیچ کات نەبەزیوو بووین ،وهەزاران هەزار بۆو، چۆن و، چ جۆری تر...وەلامیان تەنیا لە دونیای بەربلاوەی ، فۆلکلۆردا ،لەوخەزێنەبایی دارە دا دەبێند رێتەوە**

ئایا بە دەست هێنانی کلیلێک کە دەرگای بەرەو نوورمان لێ بکاتەوە ئایا دیتنەوەی ئەلف وبێ یەک کە بەختەوەری بەدواوەبێ، ئایا دانیشتن وبیرلەخۆکردنەوە وخۆناسین وسوود و زیان هەلسەنگاندن بۆ گەل و نەتەوەیەک چەندە گرینگ و پێویستە ؟

ئاشکرایە هەتا دوێنێ وساتێک لەمەوبەری خۆمان نەناسین ،ناتوانین دلنیابین لەوەی کە ئەو رێیەی گرتوومانەتە بەر رێ یەکی راست ودروستە .ئەگەر خۆمان نەناسین ورۆژێک لە کوێرە رێ یەک ئاوێنەیەک بدۆزینەوە وسەیری بکەین جێی خۆیەتی بلێین :کاکە ببوورە نەمزانی ئەتۆی !!



ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

گەنج خەلیل

وەرە لێلێ ،وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ ..
وەرە لێلێ ...هەفسەد دلێ خودێ
دلێ م بانە گەلەک بانە
گەنج خەلیلێ کورمامێ م لە وەلاتێ
غەریبیان وغوربەتێ گەلەکی نەخۆشە
وەزێ رابم نووینا روو وێخم
کەتکەتی بالیفکا بدەمە پالێ
ئەزێ رابم کەمەرا پشتێ خۆ بشکێنم
بۆ ئەسپێ گەنج خەلیلێ بکەمە نالە

بازنێ خۆ بشکێنم بکەمە هووردە بزمارە
بسکێت خۆ ببڕم بکەمە سەر رەشمە
بەلێ دەست هەوسارە
گەنج خەلیل کورمامێ خۆ بینم
سوار بکەم لە کومێتێ کە تالە
بەلێ وەختێ کو لەشارێ ئەرزەرومێ
ئەسمەر لی یە داتینە خارە
نەبێژن گەنج خەلیل کورمامێ من
تاقە سوارەکی کوردە چەند بێکار وبارە

ئەمانە..ئەمانە...ئەمانە....هووەی
پاشۆ گەنج خەلیلێ کور مامێ خۆ
ئەز نەمینم لەسەر دونیایێ وەی وەی
وەرە لێلێ وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ
وەرە لێلێ ئەوە گەنج خەلیل
چاوێ خۆ بلندکر ب غەریبی یە دگریا
نەفەسێکە قەلیوونی قایلە
هەفسەد دبێ یارەبی خودێ
ئەزی رابم قەلیوونەکی بۆ کور مامێ خۆ
تێکەم
قەلوونەکە زەرنیشانە دەسکێ
ئەستەمبوولی نیشانە
مۆدنەکە کارەبانە
فەلەکێ دارێ دار جلیتە
بە مشارێ برِی ،بەبرەگێ
قەرانە بینم بۆدار قەلوونا
گەنج خەلیلێ کور مامێ خۆ دانێم
ئەما.... نەئەما...نێ ئەما... نێ
بەلێ بێم کو کورمامێ م
ئەوە هەفت کەتە سالە
کەتی یە سەر دەستوورا رۆمیا
بە تورکی دەبێژیت بویرون ئەفەندی
قەلوونە لێ تەرا
وەرە ...نەمایێ ...نەمایێ ..نەما ...هۆ
پاشۆ گەنج خەلیلێ کور مامێ خۆ
نەمینم لە دونیایێ
وەرە لێلێ وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ
وەرە لێلێ وەرە لێلێ ...ئەمان ...هۆ.وەی
وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ
وەرە لێلێ ئەزێ قارش میش ناکەم
کورمامێ خۆ ل خەوەکە شیرین راکەم
چەکمەکە عابدی ل پیاکەم
شەلوارەکە شمتەلی دەلنگاکەم
عبایە تەمتەلی لە ملاکەم
خەنجەرەکە سالح بەگی
دەبەراکەم .
جووتەکە دەمانجێ شارێ شامێ
دەسەراکەم
ئەزێ گەنج خەلیل ئاغا کورمامێ خۆ
بمە جووتما مەیدانێ شاری راگرم
رۆژەکە مێوانە عوسمانیا ئەزێ دل نادەم
کورمامێ خۆ لە چ دەوارا سووار کەم
ئەزێ بینم خۆ بکەمە ماهینەکە
سەگلاوی خۆ دبن راکەم
گەنج خەلیل کور مامێ خۆ
سەرێ باب وبراکا ودەروجیرانێ
گوندی خۆ د خولامی سەرێ
کور مامێ خۆ کەم
پاشۆ گەنج خەلیلێ کورمامێ خۆ
نەمینم لە دونیایێ
ئەما ...ن ئەما ...ن ئەما .... ن
وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ ...وەرە لێلێ
وەرە لێلێ .....رابم
کارە زینەکێ بۆ کورمامێ خۆ دورست بکەم
سەرزینەکێ بو کورمامێ خو دروست بکەم
کارێ بن زینەکی چێ بکەم ژ مەرجانێ
رکی یابوو بینم ل شاری ئەرزەنگانێ
قایشا بۆ بینم ل قایشا هەمەدانێ
رمەکێ لووتە کووپالێ چێ بکەم
ل دارێ حەیزەرانێ
سەر زینەکی دروست بکەم
کور تووکی پەرێ نعامێ
ئەزێ گولیفکا ن گولیفکالێ بدەم
شەوقەلی گولە کەوە چاردەی نیسانێ
گەنج خەلیل کور مامێ خۆ دلۆدی
بەمە جووتماشارێ مەیدانا شامی
بەل خەمێ کور مامێ من زۆر گەلەکن
بلا خەمێ خۆ برەوینیت
دەمدەما پێ بکەتە قلەو زێدەباری
جلیدانێ
ئەما ....ن ئەما ...ن ئەما ....ن
پاشۆ گەنج خەلیلێ کور مامێ خۆ
ئەز نەمینم لە دونیایێ
×××

کڵاوی تەنەکەی وەستابارام





وەستا بارام یەکێک بوو لە هەژارەکانی شاری بانە. بەڵام هەژارێک نەبوو کە دەستی نەداری بۆئەم وئەو درێژ بکا. دەیویست لە رەنجی شانی و ئارەقی نێوچاوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکا .

جگە لە پیری ،دەردونەخۆشی سەری لێ دابوو.لەبەر سکی زلی گەڵاوگەڵ دەرۆیی.خەڵکی پێ یان وابوو قۆڕە. سەر و چاوو هەموو لەشی بای کردبوو ودەم وچاوی سوورهەڵ گەڕابوو. کە ئێستا بە لای دوکتۆرەکان ئەوە ئەمانە نیشانەی نەخۆشی (کواشیورکور)ن وبە هۆی کەم بوونی خواردەمەنی ویتامیندارپەیدادەبێ و نەخۆشی تایبەتی برسی یەکانی جیهانی سێهەمە .

دووکانێکی چکۆڵەی میوە فرۆشی بوو کە مناڵی گەڕەک زیاتر لەبەر بیستنی چیرۆک وگۆرانی یەکانی لە دەوری کۆدەبوونەوە ،گوێیان لە قسەکانی دەگرت ومیوە شیان لێ دەکڕی .

وەستا بارام بە سمێڵی سپی وسەری تاسی دەتگوت رەزاشایە .کڵاوێکی شاپۆی فەرەنگی بووکە لە تەنەکە دروستکرابووجارجار لەسەری دەنا ومناڵەکان پێی پێدەکە-نین .ئەم کڵاوە (ساڵحە میرزا)ی تەنەکەساز بۆی دروستکردبوو کە تەنەکەسازێکی زۆر بلیمەت بوو .

دەیگوت کاتێک سەرهەنگ لەشکری فەرماندەی پادگانی بانە سواری ئەسپەرەشەکەی دەبوو ودەهات بۆ خیابان دوکاندارەکان بەدار لەتای تەرازووی ان دەداویەکتریان حاڵی دەکرد.

دەدی .(نەیاندەزانی کە ئێوانی بەکەللە دەبێ بە ئاقڵ وزانا نەک بەکڵاو) .

وەستا بارامهەروەها شەڕی مەلاخەلیلی گۆڕئۆمەری بۆمنداڵەکان دەگێڕاوە کە بە شەڕی (کڵاو) بەناوبانگە .

هەروەها شەڕی ئۆمەرپاشای قەلەڕەشەی سەردەشتکە چەپەری شیاکاوی دەرگای ئاغەلی کردبوو بەتەختی پاشایی .

لەوزەمانە خەڵکی چەن دێ بە هاوبەشی کڵاویکی شاپۆیان دەکڕی وهەرکەس دەهات بۆشار کڵاوەکەی لەسەر دەنا و لە دوواییدا لە جێی خۆی دادە-ناوە .

هەر کەسپانتۆڵی کوردی لەپێ کردبایە دژبانەکان بە چەقۆ نێفەکیان دەبڕی .

چارشێونوێژیان لە ژنان دەڕفاند .پیاووژن دەبوایە

دەولەمەنەکان کڵاووکۆت و شلواری ماهووت وگازرۆنیان لەبەردابوو .هەژارەکانیش وەکوو ئێمە کڵاوی تەنەکەیان لەسەر دەنا وبەتاڵێکبەن دە لنگی پانتۆڵەکەیان دەبەست .

قاچیان وەکوو لوولە تفنگی لێ دەهات . دەهاتنە بەردووکان وهەروەکوو کارتۆنی تلویزیۆن خەبەردار دەوێستان وجەناب سەرهەنگیش لەم کارتۆنانە (سان)ی

بە لیباسی فۆڕمەوە بچوونا یە
بۆداوەتی پادگانەکان و
قوتابخانەکان وسەیوی هەڵـ
ـەڕکێ وسەما .خەڵک دەیان
گوت ئەمە کەی ڕەوای حەقە ؟
(کەچ داڕومەڕیز ـ شەڵوارمەدارو
بپەرهیز) کێ دیویەتی ؟

هەروەها ژاندارمەکان کە
بە ئەمنیە ناودەـ
بران خەڵکی دێیەکانیان
لەسەر ئەوە کە جامەکەتان
چوارتەختەیە وپێنج تەختەنیە،
ئەسپەکەم لە تەویلە هێلکەی
کردووە ،کوڕەکەت مەشموولە
دەبێ بچێ بۆسەربازی،نانت
بە چەتەکان داوە ،ئازار دەدا.
مەئمووری سجیل ودوخانیاتیش
لەوێ بوێستێ .کە بەپوولێکی
زۆر ناوی کوڕەکانیان دەکرد
بە کچ .(خولە وئەحەومینە)
دەبووبە (خەجێ وئامین و
گوڵچین) یادەبووبەپیرێکی
شەست حەفتا ساڵە . تووتنی

دەرەجەچوارودەرەجە سێ دەبوو
بەدەرەجە یەک .کلاوی ئەحمەد
لەسەر مەحموود دەکراوکلاوی
مەحموود لەسەر ئەحمەد .(١)

وەستا بارام دەیگوت :
لەبەرئەم ناهەقی یانە بوو کە
برێک لە پیاوی ئازاومایەدار
ڕێگای کێووکەژیان گرتەبەر و
بوون بە چەتە وەکوو (حەمە
تاڵ ـ سەیدعەتا ـ خولەپیزە
حسین تاقە) وهەروەها چەند
دەستەی تریش .پۆلیسی ئێراق،
وژانداری ئێران دەرەقەتیان
نەدەهاتن .هەموویان لەکون
کردبوون . ئەنگێوەیەکی بەـ
دەست و بردبوون .هێلکە و
سیغاریان دەپێکا . پۆلیس و
ژاندارم لە بەریان هەڵ
دەهاتن .جارێک قاچی ژاندارـ
ێک لە دەوەن دەگیرێ .ژاندار
تفەنگ فڕێ دەدا ودەس حەوا
دەخاوهاوار دەکا (دەوەن گیان
تەسلیم ،دەوەن گیان تەسلیم)

هەر لەبەر ئەم زوڵم و
زۆرانە بوو کەلە شەڕی دووـ
هەمی جیهانیدا چەرخیش گۆڕا
وبۆماوەیەک خان وبەگەکان
لە شارەکانی بانە وسەقز بە
حکوومەت گەیشتن .بەڵام
ئەمانیش لەوان چاتر نەبوون،
خەڵک چبکەن ؟ جاری وایە لە
تاو مار پەنا بۆئاگر دەبەن.
خانەکان دەستیان کرد بە
تالان وبرۆ ومال سووتاندن و
پیاوکوشتن .تفەنگچی دەیگوت:
(هەڵوا دەخۆم ،فڕووجی لەژێر
دابێ)یاناوی کەبابی
نەدەزانی بە ئیشارەتی دەس
باوەشێنی دەکرد ووبەزبان
دەیگوت (لەوەی دەخۆم لەو
هەی) .

خانەکانی شاری بانەیان
هەموو سووتاند دەیانگوت:
وەستا وفەعلەمان لەلەندەنەوە
هێناوە ،شارێکی ترتان بۆ
دروستدەکەین . (خواخرابتر
نەدا ،سەدخۆزگەبە کفن دزی هەـ
وەڵ) ئێستێ بەعسی فاشیست
خەڵک بە ماڵەکانەوە دەسووـ
تێنێ !







سەنعەت

سەنعەتی دەست (دەستکرد)

بە شێوەیەکی بڵاو تەقریبەن لە هەمووماڵێک هەیە. ئەو سەنعەتە دەستیانەی لەم ناوچانە هەن ،دوو بەشن ،یەکیان **رستن** ، ئەوی تریان **کردن (تەنین، ـ چنین)ە** .

بەرکاری ئەم سەنعەتە**خوری ومەرەز و ... ە**.ئامرازی رستن هەر **تەشیە** بەلام بۆ کردن ئەو ئامرازەی لازم بێ لەدار و تەختە دروست دەکرێ . کرەکانی سەقز شێوەیەکی سادەیان هەیە ودەکرێ بڵێین ، تەنێ خەڵکی خۆ جێیی دەکاریان دێنن وبریتین لە :

پۆپەشمینـ ئەم کرە نەوعێک **شەمەدە** بەنەکەی باریکان دەرێسرێ و دوو تەختە یەو هەردووکیان تێک دەکرێنەوە . بۆ پۆپەشمین زۆرتر **مەرەزی سپی**بەکار دێ چونکە زۆر نەرم و زەریفە .

پۆپەشمین جێ جێ رەنگی جیا لەئی تەختەکەی تێوەدەدرێ ، بەمجۆرە جوانتر دەبێ.

پۆپەشمین زۆرتر ها وینان کاتی حەسانەوەبۆ رەواندنەوەی مێش ومەگەس بە خۆ دادەدرێ .

بوزوو (شاڵ)ـقوماشێکە بەلانی زۆرەوە دەسانیمیتر بەرینە و درێژایی چەند میترێک دەبێ . خەڵکی ناوچەی سەقز بەم قوماشە دەڵێن **شاڵ .بوزوو** ، بۆ دروونی **رانک و چۆغەکە** بەرگێکی زۆر جوانی کوردی یە بەکار دێ. ئەم بەرگە ئەگەر چاک و تەواو بدروێ زۆر لەبار ورێک وپێکە تەختەی بووزوو بۆئەوەی

به‌رین بێ و رانک وچۆغه‌ی تێبێ به‌ پانه‌وه‌ ده‌سه‌ر یه‌کتر ده‌کرێنه‌وه‌ .

به‌رماڵ ــ هه‌مان **سه‌جاده‌،** یه‌ و دوو ته‌خته‌ (پارچه‌) یه‌تیک ده‌کرینه‌وه‌ .به‌رماڵ میتر ونیوێک درێژه‌ و میترێک وبیست سانیمیتریش به‌رینه‌ بۆ کردنی به‌رماڵ زۆرتر دوو ره‌نگی **سپی و ره‌ش یا سپی و قاوه‌یی** به‌کار دێ .


جاجم ــ هه‌ر وه‌کوو به‌رماڵه‌ به‌ڵام به‌رینتر ودرێژتره‌ و ره‌نگی جۆربه‌جۆریشی تێوه‌ ده‌درێ . جاجم زۆرتر بۆ ده‌سته‌نوێن(**به‌سته‌ک**) ئیستیفاده‌ی لێده‌کرێ .

به‌ڕه‌یا گلیم :

نه‌وعێک رایه‌خه‌ نه‌خش ونیگارێکی ساده‌ی هه‌یه‌ زۆریش به‌ده‌وامه‌ به‌ڵام ، ره‌واجێکی باشی نیه‌و که‌متر ده‌ فرۆشرێ .

هۆزو عه‌شیره‌ته‌کانی سه‌قز و وه‌زعی جوغرافیایی ناوچه‌کانیان :

ئه‌گه‌رچی مه‌به‌ست له‌م عونوانه‌ی سه‌ره‌وه‌ته‌نیا شه‌رحێکی کورتی تایبه‌ته‌کانی، هۆزو عه‌شیره‌تی‌سه‌قزوئه‌وزاعی جوغرافیایی ناوچه‌که‌یانه‌ به‌ڵامچونکه‌ گه‌لی کوردهه‌میشه‌ ئازایه‌تی ووه‌ته‌نخوازی خۆی ئیسپات کردووه‌ ،بێ جێ نیه‌ به‌ کورتی باسی پێشینه‌ی مێژوویی و فیداکارییه‌کانی ئه‌م





گه‌له‌ ئازایه‌ بکه‌ین مێژوو شاهیده‌ چ پێش ئیسلامه‌تی چ پاشان ، گه‌لی کورد بۆ کوژاندنه‌وه‌ی‌ئاگری فیتنه‌و ئاژاوه‌و ئه‌و به‌ڵا و کاره‌ساتانه‌ی رووی کردۆته‌ وڵاتی که‌و ناړای ئێران به‌ گیان و به‌دڵ تێکۆشیوه‌و بۆ پاراستنی شکۆ وعه‌زه‌مه‌تی، گه‌ڕناسی خۆی نواندووه‌ و دوژمن و نه‌یارانی‌له‌رزاند‌ووه‌ و ته‌زاندووه‌ .

ئه‌م گه‌له‌ بوێره‌ که‌ له‌ ره‌گه‌زی ئارییه‌ زه‌مانێک به‌رسینگه‌ی له‌شکری یۆنان که‌ رووی ده‌ئێران کردبوو و بڕی یه‌وه‌.کاتێک ده‌ هه‌زار یۆنانی خه‌ریک بوون له‌ ئێران بگه‌ڕێنه‌وه‌ گه‌لی کورد له‌ چیا سه‌خت و رژده‌کانی کوردستان وای قاره‌مانه‌تی و ئازایه‌تی نواند که‌نه‌ک هه‌ر دوژمنی زۆر به‌توندی تێک شکاند به‌ڵکه‌ هیممه‌تی به‌رز و نیشتمان خوازانه‌ی

خۆشی نیشان دا ئه‌م حه‌قیقه‌ته‌ له‌ قسه‌ی دوژمنانیشدا دیاره‌ و خراوه‌ته‌ سه‌ر رووپه‌ڕه‌کانی مێژوو،به‌ درێژایی دووسالان حوکمڕانی و ده‌سه‌ڵاتداری عه‌ره‌بان له‌ ئێران، گه‌لێکی له‌ هه‌موو گه‌له‌کانی تری زۆرتر وه‌ته‌نداری نواندووه‌ و هه‌میشه‌ بۆ کز کردنی ده‌سه‌ڵاتی بێگانان له‌ ئێران خه‌باتی کردووه‌ ، گه‌لی کورد بووه‌ .بۆ نموونه‌ له‌ راپه‌ڕینی سه‌ربه‌ستی خوازانه‌ی یاقووبی له‌یسی سه‌ففاریدا خۆی له‌هیچ فیداکارییه‌ک نه‌بواردووه‌ و (ساڵی بیست و نۆی هیجری قه‌مه‌ری)، له‌ شه‌ڕ ده‌گه‌ڵ تورکه‌ غوزه‌ وه‌حشیه‌ـ کاندا ، ته‌ئسیرێکی زۆری هه‌بووه‌ ،کاتێک مه‌غوول په‌لاماری ئێرانیان دا ،ئه‌گه‌ر چی حێگه‌ی ژیانی کوردان چیا و ره‌وه‌ز و زه‌رد و ماه‌ ووه‌ به‌ڵام ئه‌و ئاگره‌ بێئامان و

ماڵ وێرانکەرە ئەوانیشی گرتۆتەوە و هەزاران ماڵە کوردی کردووە بە دەستە چیلەی خۆی،ئەمما چونکە نیشتمان خوازی خووخدەیەکی غەریزی و فیتری کوردانە ، قەت لەبەر بەهێزترین دوژمنانیش نەبەزیون و نائومێد نەبوون و هەمیشە لە کەمیندا بوون تا دوژمنان لە مەملەکەتی خۆیان دەرپەڕێنن بۆ نموونە ،ساڵی ٧١٢ ی هیجری چەند تایەفەی کورد بەسەرکردایەتی بەدروددینی کورد بەشێکی سپای مەغولیان کوشت ، کورد لەبەر پەلاماری تەیمووریش راوەستاوە و غایەتی ئازایەتی نواندووە ،مامۆستا رەشیدی یاسەمی خودای لێ خۆش بێ، لە کتێبی " کورد و پەیوەندە رەگەزی و مێژوویی‌یەکانی" دا دەنووسێ : " ... لەساڵی٨٠٣دا ئەودەمەی تەیموورلە بەغداوە دەچوو بۆ ئازەربایەجان ، کوردان لە شارەزوور زەبرێکیان لێدا نەیێتەوە ..." بە دەوری سەفەویش هەرچەندە زوربەی پاتشاکانی ئەم سیلسیلەیە زولم و زۆریان لە کوردان دەکرد بەڵام نەیاندەتوانی چاو لە گەڕناسی و فیداکاری ئەم گەلە بۆ پێشگرتنی هێرشی بێگانان بپۆشن و ئەغلەب هێندێک سنووری وڵاتیان پێ دەسپاردن تا لە بێگانانی بپارێزن،بەشێکی سپاکەشیان لاوی ئازای کورد بوون ، زەمانی شاعەبباسی گەورە ، پایەیەکی گرینگی لەشکری ئێران عەشایری موکری بوون . وەختی راپەڕینەکەی نادر و بزووتنەوەی ئازایانەی بۆ وەدەرنانی بێگانەوبووژاندنەوەی عەزەمەتی ئێران ، تایفە کوردەکان هیچ چەشنە یاریدە- یەکیان لێ دریغ نەکرد، لە دەوری زەندییەشدا کورد بۆ خزمەت کردن و پاراستنی سەربەخۆیی ئێران،لەجاران زۆرتری خەبات کرد و فیدا- کاریەکی کەم وێنەی نواند . پاش برانەوی حوکوومەتی زەند وەکوو دەوری سەفەوی تووشی بەدرەفتاری و دوژمنایەتی قاجاری تورک بەتایبەتی ئی سەر زنجیرەی ئەو بنەماڵەیانی ئاغامحەممەد خانی قاجار بوون سەرەرای ئەمە ئاغا محەممەدخانیش وەکوو هێندێک شای سەفەوی بۆ سەرکوت کردن و لە نێو بردنی یاغی و دوژمنەکانی مەملەکەت دەستی نیازی بۆ ئەم قەومە رەشید و وەتەن پارێزە درێژ کرد ،سەروکێکی کورد بەناوی سادقخانی شکاک بە پیاوەکانی‌یەوە رەگەڵ سپای «دامەزرێنەری قاجارییە» کەوت بۆ بنەگرتوو کردنی دەسەڵاتی قاجار و لەناوبردنی دوژمن و نەیاران کۆمەگێکی زۆری کرد ،بەکورتی ئەم گەلە بەدرێژایی مێژووی ئێران ، هەمیشە بۆ قایمکردنی بنچینە کانی عەزمەتی ئێران و پاراستنی سەربەخۆیی ئەم وڵاتە ، گیانی خستۆتە سەربەری دەستولە مەیدانی شەڕدا لە بەر دوژمن راوەستاوەوخوێنی رژاوە .ئێستاش پاش رابردنی چەند قەڕنان داب ورەسم و خوو وخدەی ئێرانی یە- کانی باستانی بەرنەداوە و پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئێران و گەلانی‌تری ئێران پاراستووە ،ئەمرۆ بەشێکی ئەم گەلە شارنشینە و بەشێکی دێنشینە و بەشێکی‌تریشی ژیانی





عەشایریان هەیە ،والەخوارەوە باسی عەشایری سەقز و وەزعی جوغرافیایی ناوچەکەیان دەکەین:

عەشایری دەوروبەری سەقز

بەگشتی عەشایری دەوروبەری سەقز بەتەرتیبی ژمارەی نفووسیان بریتین لە :

۱ -**فەیزوڵڵا بەگی**
۲-**تیلەکۆ** ۳- **سەرشیو**
۴ -**گەورک** -**عەشایریخوڕخوڕە**

فەیزوڵڵابەگی :گوندستێن (**دەشتان**)ی فەیزوڵڵا بەگی شامیلی بەشی رۆژهەلات و باکووری رۆژهەلاتی سەقزە و لە رۆژهەلاتەوە بە چەمی (**سارووخ**)ی خاکی هەوشار و بەشێکی تیلەکۆوە نووساوە و لە باکوورەوە پاڵی وە ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی مهاباد داوە و لە رۆژاواشەوە بەشاری سەقز وڕێگەی ئیسفاڵتی (**سەقزبۆ تەورێز**)ەوە نووساوە و لە جەنووبەوە بەشێکی خاکی تیلەکۆوە یە. کاری گرینگی خەڵکی گوندەکانی ،کشت و کاڵە بە تایبەتی چاندنی **گەنم و جۆ وتووتن** و رەنێوهێنانی میوەجات . لە هێندێک گوندی، کاڵەکی زور چاک و شیرین رەنێو دێ .

تیلەکۆ - گوندستێنی تیلەکۆ لەنێوان گوندستێنی کەرەفتوو و فەیزوڵڵا بەگی و خوڕخوڕە هەڵکەوتووە .

عەشایری تیلەکۆ دووتایفەن (دونارو هەمەوەیسی)کاری عومدەیان چاندنی نۆک وگەنمو تووتن چەقاندنە. هێندێکیان خەریکی ئاژەڵداریـن هەندێک لە گوندەکانی تیلەکۆ نێوەندی رەنێوهێنانی تریی زۆر چاکن.

سەرشیو-گوندەکانی سەرشیو کەتوونەتە جەنووبی سەقز و لەرۆژ هەلاتەوە بە خوڕخوڕە و لەرۆژاواوە بە گوندستێنی گەورک وبەشێکی گوندەکانی دەورەی بانەوە نووساون . ئەم گوندستێنە لە جەنووبەوەتا (**کۆتەڕەش**) سنووری ئێرانی گرتۆتەوە عەشایری سەرشیو دووتایفەن **وەکیلی و سوڵتانی** .

گەورک - گوندستێنی گەورک دووبەشە .بەشێکیان ناوی هەر گەورکەو ناوی ئەویتر گوندستێنی (مەرخوزی)*یەو بەگوندستێنی **سەرشیو و گەورکی مەهاباد** و نەمەشیوو (**شوێ**)ی بانەوە نووساوە . ئەم گوندستێنە رۆن و خوری چاکی هەیەو زور بەی عەشیرەتەکانی مەڕدارن .

خوڕخوڕە -کەوتوتەنێوان گوندستێنی تیلەکۆو بەشێکی خاکی **مەریوان وسەرشیو** .بەلای روژاوادا پاڵی وە (**میشاو**)ی خاکیعێراق داوە . عەشایری **خوڕخوڕە** پێنجتایفەن : ۱ -**سوڵتانی** ۲ -**شاپەرست** ؟!!! (**رخزادی**) ۳- **کەڵهوڕ** ۴ **شێخەکانی مەولان ئاوا و بست** ، ۵ -**گەلاڵی** . کاریعەشایری ئەم ناوچەیە زۆرترمەڕداری یەو هێندێکیانیش کشت و کاڵ دەکەن.

هەواری شیعر

شاری خامۆشان

ع. حسنیانی

تاقە کووچەی شاری خامۆشان ،
خۆڵە پۆتینێکی نەرمە ،
قرچە قرچی نیوەڕۆی هاوینە ،گەرمە ،
چۆڵ و بێ ئاوایی یە ،
زۆر لە مێژە هات وچۆی تیدانیە.... "
ئەمنی ڕێبوار ،
ئارەقەم تک تک لە ڕوومەت دێتە خوار ،
دەیکوتم ماندوو و شەکەت ،
دەچمە پێشێ،
خۆرەتاو دنیا دەسووتێنێ دەڵێی گیا نەمدەکێشێ
جێگە پێ یەک ،
جێ دەمێنێت ودەبێتە نەخشی ڕێیەک ،
ڕێیەکی سووتاو بە تیشکی داخ وگەرم،
خۆڵە پۆتینێکی نەرم....

*

ڕێزە ماڵێک دێتە بەرچاو :
تۆز لەسەر نیشتوو ،
لە دەس چوو ،
دەرک ودیواری بەسەریەکدا رمیو ،مردوو ،
ئاخرین ماڵ :
کاول وویران و ڕووخاو ،
چاوەیەکی نیوەسووتاو ،
دارو کاریتەی شکاو ،
باخچەیەکی ئیشک،بێ گیا ، تێک دراو ،
جۆگەلەی تینووی دڵۆپێک ئاو ،
چۆڵ و بێدەنگ ،
مات وبێ ڕەنگ ،
دەرکی ژینی داخراو ،
سەردەمێکی کۆشکی ئاواتی منی ئاوارەبوو.

*

تاقە کووچەی شاری خامۆشان ،
خۆڵە پۆتینێکی نەرمە ،
نیوەڕۆی هاوینە ، گەرمە ،
شوێنی پێیەک ،
نەخشی ڕێیەک ،
یادگاری ئاخرین میوانی شارە ،
دوور....کوندێک خەم دەخوێنێ :
ئاخۆ لەم ڕێگایە کێ ڕێبوارە ئەمجارە..؟

*

قوربان وەرە قوربانە سا بمکە بە قوربانت
ڕەنگین کە بە خوێناوم کاکۆڵی پەرێشانت

ئازادیە ئەم ڕۆژە سا فەرموو بە ئازانە
تیرت لە کەمانت خە بۆ قەتڵی شەهیدانت

(حەریق)

مووەدتێکە من گرفتارم بە دەس سەوداتـــــەوە
بووم بە داوی چینی زولف و پەرچەمی تاتاتــەوە

((ناری))

قەت لەژێرباری ژیانا دەرنەچووم پیاوانە مام
ڕەنگی زەرد وپشتی کۆمم شاهیدە بۆمووددەعام
شەرتە باری ژین بەسەربەرزی هەتا مەنزڵ بەرم
قەت نەترسم،ڕانەوەستم،ڕێگە بپرم بـەردەوام

گۆران

ڕۆڵەی بێ دایک

نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ
نەفرمێسک ئەتوانێ برژێ بەبێ دەنگ

نەز مان ئەوەستێ لـەمـە زیاتـر
نەقەڵەم وەک لاشەی مردووی ساردوسـڕ

نەفام لەجێگای خۆی ئەمێنێ نە هـۆش
دیمەنێ من بینیم بەرد دێنێتە جۆش

کێ دایکی ئەتوانێ بێنێتە بەرچـاو
بەمەرگی تاقانەی جەرگی هەڵقرچـاو

دامابێ لە دەشتێ،هاواری بە کـەس
نەگا هیچ..هەرخۆی بێ وەمەیتیکوڕی بەس

ئاسەیری دیمەنی وەها کاریگـەر
کام ویجدان ناداتەبەرنووکی نەشتـەر

بەڵام ئاخ ئەوەی من دیمبەمدووچـاوە
مەینەتێکی سوکە ئەمەی بـەلاوە

بەک دایکی کوڕمردوو ،دیمکۆرپەی ساوا
لای مەیتی دایکیا فرمێسک لەچـاوا

کەوتبوو بەبێ شیر ،بێ لاوانـەوەد
ناوجەرگی ئینسانی ئەچووزانـەوە

کوردی

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مارو رووحی شیرینم نەهات
زامی کۆنەم هاتەژان ومەڕهەمی برینم نەهات
من خەمم خواردوخەمیش خوێنی جگەرمـی خواردەوە
بۆیە گریام چەند بەچەندفرمێسکیخوێنینمنەهات
خەم سەری لێدا مویا رمقەت سەرێکی لێ نـەدام
سەبروهۆشم ڕۆیی وغاڕەتگەری دینم نەهـات
دل دەسووتێ چین بەچین دەشکێتەسەریەکڕوەک فەنەر
خاوەنی رووی ئاتەشین وزولفی چین چینم نەهات
دیدەوەک هەوری بەهاران خوێن دەگرێ
پێکەنینی خۆنچەیی نەوسەبزەپەرژینم نـەهات
گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایەبەرخۆی رایڕفاند
وای عەجەب بۆشا سـوار وخانەیی زینم نەهـات

تاهیر بەگی جاف

ئەسلی خەزانی هیجرە رسمی زەمانی دوونـە
دەردی ئیراقی یاران تەقدیری کافونوونە
دنیا بەرەسمە وایە بەزمی وەکوو بەڵایـە
عەیشی وەکوو جەفایە بادە بەرەنگی خوونە
بێزارە تەن، لەهیجران چاویش پڕەلەگریان
چبکەم عیلاجێ قوربان؟دل عاجزو زەبوونـە
شیرینە وەسلی یاران چونکەدەگاتە هیجران
نازانی رووحم ئەمما چەندتاڵوترش وتوونە
لەژێرخەما مەوەستە فەرموو دەست بهێنـە
خزمانی شادمانە (طاهر) ماتوزەبوونـە

شوکری فەزڵی

ئیش کەرووی ئێستێ لەهەوراز ەسەرەولێژی نەکەی
بیری دووریشی دەوێهەربەدوعاونوێژی نەکـەی
گێرە شێوێنێ کەکای کۆنی بە بـادا لـە کنت
چاکە هەرلێی خوڕی سەیری دەم وکاوێژی نەکـەی

حەیفە چاوی کەجەفا کولە وەژی تێ دەوەژانـد
تۆ بەکلچۆکی وەفات عەینی گەلاوێژی نەکـەی
سەرەتای ئیش هەموو یەک بوونەئەویش نابێ هەتا
هەربرینێ کەلە دڵدا هەیەساڕێژی نەکـەی
قەومی بێ سەر نیە ئیمڕۆ لەهەموو عالـەمـدا
دەتەوێ تاجی سەری بی بە هەوا گێژی نەکـەی
شا وەکوو شایەکی شەترەنجە لە عالەم ئیمڕۆ
گەورە قانوونە قسەی کورت ئەوەیە درێژی نەکەی

بۆ هەر دەنگێک لە زمانی کوردیدا ناوێکی جیاواز هەیە و زمانەکەمان لەم بارەوە زۆر دەوڵەمەندە .ئەوەی لەم وتارەدا نووسراوە تەنیا بەشێکە لەو بابەتە .

رەنگ بێ لەهەر لەهجەیەکدا ناوێکی جیاوازی تریش بۆ ئەم دەنگانە هەبێ،خوێنەرانی بەڕێزی سروە دەتوانن کەموکووڕی و ناتەواوییەکانی ئەم باسەمان پڕابکەیەنن و بۆ کامڵ کردنی یارمەتیمان بدەن،خوایارێ لە ژمارەکانی داهاتوودا کەلک لە نووسراوەکانتان وەردەگرین .

"سروە"



دەنگ لەزمانی کوردیدا

مەحموودی شکاک زادە

دەڵێن موعجیزەی حەزرەتی سولێمان ئەوە بووە کە بە زمانی هەموو گیانلەبەرێکی زانیوە وقسەی لەگەڵ هەموان کردووە لە دێوودرنج رابیگرە هەتا مێرووله ومێشوولە .

راستە کە زانینی زمانی ئەو هەموو گیانلەبەرەی خودا خوڵقاندوونی موعجیزەیە بەڵام ئەگەر بیری لێ بکەینەوە زۆر سرنج راکێش و خۆش و کەیف بزوێنیشە ،وەرن سەرێک لە باغ وبێستان ودەشت و کێوەکانی ولاتەکەمان بدەین جا لە هەر جێیەکی ئەو ولاتە پان وبەرینەبین جێگامان کوێستانی زەنوێری کوردەواری بێ یا بێروون (کەویر)و(قاقڕی) بەشی نێوەڕاستی ئێران بێ، لە قەراخ ئاوەکانی دەریای خەزەر یا خەلیجی (ئاودرگە) فارس بێ لە هەر جێیەک بێ، وەرن تاوێک گوێ هەڵخەین بزانین چەند جۆرە دەنگمان گوێ لێ دەبێ ولەشەوو رۆژدا ، چەند جار مەستی چریکەی بولبول وباڵەوبارەی بزن و مەڕەکێوی وگمەی کۆتر و قاسپەی کەو........ دەبین ، خودا پێمان بڵێ و ئەوهەموو جوانی یەمان پێ رەوا ببینێ .

خوالێ خۆشبوو مامۆستا هێمن لە سروەی ژمارە٤و٣ دا وتارێکی جوانی لەبارەی (راوەتاژی)دا نووسیبوو لەودا چەند رەنگ و دەنگی تاژی (تاجی) ناساندبوو هەر ئەو کارە بوو بە هەوێنی ئەوەی دەستیان دێ ودەیزانن بینووسنەوە وبڵاوی بکەنەوە ، بە یارمەتی مامۆستایان وچاپزانان فەرهەنگێکی پڕاو لە دەنگ ورەنگ و....(هتد) بنووسرێتەوە .

تەنیا سەر چاوەی زانینمان لەم بارەوە کارەبەنرخەکانی **مامۆستا خاڵ و مامۆستا عەلائەدین سەجادی و مامۆستا شوکروڵڵای بابان و مامۆستا بۆرەکەیی نەبێ** .ئەگەرچی ئەوان زۆریان حەول داوە بەڵام بایەخێکی کەمتریان بە دەنگەکان داوە .

تەنیا **مامۆستا زەبیحی لە** قاموسەکەی خۆیدا هێندێکی لەم دەنگانە هێناوە و بەس.

کە وەبیر مووسیقای گەرمو روحپەروەری کێوودەشت و مێرگەکانی ولاتەکەم بکەمەوە وئەوەی خۆم بیستوومە یا بۆیان گوتووم بیهێنمە سەر کاغەز ،بەڵکوو سروەی خۆشەویست چاپی بکا وببێتە بزوێنێک بۆ خوشک و براکانم هەتا ئەوانیش ئەوەی لە

چاکەوابوو ئەگەرئەوان تەنیا رچەیان شکاندووە ئێمە پێیدا بڕۆین و نەیەڵین ئەم رێگەیە کوێر بێتەوە .

شتێکی کە پێویستە بە خوێنەرانی بەڕێزی رابگەیەنم ئەوەیە کە ئەودەنگ نامەیە کەم وکورتی زۆرە .بە بیری خۆم کردوومەتە چەند بەش ولە رێزکردن بە پێی پیتەکانی "الف وب)چاوپۆشیم کردووە ،هیوادارم بمبوورن .

١- دەنگی گیان لەبەری چوارپێ دەستەمۆ یا کێوی

بزن = دەهێرێنی (هێراندن)
گیسک = دەبێلێنی(بێلاندن)
مەڕ= دەکاڕێنی(کاڕاندن)
بەرخ = دەباڕێنی(باڕاندن)
کەڵ وگامێش = دەهۆقێنێ ، (هۆقاندن،هۆقە)دەفشقێنێ (فشقاندن ،فشقە) دەمشێنێ (مشاندن،مشە) دەهاژێ (هاژان ، هاژە)
گاومانگا = دەهۆڕێنی(هۆڕاندن، هۆڕە)دەبۆڕێنی(بۆڕاندن بۆڕە)دەهاژێ (هاژان)
ئێستر (یستر)= دەزوقێنێ (زوقاندن ، زوقە)
بارگین ومایین = دەحیلێنێ (حیلاندن ،حیلە) دەپرمێنێ (پرماندن،پرمە)
بەران = دەمرقێنی(مرقاندن مرقە)
وشتر ولۆک = دەلرفێنێ (لرفاندن،لرفە) دەبلەمێنێ بلەماندن ،بلەمە)
کەروجاشک = دەزەڕڕێنێ (زەڕڕاندن،زەڕڕە)و........
پشیلە= دەمیاوێنێ(میاواندن میاوە)
سەگ = دەلوورێنێ(لووراندن لوورە)دەنووزێنێ(نووزاندن نووزە) دەمرێنێ(مراندن ـمرە) دەقرووسکێنێ(قرووسکاندن قرووسکە) دەوەڕی (وەڕین)
گورگ = دەواقێنێ (واقاندن واقە)
بەراز= دەفشقێنێ(فشقاندن فشقە)
ورچ = دەبۆڵێنێ (بۆڵاندن بۆڵە)دەهۆڕێنێ (هۆڕاندن هۆڕە)
تاژی (تاجی) = دەناسکێنێ (ناسکاندن،ناسکە ،ناسکەناسک)
شێر= دەنەڕڕێنی (نەڕڕاندن نەڕڕە)
هەور= دەگرمێنێ



پاشماوەی باسی ئەدەبی......

بێنرخ شتە سەرەکیەکانی ژیانی کومەڵ هەموو کومەڵ نەک تاکە کەسێک یان بەشێکی بچووکی وەربگرێ لەم سەردەمەدا زۆرجار دەبینین کە شاعیرێک لە کومەڵەکەی خۆی یاخی دەبێ و دژی هەموو کومەڵ رادەپەڕێ،بێ ئەوەی بەشە چاکەکەی کومەڵ جوێ کاتەوە ،لێرەدا هونەرەکەی وی پڕ دەبێ لە رەش بینی و نائومێدی و بێزاری لە ئینسانیەت

لە کۆتاییدا دەڵێین شیعرێک کە تەنیا لەپێناوی شیعردا گوترابێ هەرگیز دەلیلی ئازادی شاعیر نیە بەڵکوو بە پێچەوانە خۆ شاردنەوە و راکردنە لەدەست ژیان کە ئەوەش دروست مانای کۆیلەتی و نەبوونی ئازادی یە

ئازادی هونەری هیچ کاتێک لەخۆبەستنەوە بە کومەڵ جوێ ناکرێتەوە و هەردووکیان پێویستی بۆیەکترو ناتەواوی یەکدی تەواو دەکەن هەر بۆیەش هیچ کاتێک نابێ شاعیرێک وا هەست بکا کە هیچ ئەرکێکی لەسەر شان نیە و هەرچی بیلێ و نەیلێ ئازادە بەڵکوو ئەو مەزن ترین و پیرۆزترین ئەرکی لەسەر شانە کە ئەویش چاوکردنەوەی خەڵکە بۆ ژیان کەواتە وەکوو گوتویانە" شاعیر و نووسەر وەستای بیناکردنی بیر ورای خەڵکن

تەواو

ئاوڕێک وەسەر مێژووی کوردستان

گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی

"ع. ب. سەمەدی"

نێوەرۆکی ئەم باسە بریتی یە لە گەڕانەوەی دە هەزار سەربازی یۆنانی بە سەرکردایەتی گزنفۆن[1] لە (بابل)ەوە بۆ مەوتەنی خۆیان، یۆنان.

بەڵام بەر لەوەی بزانین کوردستان لەم بەینەدا چ نەقشێکی بووە وچ دەورێکی بینیوە، باشترە کەبەکورتی و سەرپێیی چاوێک بە سەرجەمی رووداوەکە دابخشێنین وتەنیا لەو وەختەدا بکەوینە شوێن ئەم لەشکرە دەهەزارکەسی یە کەپێ دەنێنە شاخ وکێوەکانی کوردستان وئەم کەوتنەشوێنە پێ بەپێ درێژە دەدەین تاکوو کەوشەنی کوردستان دەبڕن و دەچن دەخاکی ئەرمەنستانەوە ئێمەش لە سنووری ئەرمەنستان را دەگەڕێینەوە.

لەخێڵی مێژوو نووسانی یۆنانی لەمەر سەردەمی هەخامەنشی یەکانەوە (۲) سێ کەسیان لەوانی دی بەناو بانگتر ونووسراوەکانیان بەکەلکترە. ئەمانەش (هرودت)[3] و (کتزیاس)[4] و ئەم سێ مێژوو نووسە لەگەڵ هەخامەنشی یەکان هاوچەرخ بوون ولەنزیکەوە شارەزایی یەکی تەواویان لە چلۆنایەتی ژیانی ئەوانە هەبووە وکتێبیان لە سەر نووسیون.



لەم بەینەدا گزنفۆن لەوانی دی بەختەوەرتر بووەو هەرچی نووسیویەتی ئەمڕۆ بە تەواو و کەماڵی گەیوەتە دەستی ئێمە . لەکتێبەکانی گزنفۆن ئەوەی لە بابەت مێژووەوە دوابێ و نـأوی مێژووی لەسەر بێ چوارن . کەهەر چواریان بۆساغکردنەوەی مێژووی یۆنان وئێران زۆر بەکەلکن :

هلنیکا (١) ئاگەسیلائوس (٢) سایروپدیا (٣) ،ئاناباسیس(٤) ئێمەباسی ئەم وتارەمان لە کتێبی چوارەمواتە"ئاناباسیس" هەڵبژاردووە .ئەم کتێبە کە بەبڕوای مێژووناسان پڕبایەخترین کتێبی گزنفۆنەباسی لەشکرکێشی"کووروش" (٥) بۆ سەر برای خۆی " ئەردەشیری دووهەم" (٦)وشکان و کوژرانی کووروش لە نزیکی بابل و لە ئاکامدا ئاوارەوبێ دەسەڵاتمانەوەی دەهەزار سەربازی یۆنانی کە لەسوپای کووروشدا بوون و گەڕانەوەی ئەوان بەرەو یۆنان ، دەکا .

ئاناباسیس بەزبانی یۆنانی بەمانای"سەرکەوتنە " ومەبەست لەم سەرکەوتنە گەڕانەوە لە دەریایە بۆ وشکانی هەر وەکوو لەوشکانی را بۆ دەریا چوونیش دەبێتە (کاتاباسیس " کەبەمانای داکەوتنە " بەڵام ئەمکتێبە لەناوئوڕووپایی یەکاندا بە (گەڕانەوەی دەهەزار کەسی) ناوبانگی دەرکردووە .

لەسەر تەختی پادشایەتی ئێران کە بەمیرات بەجێ مابوو گێرە وکێشە دەکەوێتە نێوان دووبنەماڵەی ئێرانی. لەم بەینەدا براچکۆڵە هەڵدەکوتێتە سەر برای گەورە ولەشکرێکی دەکا کەسێزدە هەزار کەسی ئەم لەشکرە بەکرێ گیراوی یۆنانی بوون . لەشکر لە گردوپەڕی ئاسیای پچووکەوە بەرەو ئێران وەڕێ دەکەوێ ولە نزیکەی بابل ئاگری شەر هەڵدایسێ لە هەوەڵ لێکداندا کووروش وەبەر دێ و لەشکرەکەی سەرکردە یۆنانی یەکانیەک یەک بە دەهۆی دوژمن بەردەسدەبن و دەکوژرێن .

یونانی یە بێ سەرکردەکان وەک لەشی بێ سەریان لێ دێ و دەکەونە بارێکی ئەستەم بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لەم وەختە ناسکەشدا خۆ نادۆڕێنن و بەهاودڵی وهاوزبانی بۆ نەجاتی خۆیان وگەیشتن بە ئامانج سەر لەنوێ سەرکردەی تر هەڵدەبژێرن وبەورەیەکی پتەو بەرەو زێدونیشتمانی خۆیان وەڕێ دەکەون و پێوی هەموو سەختی و دژواری یەک لەخۆ هەڵدەسوون .

لەم گەڕانەوەدا رێگەیەکیتر هەڵدەبژێرن وبەرێی خۆیاندا ناگەڕێنەوە .

لەشکر لە ئەوپەڕی رێک و پێکیدا رێگە دەبڕێ وبەرەو پێش دەچێ و لەم بەرەوپێش چوونەدا دەکوژێ ودەسووتێنێ وتالان دەکا . بەڵام کە دەگەنە کوردستان هەردەڵێی ئەو لەشکرەی پێشوو نین .

بەزمان لووسی لەگەڵ خەڵک دەدوێن وچاوی تەماحیان لە ماڵی کەس نیە ،تەنانەت دەس نادەنە پووشکەیەکیش ،خودا خودایانە بەبێ شەڕ وشوور خۆبگەیەننە خاکی ئەرمەنستان کەچی ئەمجار ئەوەکوردەکانن کە پەلپی شەڕیان پێ دەگرن و پێ لەکلکیان دەنێن .

هەرچۆنێک بێ چیاکانی کوردستان دەبڕن ولەمخانەش رزگاریان دەبێ سەیر ئەوەیە بەگەیشتنە لێوی دەریا یبە ئیدی گەورە و چکۆلەیی یان نامێنێ ورێزە پتەوەکانیان قەڵشی تێ دەکەوێ .هەندێک پەلەیانە زوو بگەنەوەماڵ ، هەندێکی دی کە گەرەکیانە بەدەستی پڕ بگەڕێنەوە ئارەزووی‌تالان و بڕۆیانەو بۆ گەڕانەوە بەپەلەنین ، و هەندێکی تریش لەم بڕوایەدان کە گەڕانەوە و لەژووری‌خزان چ کەلکی نیە وسەریان لەشەڕ وشووورەدەخورێ . لەم بەینەدا گزنفۆنیش کە ئێستا یەکێکە لە سەرکردەکانی لەشکربڕوایەکی هەیە : ئەو(هەلە بەغەنیمەت دەزانێ و دەیەوێ لەمدەرفەتە بۆ داگیرکردنی شوێنێک لە قەراغی دەریای رەش کەلک وەرگرێ وموستەعمەرەیەک بۆ یۆنان دروست بکا .

ئەمە لەبەختی مێژوو بوو کەسەر کردایەتی ئەو لەشکرە

بکەوێتە دەست کەسێکی نووسەر وئەهلی قەڵەم وەک گزنفۆن تا کوو هەنگاو بەهەنگاوی رووداوەکان بۆ مێژووتۆمار بکا ولەکتێبی"ئانا باسیس" یا بەقەولی ئورووپایی یەکان "گەڕانەوە"دا بیهێڵێتەوە .



ئەم کتێبە لەنێونووسراوە مێژوویی‌یەکانی یۆناندا بە شتێکی رەسەن وتاقانە دەژمێردرێ .

ئێستا یۆنانی یەکان لە جنووبی کوردستان نزیک دەبنەوە وبێ خەبەرن کە چ رێگایەکی سەخت ودژواریان لە پێشە و دەکەونە چەلەسمێکەوە . لێرەڕا واباشترە کە رووداوەکە بەوردی لەزمانی گزنفۆنەوە ببیەین :

" ئەوەدەمەی کە سوپای یۆنان بەسەرکردایەتی "خێری سۆفۆس" لەکێوەکان داگەڕان کەوتنە دۆڵی دیجلە .واوێدەچوو کە ئاو وگڵ ئێمەی کێشا بێتە ئەم مەڵبەندە چونکە لە هیچ لایەکەوە دەرچوونمان نەبوو .سێ رێگەمان لەبەر بوو .یائەوەی لەدیجلەبدەین وبپەڕینەوە ،یا خۆباوێینە کەژ وکێوە بەسامەکان ،یان بەو رێگایەدا کەهاتبووین بگەڕێینەوە . رووما ن کردە دیجلە وقووڵایی یەکەمان بەرمبەر پێوا ،بواری نەدەدا . یەکێک لەسەربازەکان گوتی . کوندە با دەکەین وپر دێک هەڵدەبەستین . ئەمەفکرێکی جوان بوو و بۆشمان دەلوا بەڵام سوارەکانی سوپای ئێران لەوبەری ئاو دامەزرابوون ونەیاندەهێشت تەنانەت سەربازێکیش پێی بگاتەوشکانی. سەرکردەکانی یۆنان، ئەسیرە ئێرانی‌یەکانیان بانگ کرد تاکوو بۆدۆزینەوەی رێگایەکی دەرچوون پرسیاریان لێ بکەن لەئاکامدا زانیمان کە ئەگەر بەرەو رۆژهەڵات برۆین کوێستانەکانی ئێران و هگماتانەی هاوینە پێ تەخت و"شووش"ی زستانە پێتەختی شای ئێرانمان لەبەرە،بەرە و رۆژ ئاواش دەگاتە ئاسیای بچووک وسەر لەنوێ تووشی سوپای ئێران دێینەوە. ئێمەش نەماندەویست چی دی لەگەڵ لەشکری ئێران تێکهاڵێین . کەوابوو تەنیا رێگەی ئێمە هەرباکوور بووکە ئەویش وڵاتی کوردەکان بوو .

ئەسیرەکان پێیان گوتین : ئەم کوردانە زۆر دڕن شاهەنشا جارێک بۆ سەرکوت کردنی وان لەشکرێکی بیست هەزار کەسی ناردە سەریان گشتیان کوشت و تەنانەت چۆلەکە کوڕیان نەهێشتن(٧) . بەڵام ئەگەر بەشەڕو لێکدان بتوانن لە چیاکانی کوردستان دەرباز بن دەگەنە ئەرمەنستان کە یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندو پڕ نازونیعمەتەکانی شاهەنشاهی ئێران . لەوێشەوە بۆ هەر وڵاتێکی پێتان خۆش بێ رێگە یەک هەیە .

هەوەڵ بازگەی کوێستانەکان لەئێمە نزیک بوو .بڕیارمان دا بەرلەوەی کوردەکان ئامادەی بەرگری بن خۆ بگەیەنینە ئەم دەرڕەوە و بیگرین ، فەرمانمان بە لەشکر دا کە لەشوێنی پێشوو نیشتەجێ بن و پشوویەک بدەن تاکوو لە نیوەشەودا وەڕێ کەوین .

لەدوای پاڕانەوەوقوربانی کردنێکی زۆر بۆ خوداکان بە تاریکایی شەو دەشتمان بڕی و لەگەڵ کازیوەی بەیانی گەیشتینە هەوەڵ بازگەی کوێستان خێری سۆفوس لەگەڵ تاقمی سووکەچەک پێشەنگ بوون ومنیش سەرکردایەتی پشتی لەشکرم پێ سپێررا بوو ،وسەبارەت بەوەی خەیاڵمان لەپشتی لەشکر تا رادەیەک ئەرخەیان بوو دەستەی قورسەچەک لەپشتەوە لەژێرفەرمانی‌مندابوو .

لە دۆڵەکان و داوێنی کێوەکاندا گوندی کوردەکان

دیار بوون کە ئێستا هەموو چۆلکرابوون وبەژن ومنداڵەوە بەرەو بەرزایی هەڵکشابوون وهەرچی هەیانبوو بەجێیان هێشتبوو. ئێمە لە خواردەمەنی هەرچی پێویستمان بوو بردمان وریای لەشکر بووین کەجگە لە خواردەمەنی دەس لە هیچ شتێکی تر نەدەن. هەرچەند ه مس و مەسینە جوانەکانیان بۆ ئەوە نەدە بوو چاوپۆشی لێبکرێ بەڵام دەمانەویست بەم کارە کوردەکان لەخۆ



رازی بکەین بەلکە ئێزنی ئەوەمان بدەن بەبێ شەڕوشوور وبەتەبایی بە ناویاندا تێپەڕین. لەبەر ئەمە گەیشتباینە هەر کوردێک پێمان دەگوت ئێمەش وەکوو ئێوە بەپادشای ئێران نەتەوین و ئەوە لەشەڕی ئەوان دێینەوە. کەچی هیچ وەڵامێکمان لێ نەدەبیستن.

پاشی شازدە سەعاتێک رێ پێوان، ئەو دەمەی کە وڵات تاریک داهاتبوو، لە بەرزایی بەرەو گوندەکان داگەڕاین. لەکاتێکدا کە پێشەنگی لەشکر پێی دەنایە گوندەکان، پاشەنگ تازە لە داوێین. دەروازەی کوێستان وە دەر دەکەوت. لەم وەختەدا بوو کە پۆلێکی بچووکی کوردەکان هێرشیان کردینە سەر، ئەمە رووداوێکی تاڵ بوو وپێی سەلماندین کە ئەگەر کوردەکان دەستەیەکی گەورەتر پێکەوەنێن دەتوانن لایەکی لەشکرەکەمان رەش بکەنەوە.

هەرلەسەری شەوێوە لە دۆڵێکا لەشکربەزمان کردو پەسیومان گرت، هەرچەند کە شوێنێکی باش نەبوو، چونکەلە بەرزاییەکانی دەوروبەرمان قەراولەکوردەکان چاویان لێ زیت کرد بووینەوە و تروسکەی ئاگرەکەیان لەمەوە دیار بوو.

سبەینێ بەیانی، ئێمەی سەرکردە کۆبووینەوە و دوای تەگبیر وراوێژلێ بڕاین کەهەرچی ئەوانەی سەربارن و بەکاری شەڕ نایەن بەجێیان هێلێن وباری خۆمان سووک بکەینەوە، بۆئەوەی دەستوورەکە بەباشی بەڕێوە بچێ لە زارکی رێگەیەکی تەنگەبەر وێستاین ولەشکرمان گرتە ژێر چاوەدێری وبەمجۆرە ئەوێ ئەسیر وشەل و کوێر وچوارەوای کز ولاواز بوو لەوی جێمان هێشت ورۆیشتین ئەوێ رۆژێ لەچەند جێگەوە لەگەل دوژمن تێک ئالاین. بۆ سبەینێ را رەشەبای کوێستان هەڵیکردێ، بەڵام چونکە توێشوومان لێ بڕابوو لەهیچ کوێ مەنزڵمان نەخست هێرش، وپەلاماری کوردەکانیش لەگەڵ تۆفانەکە دەستی پێ کرد.

---

۱) (۴۳۰ - ۳۵۵ی پێش زایین).

۲) سلسلەیەکی پادشانی ئێران بوون وسەرسلسلەکەیان کوورشی مەزن ودوایین پادشایان داریوشی سێهەم بووە لەسەدەی ۴ تا ۶ی پێش زایین لە سەرکاربوون وپایتەختیان پازارگاد بووە وبەدەستی ئەسکەندەری مەقدونی محف بوونەوە.

۳) (۴۸۴ - ۴۲۵ی پێش زایین)

۴) (سەدەی ۴ و ۵ی پێش زایین)

۱)

۲)

۳)

۴)

۵) مەبەست کووروشی (صغیر) ە کە برای ئەردەشیری دووهەم بووە ونابێ لەگەڵ کووروشی مەزن کوڕی کامبیز (کبوجیه) بەهەڵە بگیرێ.

۶) ۳۷۹ - ۳۸۳ی پێش زایین.

گردوپەڕ: کەنار، (ساحل)

دەهۆ: فیل، (حقه).

بوار: تەنکایی نیسبیی لەوچەم و رووبارانە، کەپیادە دەتوانێ پێیلنداپەڕێتەوە، (گدار)

کونده: پێستی بزنە کەبەساغی دەرهاتبێ و خۆشکرابێ بۆ ئاوتێ کردن، (مشک).

لوان: گونجان وهەڵسووڕان(امکان)

۷) واوێدەچێ ئەم شاهەنشایە داریوشی دووهەم (اخس) بووبێ کە لە ساڵی ۴۰۴ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە.



کابرا یەکی گێلی ماڵ وێران هەبوو هەرچی پێیان دەگوت کاری بکە ،دەیگوت جا بۆ لە خۆڕا خۆماندوو کەم؟ بەختی من لە مێژە نوستووە ئاخر هێندەیان پێ گوت جاڕز بوو هەتا وای لێهات رۆژێکی قەراری دانا وەدوو بەختی خۆی کەوێ و لەوێ وەخەبەری بێنێ .

زۆر رۆیی کەم رۆیی تووشی گورگێکی بوو .گورگە هەرای کرد :

ـ مامە ئەوە بۆکوێ دەچی ؟

کابرا کوتی :

ـ دەچم وەدووی بەختی خۆم دەکەوم .

گورگ کوتی :

دەباشە ئەگەر بەختت دیتەوە لێی پرسە بزانم بۆچی ئەمن هەرچی دەخۆم تێرناخۆم؟

کابرا کوتی :

ـ بە چاوان شەرت بێ ئی تۆشی پێ بڵێم.

ئەوەندیٚ کوت ووەڕێ کەوت.دیسان کەم رۆیی زۆر رۆیی گەیشتە مەزرایەکی کابرایەک جووتی دەکرد لێی چۆپێشیٚ وکوتی :

ماندوو نەبی مامە!

جوابی داوە :

ـ بۆخۆت بەخێربێی،ئەوە بۆکوێ دەچی بە خێر؟

کابرا کوتی :

ـ وەڵڵا ئەوە دەچم وەدووی بەختی خۆم دەکەوم.

کابرای جووتێر کوتی :

ئەگەر بەختت دیتەوە لێی پرسە بۆچی ئەمن چەند ساڵە لە سەر ئەو پەڵە زەوی‌یەی کاریٚ دەکەم بەڵام

قەتم هیچ نیە و زەوی یەکەم نان و
تۆویش ناکا ؟
گێلە کوتی :
بە چاوانی تۆشی لێ دەپرسم .شەوێ
میوانی کابرای بوو بەیانی هەمان
هەمان هەستا وەڕێ کەوتەوە .
بە قەولی چوان کەم ڕۆیی زۆر ڕۆیی



گەیشتە شارێکی .
رەسمی ئەو شارەش وابوو هەرکەس
چووبایە دەبا شەوێ میوانی
پاشای بایە .
هەر کە کابرا لاقی دەشاری نا
وەپێش خۆیان داو بردیانە خزمەت
پاشای
پاشا کوتی :
کابرا بۆکوێ دەچی ؟
کابرا کوتی :
ـ پاشا سلامەت بێ بەختی من
نوستووە دەچم وەخەبەری دێنم .
پاشا کوتی :
ئەگەر بەختت دیتەوە ، ئەمنیش
پرسیارێکم هەیە ئەوەشی لێ پرسە

کابرا کوتی :
بە چاوان پێم بڵێ ئەمنیش لێی
دەپرسم .
پاشا کوتی :
ئەمن ئەوە مەملەکەتم لەبەر دەستی
دایە ولێرە کەس لە من گەورەتر
نیەکەچی قەت دڵم ناپشکوێ . بزانە
لەبەر چی وایە .
کابرا ڕۆیی ،ڕۆیی هەتا بەختی
خۆی دیتەوە . تەماشای کرد لە بن
دارێکی خەوی لێکەوتووە .وەخەبەری
هێنا
بەخت کوتی :
گێلە ئەوە ئەتۆی لە ترسی تۆ
پەنام بۆئەوشاخ وداخە هێناوە .
لێرەشم لە کۆڵ نابیەوە .بڕۆئیدی
تازە خەمێ مەخۆ رزگاریت هات .



کابرا کوتی :
بەختگیان لە رێی یە تووشی
گورگێکی هاتم ئەویش پرسیاری

هەبوون دەیکوت بە بەختی بلێ
ئەمن بۆچی هەرچی دەخۆم .تێرنا خۆم؟
بەخت کوتی :
بە گورگی بلێ پیاوێکی کەر بخوا
تێردەخوا.
کابرا کوتی :
کابرا یەکیش زەوی دەکێلا.دەیکوت
زۆری سەعی لێ دەکەم بەلام قەت



بەروبووی زەوی یەکەم بەشی وەختاو
وەختێم ناکا.
بەخت کوتی :
– ئەویش زەوی یەکەی خەزینەیە-
کی تێدا ئەو خەزێنەیە دەرێنێ
زەوێ کەی چادەبێ.
کابرا کوتی :
پاشا یەکیش دەیکوت قەت دلم
ناپشکوێ چ بکەم ؟
بەخت کوتی :
ئەویش کچە بلێ مێردێ بکا چادەبێ.
کابرا ماڵ ئاوایی خواست و وەرێ
کەوت .هات ،هات هەتا گەیشتە
شاری پاشای .لێی میوان بووو کوتی:
– بەخت دەیکوت پاشا کچە
مێردی بکا چاک دەبێ ودلێ دەپشکوێ
پاشا کوتی :
جا ئەگەر وایە تاکەس نەیزانیوە
وەرە مارەم کەوببە بە پاشای ئەو
مەملەکەتە .
کابرا کوتی :
برۆ دایکم برۆ ئەمن تازە بەختم
وەخەبەر هاتووە ژنم بۆچیە؟ ئاخر
هەرچەندی پاشا لە بەری پاڕاوە



بە قسەی نەکرد ورۆیی
کەم رۆیی زۆر رۆیی هەتا گەیشتە
کابرای جووتێر کوتی :
بەخت دەیکوت :
خەزێنەیەکی زێڕوگەوا هیرات لە
زەوێ کەی دایە ئەوی دەرێنێ
زەوی یەکەی بەکەیفی وی وەبەرەکە-
ت دەکەوێ .

جووتێر کوتی :
جا هەتا کەس نەیزانیوە هەستە بڕۆین بیدەینەوە وخەزێنە دەرێنین، نیوەی تۆو نیوەی من بەشی دەکەین
کابرا کوتی :
مامە خەرفاوی ؟ ئەمن تازە بەختم وەخەبەر هاتووە کوا موحتاجی



ئەو جوورە شتانەم.
ئەویش زۆری لەبەر پاڕاوە بەڵام نەیسەلماند و ڕۆیی.
گەیشتەوە گورگی .گورگ کوتی :
بەختت دی ؟
کابرا کوتی :
ـ بەڵێ ئەرێ وەڵڵا دیتم.دە ـ
یکوت بە گورگی بلێ پیاوێکی کەر و گێل بخوا تێردەخوا.
گورگە کوتی :
دابۆم بگێڕەوە بزانم چۆن چووی و چۆن هاتیەوە وچت دی؟
سەرت نەیەشێنم چۆنی بۆ ئێوەم گێڕاوە کابراش ئاوای بۆ گورگە



گێڕاوە.
گورگ ئامبازی بوو. کوتی :
ئەگەر وابێ لە تۆم کەرتر وەگیر ناکەوێ.
گرتی خواردی وئاسوودە ورەحەت.
ئەمنیش هاتمەوە لەولاڕا کاڵەم دڕاوچم پێ نەبڕا .

ئاوڕێک وە : «دیوانی نالی»

ج. ئاشتی

هەرکەس بێتوو شیعرێکی نالی لەبەرچاوی خۆ رۆنێ و بەلای خۆیەوە لێکی داتەوە ر هەلیسەنگێنێ جا ئەوجا ربچێتە سەر شی کردنەوەی مامۆستایانی موحەقیق بۆی دەردەکەوێ کە ئەوبەڕێزانە چەندەیان لە گەڵ ئەو دیوانە زەحمەت کێشاوە وچ کارێکی گەورە و گرانیان کردووە، ئەوکاتە بە دڵ سوپاسیان دەکا ودوعای بەخێریان بۆدەکا .

لەگەڵ ئەوەدا کە ساغ کردنەوە و رێک وپێک کردن و شی کردنەوەی ئەو دیوانە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا بێوێنەیە ، بەلاّم بێ کەم و کووڕیش نیە .

ئەو کەم و کووڕیانە کە لەچاو ئەوکارە یەکجار بچووکن دەتوانێ لەو بارانەوە بێ:

١ ـ پێ ناسی ،شیعرەکان

٢ ـ زێدەکردن یان قرتاندنی بەستەشیعرێک

٣ ـ پاش وپێش کردنیبەیت گەلی شیعرێک

٤ ـ بۆچوون ومانالێ دانەوەی شیعرەکان

٥ ـ چۆنیەتی چاپ بوون کەلەوانەیە تەوارە ومانای شیعرێکی تێک دابێ(ئەگەر جوانی کردبێ چ باشتر) .

شک لەوەدا نیە کەنووسین و باس کردن لەسەر تەوازی ئەو بابەتانە بەشێوەی دروست خزمەتێکی گەورە بەئەدەبی کوردی و ئەدەب دۆستانە ، جا هەرکەسە لەبارستایی هێز و لێزانی خۆی ، بۆوێنە باس کردن لەسەر بابەتی یەکەم "نالی " ناسی باشی دەوێ ولە تاقەتی هەموو کەس دانیە .

بەوهیوایەلەسایەی نووسینی دڵسۆزەکانەوە بەتایبەتیئەو مامۆستایانەی چاوەروانیان لێ دەکری ،ئەم گۆوارە خوشەویستە هەموو جارێ چەند لاپەڕەیەکی خۆی بۆ ئەمباسانە تەرخان بدا ،ئەوا لێرە لەسەر ماناو واتای دووبەیتی یەکێک لە غەزەلە هەرە جوانەکانی "نالی"دەدوێین کە بەم جۆرە دەست پێ دەکا (ل ٧٩)

ئەستێرە هەموو مەحوە لەنێو نووری قەمەر دا

یا شەمسی جەماڵت شەوی گێڕاوە بە فەجر دا ؟

لەشی کردنەوەی ئەمغەزەلەدا کەم وکووڕی نابیندرێ تاکوو دەگاتە ئەو بەیتە .

رەنگی نییە روخساردیی رەنگین ولەتیفی


رۆشن بووە ئەم نوکتە سەباتی لەبەسەر دا!

کەلە دیوانەکەدا ئاواشی کراوەتەوە: (ل ٨٠)

" واتە : روومەتی جوان و رەنگینی لەبەرناسکی وشەفافی رەنگی نیە و چاو نایبینێ و ئەم شتە لای کەسانی بینا و وریا سەلمێنراوە وجێ گیر بووە چونکە چاوناتوانێ شتی بی رەنگ ببینێ "

لەپێشدا دەبێ ئەوەبزانین کە ماکە وهۆی دیتن ،بەرلە بوونی رەنگ ، نوورە .

هەرشتێک کە بۆ خۆی نوورانی نەبێ ، یان نوورێکی وێ نەکەوێ و ئەو نوورە هەڵنەگەڕێنێتەوە بۆچاو ، نابیندرێ ، بێتو نەش بیندرێ ناتوانێ رەنگی هەبێ . ئەگەر



بڕوامان بەوەهەبێ ،دەبینین
کە ئەو بەیتە لەگەڵ بەیتی
یەکەم و باقی غەزەلەکە
جیاوازی هەیە وەکی لەبەیتی
یەکەمدوە دەردەکەوێ شاعیر
نەتەنیا جەماڵی یاری دیتووە
بەڵکوو ئەوتۆشی دیوە کە
شەوی لێ کردووە بەرۆژ.

کەوابوو مادام کەدیتوویە_
تی یارناتوانێ بێ رەنگ بێ.

بەڵگەی تریش بۆ ئەوە کە
یار دیتراوە وبێ رەنگیش نیە
ئەوەیە کە شاعیر خۆی دەڵێ:
روخسارەیی رەنگین "

ئێستا بۆ ئەوە کەمەسەلەکە
روون بێتەوە پەنا دەبەین بۆ
فەرهەنگی زمانی فارسی
بزانین "رەنگ" بەمانای
چیە ؟ .

بۆنموونە دەبینین کە لە
فەرهەنگی"معین" و"عمید" دا
رەنگ بەمانای عەیب وعار و
ئیرادیش هاتووە .

بەوپێیە مانای ئەربەیتە
ئاوای لێ دێ :

روخسار ورووومەتی رەنگین و
ناسکی یاربەبێ عەیب و
ئیرادە .

ئەم نوکتەش لە چاو وبینایی
مندا سەلمێندراوە.

هەرکەس بڕواناکا ،بێ و
بەچاوی من لەیار بڕوانێ .*

ئێستاکە لەسەر ئەوە
ساغ بووینەوە دەچینە سەر
بەیتێکی تری ئەم غەزەلە کە
دەڵێ :

شەوقی کەنەبێ باسیرە
مەئیووسە لە دتین
هەر شەوقی ئەوە قووەتی دینی
بەنەزەردا

(ل٨١)

ماموستایانی بەڕێز بە دوو
واتا ئەو بەیتەیان شی_
کردۆتەوە

ئەگەر هەست وخەیاڵی
شاعیرمان لە تەواوی غەزەلە_
کەدا لە بیربێ چاوێک بەو
دوو واتایەدا بگێڕین
دەبینین کە واتای یەکەم زۆر
بێهێزە ، چونکە ناتوانین
وەکوو ئەسڵێک بڵێین :

"چاو ئەگەر شەوق وئیشتیاقی
نەبێ نابینێ و!! "

(ل ٨١)

واتای دووهەم بەهێزترە
وراستیشە ، هەرچەند
بەپارێزەوەبۆی چوون :"
رووومەتی یار کەوەک هەتاوە
بۆوتە هۆی بینین " ئەگینا
چاو لەتاریکیدا نابینێ .

(ل ٨٢)

بەپێی نووسین و چاپ بوونی
ئەو بەیتە مامۆستایان
ناحەقیان نیە ، کە
ئەمەیان وەکوو واتای دووهەم
و بەپارێزەوەهێناوەتەوە ،
ئێستا بۆ ئەوە کەدڵنیابین
ئەو واتایە راستە ، بە
دەست تێوەردانێکی کەمەوە ئەو
بەیتە ئاوا دەنووسین :

شەوقی کەنەبێ ،باسیرە
مەئیووسە لە دتین
هەرشەوقی ئەوە قووەتی دینی
بەنەزەر دا

واتە : ئەگەر نوور و
شەوقێک نەبێ ، چاوناتوانی
شتێک ببینێ ، منیش کە
بەوشەوە توانیومە یار ببینم
هەر لە سۆنگەی روونکی ئەوە
وەهەتاوی روخساری یارهێزی
دیتنی بە چاوم داوە .(شەوقی
: شەوقێک ، نوورێک)

— بەلای ئێمەوە واژەی
"رەنگی" لە " رەنگ" و " ی "
ی نیسبەت پێک هاتووە ،مانای
شیعرەکەش ئەوەیە :

" روخساری رەنگین و
لەتیفی ئازیز بەهۆی رەنگەوە
جوان نەبووە . رەنگینییەکەی
سروشتی یە و پێوەندی و
نیسبەتی بەرەنگ (سوراو و
سپیاوە)وە نیە وکەسێک بە
سیرەتی بێ وباش بڕوانێ ئەم
راستی یە دەسەلمێنێ .

(سروە)

نەزەرت لەبارەی ژن بەژنەدا چیە؟
ماموستا مەلارەسووڵ ......

ژن بەژنە لە نەزەر شەرعەوە حەرامە، بە هیچ جۆر ئیمکانی نیە، زەرەری ژن بە ژنە لە ئیسلامدا ئەوەندە زۆرە کە لە نووسین وگوتن نایە. قەت نەدیتراوە چوار دڵ یەک بگرن ورێک بکەون وبتوانن بنکەیەکی پڕلەئەوین و خۆشەویستی پێک بێنن.

ماموستا رەبیعی ......

ژن بەژنە مەسەلەیە کە لە فیقهی ئیسلامیدا بەکار دێنن تا خەڵک خۆ لەم کارە بپارێزێ.

ماموستا ئەمین ......

ژن بەژنە بۆخۆی مەسەلەیەکی جوێ نیە، بەڵکوو شاخ وبەرگێکە، گەڵایەکە لە دارێک. لە مەسەلەی ژن هێنان و ئیزدواجدا لەنێو کورد ئیشکال یەکجار زۆرە. لە ژن بەژنەدا کە بە بڕوای من زوو بەمێرددانی کچانە لەدووبارەوە دەبێ بخرێتە بەرباس.

یەکەم لەباری کۆمەڵایەتیەوە
دووهەم لەباری شەخسیەوە

بەڵام بەگشتی دەردێکی گرانی کوردە شتێکی

ژن بە ژن

کەریمی
قەییوومی



ژن بەژن...؟

باسکراوە، بەڵام زۆر ناپەسەندومەزموومە لە وڵاتی ئێمەدا نیە، ئەو ژن بە ژنە کە زۆر ناپەسەندە لەنەزەری شەرعەوە، ئەوەیە کە دوو ژن لە دوو پیاو مارە کراون، مارەیی هەر کامیان بریتیە لە حەڵاڵ بوونی نامووسی ئەو ژن وپیاوە، یانی مارەییان بۆ دیاری ناکرێ. مارەییان بریتیە لە حەڵاڵ بوونی هەرکام لەم ژنانە بۆ ئەو پیاوەکەیتر. تەنانەت لە نەزەری شەرعدا بەناوی شەغار ناوی دەبەن. شەغار لەفزێکی زۆر قەبیحە بەمانای لاق هەڵبڕینی سەگ. هەربۆیەش ئەم لەفزەی بۆ تایبەتی نیە، دروستکراوی کەسێک نیە، دروست- کراوی دۆست ودوژمن نیە بەڵکوودیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، وەختێک ئێمە ئیعتراف دەکەین کە ئەم نەنگە هەیە دەتوانین چارەی بکەین. یانی دەبێ هەمیشە پێ لە تاوان وگوناهی خۆمان بنێین تا دوژمن بۆمان بەرزنەکاتەوە.

ژن لە جامیعەی ئێمەدا ئەبزارێکە بۆ معامەلە وەکوو شتێک کە (وجه المصالحه) بێ دەگوردرێتەوە. بۆئەوەی کەسێک بنەماڵەیەک رازی بکا کە ژنێکی پێ بدەن لە بەرابەردا وەکوو کالایەک کچێک دەدا بەو بنەماڵە.

ئومێدەوارم ئەم نەنگە بتوانین بشۆینەوە .

شەوکەت ....

...بابم خەڵاتی کردم.رۆژێکی بابم هاتەوە میوانێکی دەگەڵ بوو،هاتنەوە.ئەو میوانە کابرایەکی تووڕەوتۆسن و بەدفەڕ بوو، بابم قاچاقچی بوو ئەویش تووتنی بۆ راپەڕاندبوو نەیهێشتبوو بگیرێ.ئەویش بەتۆڵەی ئەو پیاوەتیەیە ئەمنی خەڵات کرد.پاش ساڵ و نیوێکی گیرا و ئێستاش ئەوە لەسەر تریاکی گیراوە و لەوانەیە بیکووژن.ئەمنیش ئەوە سەرگەردان و دەستە شکاوم.

کاک موحسینی سیددیقی

بەلای منەوە ژن بەژنە ریشەیەکی کۆن و لەمێژینەی هەیە،ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەروبەندەی کە کورد شارنشین نەبووە، ئەو دەم کابرایەک پێنج کوڕی بووە تەبعەن داهاتیشی پتر بووە.ئەو لەبەر خاتری ئەوەکە کارکەرێکی لەماڵ دەچێتە دەر یەکیتر جێگەی بگرێتەوە وەژن بەژنەی کردووە یاخۆ بنەماڵە ـ یەکی هەژار ودەستکورت تەنیا توانیویەتی بەدانی خوشکی خۆی بە کابرایەکیترژن بخوازێ.

من پێموایە یەکێک لە بەڵا گەورەکانی کۆمەڵی کوردەواریە و دەبێ هەموو دەست بدەینەدەست یەک،بۆ لەنێو بردنی ئەم ئافەتە هەول بدەین.واباشە بەناوی جینایەت ناوی بەرین ئەویش لە سەدەی بیستەمدا .

خاڵ هەمزە .....

چ خودا بەردارە ئەمن پوولێکی بدەم ژن بخوازم پوولێکیش بدەم کچ بە مێرد بدەم.ناوەڵڵا ژن بە ژنەی دەکەم.هەم کچەکەم بەمێرد دەدەم هەم ژنێ بۆ کوڕەکەم دێنم هەم ئەو پوولەی لەو رێیەدا خەرجی دەکەم بۆ ماڵ و منداڵی خۆمی خەرج دەکەم.

کاک عەلی خـزری .....

ئەو باوە ناحەزە ئێستا هەیە.دەبێ دان بەوە دابێنین راستەقینەیەکی تاڵ ونالەبارە ۆ مادام کە هەیە دەبێ باسی لێبکرێ.بەڵام ئەگەر نەزانین چۆنی باس بکەین کارمان وەک کاری ئەو کەسەی لێدێ کە باسی زیانی سیغار ـ کێشان لەلای سیغارکێشێک بکا.ئەوسیغارکێشە ئەمەی تۆ لێی دەترسێنی ئەو بە لەش وخوێن و دەمار و پێستەوە هەستی پێ دەکا و لە تۆی باشتر دەناسێ،واباشە بگەڕێیەوە سەر رەگ و ریشە وهۆی ئەو باوودابە ناحەز ونالەبارە ، لە بارێکی دیکەوە بۆی بچی و مەودای تێفکرین و بیرکردنەوەی بدەیە.

خەدیجە .....

...رەدوو کەوتم.چون ئەوەی دەبوو مێردی پێ بکەم عاقڵی سووک بوو،بابیشم بەزەبری دەمانچەی مارەی کردم.ئەمنیش بە مارە و تەڵاقەوە هەڵاتم.رەدوو کەوتم.ئەوە سێ ساڵە مەسڵەتم کراوە ئەمما باوە خوێن نەکراوەمەوە.

● ئیسلام چ حەققێکی بۆ ژن دیاری کردووە؟ ●

ماموستا مەلارەسووڵ ....

لەنیزامی ئیسلامیدا ژن بایەخوئیحترامێکی تایبەتی هەیە کە بەداخەوە ئێستا لە دەستی داوە.تەنانەت مافی ژیانیشیان لێستاندووە. ژن مافێکی هەیە،خودای(جل جلاله)ژنی بە عینوانی ئەمانەتێک داوە بە پیاو کە دەبێ ئەم ئەمانەتە بپارێزێ.ئەویش ئەو هەقەی‌هەیە کە ئێمە هەمانە و دەبێ بمانبێ.

کاک برایم ....

...کێهە...بەخودای کچ بلێ لەل چاوی بە پشتەسەریدا دەردێنم.ئەمن ئەو حاڵ وحیسابەی نازانم.

کاک موحسینی سیددیقی......

بەداخەوە ژن لە سەرەتاییترین مافیژیان بێبەشە،ئاخر ئێوە بروانن ژن بەتایبەتی لە دێهاتدا تەواوی شەووڕۆژی دابەش کراوە بەم شێوە :

حەیوان دۆشین،مەشکەژاندن،جلک دروون هەوێن کردن،نان کردن ،دەوەکردن،ریخرشتن ،

شیووکولّ،تەون، پاش نوێژانیش لە دەشت وکێو سووتەمەنی کۆ دەکاتەوە ،منداڵداری،بەکورتی ٥٠ – تا ٧٠ لە سەدی ئابووری ماڵ بەدەست ژنەوەیە ، بەڵام دە لە سەدی مافی خۆی نادرێتێ

کوێخا عەولاّ....

کورە بابم ئەو قسانە چن،کچ و کور چ حەقیان هەیە بلێن نا ! جا ئەگەر وایە من مردووم منداڵ لەپێشم راوەستێ و بلێ نا .

ماموستا رەبیعی......

پێغەمبەری مەزن دروودوسلاوی خوای لێ بێ فەرموویەتی :

ئەگەر کەسێک هات وداوای ژنی لێ کردن ئەگەر لە دینی رازی بوون واتە موسڵمان بوو لە ئەخلاقی رازی بوون واتە بە فەسادی ئەخلاقی مەشهوور نەبوو خزمایەتی لەگەڵ بکەن ئەگەر ئەو کارە نەکەن فیتنەوفەسادێکی زۆر لەسەر زەوی بلاو دەبێتەوە و ئەو دەم ئێوە مەسئولن ،بەلام کاتێک ئەو قانوونە بەخراپ بچێتە گوێ شێوەی کچ فرۆشتن پەیدا دەکا . داوای دووسەت هەزاری نەغدوسەدهەزار زێڕ و ماشێن وشوغل وکاروسەفاریشاتێکی کە لە کارخانەی خیلقەتیشدا دەست نادا بوئەو کەسە کە ژن دەخوازێ ،ئەوەندە خاڵ وخانباجی خۆ تێهەڵدەقوتێنن وبێجێ هەڵدەدەنێ کە ئیختیار لە دەس ئەو ژن ومێردە دەچێتە دەر و ئەو کەسە ناتوانێ ژن بێنێ،کچێک ناتوانێ مێرد بکا سەرەنجام دەبێتە هۆی ئەوە کە کارەکە ببێ بە معامەلە و سەودا و ببێتە ئەو ژن بە ژنەی کە ئێستا دەیبینن .

قادر.....

چ باش و چ خراپ تازە پێوە بووم.بابم هەموو منداڵەکانی بەقوربانی خوری مەڕکەی کرد....

● ریشەی ئەم مەسەلە لە چیدا دەبینن؟


ماموستا مەلارەسوول ......

ئەو مەسەلە دەگەرێتەوە سەرباسی وەلی موجبیر .لە شەرعی خۆماندا ئەو باسە یانی باب یا وەلی دەتوانێ بە لەبەر چاو گرتنی ژیانی داهاتووی کچەکەی خۆی،بەمێردی بدا ،بەلام وەلی موجبیر شەرایەتی هەیە ،کە بە بڕوای من لە جامیعەی ئێستای ئێمەدا زۆر بە دەگمەن هەلدەکەوێ،ئەویش تەنیا بۆ کچە ، یانی هیچکەس حەقی بەسەر بێوەژنەوە نیە ، سەرەڕای ئەوە ئەم باسە بۆ هەل و مەرجێکی زەمانی و مەکانی تایبەتی‌یە و لە هەموو جێگایەک بەکار نایە .

خوشکەفاتم...

ئێستاش ئەوە دووسالە تەلاق دراوم ئەمە دوو منداڵەکانم(دەست دەکا بەگریان) دایکتان کوێر بێ داخودا چ دەکەن؟

.... بەلێ تەلاق بە تەلاقم پێ کراوە... باربەهاکەی من دانەنیشت .ئەمنیشیان تەلاق دا .



ماموستا ئەمین ....

ریشەی ئەو کارە دەبێ لەوەدا بدۆزینەوە کە بایەخ بۆ ژن دانانَدرێ و ژن بەناوی ئەبزارێکی کار لە جامیعەدا ناو دەبردرێ، هەڵبەت مەسەلەی ئابووری بەتایبەت لەم بارەوە کە لە پێشوودا گوتم دەورێکی بەر چاوی هەیە .

لە لایەکی دیکەوە ئەو باسانە وەک زنجیر بە یەک وەسلن ، چلۆنایەتی ژیان و داب و

رەسم و باوی کۆمەلایەتی لە کوردەواریدا دەبێ بە جوانی بناسرێ، جا ئەوددەم کە دەردمان ناسی و دانمان بەوە داهێنا کەدەرد هەیە ئەمجار لە حەولی دەرمان دادەبین .

خوشکە مریەم....
لەخودام تەلەبە بابم لەدار بدەن و من لینگە فرتەکەی بەچاوی خۆم ببینم.

● ڕیگا چارە چیە ؟ ●

ماموستا رەبیعی ......

ڕێگا چارە زۆرە ،ڕێگا چارەی دەست بەجێ ئەوەیە کە وەک قورسی موسەکین وایە واتە ماموستاکان،ماموستایانی ئایین بە خەلک بفامێنن لەبەرنامەی رادیۆییدا ،یا لە بەرنامەی وەعزی مزگەوت و جومعەوجەماعەتدا مەفاسیدی ئەو کارانەیان پێ حالی بکەن و ڕێنموونییان بکەن و دەست لەم باسەهەلگرن. نەجارێک ، نە دووجار، نە دە جار، قسە ئەسەر دەکا لە مەغزی ئینساندا .

بەرنامەی درێژ خایەن ئەوەیە کە خەلک بخوێنن رادەی فەرهەنگیان بچێتە سەر، تا ئەو جێگەیە خێر و شەڕی خۆیان بزانن،خۆیان ببنە ماموستای خۆیان.

بڕواننە پەروەندەی دادگاکان،زوربەیان سەختگیری ئەشخاسە سەبارەت بە جەوانەکان ، بە کوڕیان، بە کچیان، چون زوربەی جینایەتەکان لەباری غەریزییەوە دەبێ بەرڕەسی بکرێن .

پوور ئەسی....
دایکەکەت کوێر بێ گەوەر،بەخودای هەرمێ تەکێنێکیان تێدا شکاند هەتا ملی دا.

ماموستا ئەمین .....

دەبێ بیری کۆمەلێ بێدار بکەینەوە بەرەو گەورەیی ئەم دەردەلێرەدا عەقیدەم وایە کە هەم دەبێ موتەوەسیل ببین بە شتێکی زۆر، قودرەتێکی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و هەم لە لایەکی دیکەشەوە سەرنجێکی پتر بدەینە ناوچەی دێهاتی کوردستان .

هەم خەلک و هەم دەولەت دەبێ بەرگری بکەن لەکاری هیندێک لە ماموستایانی ئایینی کە ئەم کارە دەکەن !

زارا.....
... ئەرێ وەللا کوتکوتم بکەن هەرکوتەی بەرنە مەملەکەتێکی ئێستا ناچمەوە....

ماموستا مەلا رەسوول ....

ژن بە ژنە لە جیهانی ئیسلامیدا هەلەیە ، دەبێ بە گشتی بنەبڕ بکرێ،لە لایەکەوە دەبێ تەبسەرەیەک لە قانووندا سەبارەت بەو مەسەلە ببێ و بە هەموو سەردەفتەر و ئیمام جومعەکان رابگەیەندرێ ئەوددەم خەلک ناتوانن ئەو کارە بکەن یانی خەلک ئیتاعەی ڕێبەری ئایینی خۆیان دەکەن .

چاو لێ بکەن کەسێک کە سەبارەت بە کچی مەحرەمی خۆی، کچێک کە خودا بە عینوانی ئەمانەت پێی سپاردووە و دەبێ ڕێزی لێ بگرێ خەیانەتی پێ بکا ، گەورەترین تاوانە . نابێ بۆ خاتری ئەوە کە ژن بۆ کوڕی دێنێ کچەکەی چارەڕەش بکا ،بە بڕوای من ئەوانە لە ڕێزەی گەورەترین جنایەتکارانن .

جا کەوابوو لە تەواوی ماموستایانی بەڕێزی ناوچە داوا دەکەم کە کچی نابالغ و سەغیر مارە نەکەن.

داوا لە باوکەکانیا (وەلی موجبیر) دەکەم کە لە ئەمری کچ بە شوودانیدا هیندێک وردتر بیر بکەنەوە ،جارێ نابێ دەخالەت بکەن لە بە شوودانی(شبیە) یا بێوەژن،چون ئەو دەستەلاتی خۆی لەبەر دەستی خۆی دایە .

لە برایانی بەڕێز و خۆشەویستی کورد داوا دەکەم وەختێکی کچەکەیان گەیشتە ئەو سەروبەندە کە مێرد بکا ، لە هەلبژاردنی هاوسەر تەرخانی بکەن و ئەو ئیزنەی بدەنێ کە بۆخۆی ڕێگەی داهاتووی خۆی هەلبژێرێ.

حاجی عەلی ....
من ئەگەر پوولم هەبا ژنبەژنەم نەدەکرد بەلام رووی بێپوولی رەش بێ .

درێژەی هەیە

ئێمـ سروە ـاه و

بانە: **کاک ع.مەولوودی**

لەزمانی کوردیدا وشەیەکی ڕەسەنمان بۆ "مجلە" وفۆلکلۆر" نیە، بەڵام گۆوارلە جێگای "مجلە" بەکار دەهێنرێ وبۆ فۆلکلۆریش کە بەمانای فەرهەنگی گەل "ە تائێستا وشەیەک دانەتاشراوە. ژن هەڵگرتن یەکێک لەودابە ناپەسەندەکۆمەڵایەتییانەیەکە دەبێ بەربەرەکانی لەگەڵ بکرێ وهیوادارین لەو شوێنانەشکەپتر باوون شوێنەواری نەمێنێ. .هەڵبەت ئەوە مەبەستێکی روون و ئاشکرایە کە هەردەردێک دەبێ لە ریشەوە دەرمان بکرێ وهۆیەکانی لەنێو بچێ. بەهیوای خوالەژمارەکانی "سروە"دا هەربەم زوانە بەوردی لەسەری دەدوێین.

تاران: **کاک محەممەدی مستەوفی**

پێشنیارەکەتمان بەدڵ نەبوو، چونکوو ئێمە دەمانەوێ بۆ پێک هێنانی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی هەوڵ بدەین شیعر و فۆلکلۆری هەرناوچەیەک بەلەهجەی خۆی بڵاودەکەینەوە، بەڵام پەخشان وبابەتەکانی دیکە دەبێ بەزمانی یەکگرتووبێ دەستەی نووسەرانی سروە دەتوانێ بەبێ دەست تێوەردان لەنێوەرۆکی نووسراوەکان لەباری زمانەوە دەستکاری یان بکا.

بانە: **کاک فارووقی قادر خانزادە**

پێش ئەوەی شیعرەکانت ببینین ناتوانین بڕیاری لەسەربدەین هەربابەتەشیعرێکی وا کەهەستی شاعیرانەی تێدا بێ و قەواعیدی شیعری تێدا رەچاوکرابێ ونێوەرۆکەکەی لەباری ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی چەوە بەکەلک بێ لەچاپ دەدرێ

باختەران: **خوشکە مەرزییە.ر**

بەداخەوە فەرهەنگ(قامووس) کوردی ئەوتۆمان لەبەردەست دا نیە تابۆتان بنێرین.

گوندی نژویی بانە: **کاک ساڵح خونچەیی**

ئەگەر کوردە ئاوارەکان حیساب بکەی کەم وڵاتی دنیا هەیە کوردی لێ نەبێ. رەنگە بێ کوردی پەڕیوە گەیشتبنە ئوسترالیاش ئەڵبەت جگە لەئێران وعێراق وتورکیا وسووریا، کورد لەشوورەویش نیشتە جێن بەڵام ژمارەیان کەمترە.

سمنان: **کاک موحسینی فەقێ شێخی**

دیوانی وەفایی چاپی ئوفسێتەونەمانهێناوەتە سەر رێنووسی خۆمان. هەرشتێکتان لەسەر نووسراوەکانی سروە نووسیوە بۆمانی بنێرە، کەلکیان لێوەردەگرین.

گوندی رەحیم خانی بۆکان: **کاک ئەمجەدی سۆرانی**

هەر شیعرێک باش وبەکەلک بێ بەتایبەتی ئی شاعیرانی لاو بڵاوی دەکەینەوە. هەستی شاعیرانەی شاعیرو بوئێمە گرینگەو هیچیتر. ئەگەر چیرۆکە کەشمان بۆبنێری دوای سەرنج دان وەڵامت دەدەینەوە

کۆسەکەرێزی مەهاباد: **کاک مستەفا ساڵحی**

بڵاوکردنەوەی پەندەکان بۆ زیندووکردنەوەیان پێویستە. نووسەروشاعیران دەتوانن لە شیعرونووسینی خۆیاندا کەلکیان لێ وەربگرن.

ئەگەر بمانەوێ بۆ هەر پەندێک نووسراوە یا میسالێک بیینینەوە بڵاوکردنەوەی شتی وا نیازی بەکتێبی سەر بەخۆ هەیە و بۆ گۆوارێکی ئەدەبی - فەرهەنگی نابێ

تاران: **کاک رێبین ئەحمەد**

وێرای سپاس چاوەڕوانی گەیشتنی نووسراوە فەلسەفی و ئابووری یەکانی ئێوەین.

سەردەشت: **کاک محەممەدی خزری**

ئێوە دەتوانن گۆواری "سروە"

خوێنەر

لەنوێنەری"اطلاعات" یاکتێب فرۆشی "معارف "لەشاری سەردەشت وەدەست بێنن .

سەقز: **کاک سەیدمحی الدین حوسێنی**

براگیان هیوادارین بتوانین ماوەی دەرچوونی گۆواری سروە کەم بکەینەوە .

بۆکان : **کاک فەرهادی شەریف نیژاد**

هەروەک زۆرجار رامان گەیاندووە هەوەڵ مەرجی فێربوونی زمانی کوردی موتالای کتێب ونووسراوە کوردییەکانە هیوادارین "سروە"ش بتوانێ لەم رێگەدا یاریدەتان بدا

سەقز: **کاک کاوەی سوڵتان پەنا :**

نووسیوتانە "ئەسپی پێشکەشی تەماشای "ددانی ناکەن "ئەم مەسەلە راستە بەڵام ئێوەنابێ بەم چاوە تەماشای سروەبکەن بەڵکوو دەبێ ورد بیخوێننەوە رەخنەی لێبگرن ولەکەم وکوورییەکان ئاگادارمان بکەنەوە .

سنە : **کاک سمایلی محەممەدی**

پێشنیارەکەت یەکجارجوان وبەکەلکە .تۆ کەرشتەی کشت وکاڵ دەخوێنی وشارەزاییت لەم باتەشەوە زۆرە داوات لێدەکەین لەم چەشنە و تارانەمان بۆبنووسە تا بڵاوی بکەینەوە

نامەودیاری ئەم ئازیزانە شمان بەدەست گەیشتووە .پڕ بەدڵ سپاسیان دەکەین وهیوادارین لەداهاتوو شداهاوکاروو یارمەتیدەری گۆواری سروە بن .

گوندی نێوگی مەرگەوەڕ : **کاک خالید** ـبۆکان : **کاک جەلالی عەشایری** ـ مەهاباد **کاک عبدالرحمانی شەنگە** ـ گوندیسەرچنار: **کاک سولەیمان بێ بەش** ـگوندی کۆسەکەرێزی مەهاباد: **کاک محەممەدنازمی حیکمەت** گوندی حەڵبێی شنۆ : **کاک عوسمانی ئەحمەدی** کەرەج: **کاک ئەنوەر** ـ گوندی رەحیم خانی بۆکان : **کاک ئەمجەدی حاجی ئیسماعیل زادە** ـبۆکان **کاک ئیبراهیمی ئەفخەمی** ـ ورمێ : **کاک س .هاوار .ئاشۆری** بۆکان : **کاک ئەمیری حوسێنی** پیرانشار: **کاک عومەرپالیش** نەغەدە :**کاک سەیدجەمالی شوکری** پیرانشار: **کاک ئاواتی ئەفزاری** ـمەهاباد :: **کاک رەحمانی باپیری** ـکەرەج **کاک شەماڵ جودایی** ـبۆکان **کاک سیروان** ـبۆکان :**کاک کەماڵی ئەحمەدی** ـ تاران: **کاک ساڵحی عەتتاری** ـکەرەج: **کاک بۆتان کۆیی** ـ بۆکان: **کاک عەلی خوسرەوی** ـبانە: **کاک ئەمیری محەممەدی** ـ شنۆ: **کاک ئیبراهیمی لەعلیسانی** ـ بۆکان :**کاک سەلیمی سالحزادە** سەقز: **کاک محەممەدی ابو المحمدی** ـ پیرانشار:**کاک سیامەندی لەیلان** ـ سەقز: **کاک سیدمحیالدینیقادری** ـ بۆکان :**کاک صلاحالدینی عەزیزی** ـ تەورێز :**کاک سەعیدی محەممەدزادە** بۆکان : **کاک الف م** ـ ......:**کاک محەممەدی شامرادی** ـمەریوان: **کاک عوسمانی سادقی** ـ سەردەشت :**کاک رەشیدی ئازەربار** دیوالانی سەردەشت: **کاک حوسێنی شەخسە پوور** هەنگەوێی پیرانشار: **کاک صلاح الدینی حەسەن پوور** ـ قوروە :**کاک عەبدوڵلای یار عەلی** سەقز: **کاک عەلی ئاغا برا** ـ پیرانشار: **خوشکە خەدیجەی میهتەرنیژاد** ـنەغەدە **کاک سەباح ئەویندار** ـمەهاباد **کاک عەلی کەریم قەڵاتیانی** نەغەدە :**کاک عەبدوڵڵای فەتتاحی** ـسەردەشت: **کاک سولەیمانی عەبدی** ـخۆی **کاک خدری .م** شیراز: **کاک جەوهەر قادر** ـ

ئەحمەدی شەریفی

بەرگوتێک لەخەرمانی گۆرانی کوردی

(بەشی سێهەم)



گۆرانی موکریان

لە ناوچەی موکریان لەباری زمان و زاراوەوە تووشی چەند لایی و زاراوە گەلی جۆربەجۆر و لێک دوور نابین، لە سەرانسەری ئەم هەرێمەی کە بە موکریانی دادەنێن هەر لە لێڕەوارەکانی ئالانی سەر-دەشتەوە بەرەو چیا وکێوەکانی بنەوشە و گەورکی سەقز هەتا تێکەڵاوی خاکی تیکابی هەوشار دەبێتەوە لەوێوە بەرەو سایین قەڵا و پێدەشتەکانی سەر بە بناوومەلیکەندی بەشی مەراغە و بادەداتەوە بەرەوشامات و شارویران،هەتا لێوارەکانی زریای ورمێ ، لەوێشەوە تێکەڵ هەرێمی دۆڵ دەبێ و بە شنۆیەدا بەسەر لێوارەی چیاکانی سەرسنووری دوو وڵاتی کوردستاندا لە مەڵبەندی پیرانشار و پیرانان تێدەپەڕێ و بەرەو سەردەشت تێ هەڵدەبێتەوە . لە تەواوی ئەم ناوچەیەدا کە بە گشتی شارەکانی سەردەشت ــ بۆکان ــ سایین قەڵا ــ مەهاباد ــ نەغەدە ــ پیرانشار و شنۆی تێدایە و لە تەواوی ئەم مەڵبەندە دا جگە لە هێندێک بن لەهجە هەر بە یەک شێوە و زاراوە دەدوێن. کە بە زاراوەی موکری بەناوبانگە .

لە چاخە کۆنەکاندا و تەنانەت هەتا دەورەی قاجارەکانیش لە ئێران، قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی موکریان لەمە بەربڵاوتر و فرەتر بووە.

لەپاش ئاوەدان کردنەوەی شاری سابڵاغ نزیکەی (٣٥٠) ساڵێک لەمەوبەر بە یەکجاری بۆتە مەکۆی موکریان و نشیمەنگەی ئەمیر و سەردارەکانی موکری بووە ، دەڵێن لەپێش مەهابادی ئێستادا شاری دریاس کە شوێنەواری لە گوندی دریازی ئێستا ماوەتەوە، مەکۆی ئەم مەڵبەندە بووە .

ئەم هەرێمەی موکریان لە چاخی ماد و هەخامەنشی و پارت و ساسانیەکانیشدا هەر ئاوەدان بووە شوێنەواری سەدان شارەکۆن و قەڵاکۆنی پێش ئیسلام لەم ناوچەیەدا هەیە .

لەباری ووشەی موکریانەوە وەک مامۆستا رۆژبەیانی دەڵێ دەگونجێ ئەم وشەیە لە موغ + ریان"ەوە هاتبێ و بە مانای رێگای موغەکان بێ، چونکە لەم ناوچەیەدا هەر لە چاخە کۆنەکانی بەر لە مێژووەوە چەندین پەرستگە و ئاورگەی ئایینە کۆنەکانی کوردی لێ بووە.وەک ئاورگەی هەرە پیرۆزی زەردەشتیەکان لە نزیک شاری تیکاب ئازەرگەش ــ سپ ، کە ئێستا بە تەختی سولەیمان ناودارە ، هەروا ئاورگەی لیلانی نزیک سەردەشت و پەرستگەی کەرەفتوو لە نزیک مەهاباد ،واوێ دەچێ کە لە وەختی خۆیدا موغەکانی ئاورپەرست میترا دین " میترائیسم"و زەردەشتی لە

ناوچەکانی ئێرانی کۆنەوە کە رووبان لەم هەرێمە کردۆ بۆ زیارەت، بەم ناوچەیان گووتووە موغ ریان و پاشان بۆتە موکریان.

ناوچەی موکریان لەباری کولتۆری کوردییەوە یەکجار زۆر دەوڵەمەندە و هەموو جۆرە بەیت و باوێکی کوردی تێدا هەیە و رووداوەکانی مێژووی ئینسانی کوردیش زۆری کار کردۆتە سەر بنەی پێکهاتنی بەیتەکانی کوردی و زۆرجار شوێنی ئەم رووداوانە لە بەیت و شیعری گۆرانی کوردی موکریاندا بە جوانی بەدی دەکرێ.

لەباری هەوا و دەزگای مۆسیقاوە دەتوانین ناوی هێندێ مەقاماتی تایبەتی کوردی کە لە موکریان باون بەرین وەک:
١ ـ حەیران ٢ـلاوک ٣ـگولێ،
٤ـ پایزە ـ ٥ـ بەهارە ٦ـگەلۆ
٧ـ ئازیزە ـ ٨ـ سەحەرە ـ
٩ـ شەونیوەشەو ـ١٠ـ لێلێ ـ
١١ـ قەتار......

وەئێستا هێندێ گۆرانی فۆلکلۆری تایبەتی ناوچەی موکریانتان پێشکەش دەکەین:

دەچمە سەری سوڵتانی شەمۆیە نایەمەوە
دەس لە کێلان وەردێنم چلدانەی دەگرمەوە
بەختی خۆم و لێوئاڵی بەتاقی دەکەمەوە

شەرت بێ گولێ کەس نەکەم بە بووە
تا گوڵم بۆ دێ لەلایەن تووە

قەسەم بە رەحمان و رەحیم
هەتا لە دونیایێ بژیم
مەیلت نانێم یاری قەدیم

کاری من نییە کاری خودایە
لەیلا دەوڵەمەند، مەجنوون گەدایە

هەرچەند دەکەم فکر و ئەندێش
تەوەلا بووم لە قەوم و خوێش
لە سوێی باڵات بووم بە دەروێش

کوڕم گەورە کرد بە قەندی شاری
رەزاشا بردی لەبۆ ئیجباری

یا خودا پەهلەوی تەختی وەرگەڕێ
ئیجباری کوردی دەبا بۆ شەڕێ

بەهارێ نەمرم مانگی گوڵانە
هاوینێ نەمرم خەڵە و خەرمانە

زستانێ نەمرم بەفر و بارانە
پاییزێ بمرم دەس لێک بەردانە

چەند شاران گەڕام چەند خاکەساری
بووم بە شوانەکەی حەق نادیاری

هەر کەسیک بیکا غەریب نەوازی
خودا و پێغەمبەر لێی دەبن رازی

غەریب لە شاران غەریب دیارن
جێگای غەریبان گۆشە و کەنارن

دیسان شەو هات بۆ حاڵی من
لەو دڵەکەی پڕ خەیاڵی من
گەڕەک نانوێ لە ناڵەی من

نەخودا دەمداتێ مەرگێک بەهاسان
نە دڵ لە لای تۆ دەبێ هەراسان

وەک قومری سەربالم شینە
دەچریکێنم بەو هاوینە
کار و پیشەم هەر نالینە

سەفەرێکم کەوتە بەر
رێ یە هات و نەهاتێ
چاوەڕێمە لە رێگا
با کاروان بێ و بمگاتێ

نە دەردم وەکوو دەردەدارانە
نە برینم وەکوو بریندارانە

تاکەی دانیشم لەبن دیواران
ئاخ هەڵ بکێشم وەک لێو بەباران

هاتنەوە تەیری دەگەرمێنێ
هێشتا دوورە و دەخوێنێ
دەمرم دەبەر ئەو تەیرەی
مزگێنی بەهار دێنێ

ژیانی ئاسایی

نەسرینی جەعفەری



بەیان بەکزەی ساردی زریان کە لە چیا بەرزەکان بەرە و شاردەهات راگەیەندرا .چ پێ نەچوو تیشکی زێرینی خۆر وەک مارێکی زەرد بە تەواوی شاخ ودەمەنی شارەکەماندا گەڕا ،هەموو دەرکی کرد دنیای شەوی روون کردەوە ،ئاسمانێکی شین ،هەوایەکی نەرم وهێدی ژیانێکی خۆش وساکار!

دایک لە خەو هەستان و مێردەکانیان وەخەبەر هێنا کەبۆ چوونەسەرکار ئامادە بن ،تاق ولۆق پیاوو ژن لە شەقامەکانی شار دەهاتن و دەچوون .

شیرن لەخەو هەستا ،تەماشایەکی سەعاتی کرد ، سەعات (٦/٥) بوو ،سەماوەرەکەی ئاور دا، بەرچایی سازکرد ،تەماشایەکی منداڵەکانی کرد ،لە دیمەنی جوانی وان بزەیەکی شیرینی هاتە سەرلێو ،بە دەنگێکی نەرم ئەحمەدی بانگ کرد .

ئەحمەد ،ئەحمەد ، هەستە ناچیە ئیدارە! .

ئەحمەد چاوە پڕلە خەوەکانی هەڵێنا ،گوتی :

سەعات چەندە؟ شیرن تەماشایەکی سەعاتی کرد گوتی :

پێنج دەقیقەی ماوە بۆ حەوت .

ئەحمەد چاوی لەسەر یەک دانابۆوە. گوتی :

باشە زووبە .

سەعات حەوت ودەدەقیقە ، شیرن دیسان گوتی :

ئاخر وەدرەنگێ دەکەوی هەستە تابەرچایی دەخۆی دەبێتە هەشت ،خێراکە خۆ مەگنخێنە .

ئەحمەد هەستا سەروچاوی شوشت ،ردێنی تاشی هاتەوە ژوور ،شیرن لەکن سەماوەرەکە دانیشتبوو ،چایەکی بۆتێکرد ئەحمەد گوتی :

شیرن چمان دەوێ بیکڕم

شیرن گوتی :

گۆشت وسەوزی وهێندێک میوە بکڕە ،دۆشخۆم دەکرم.

لەوکاتەدا چاوی بە هێمن کەوت ،وەبیری هاتەوە قەولی پێداوە کەوشی بوبکڕێ گوتی :

جووتێک کەوشی جوان بۆ هێمن بکڕە کەوشەکانی بە لاقیەوە بەند نابێ .

ئەحمەد بەپەلە پارووەکانی قووتدەدا ، گوتی :

زووکە چایەکی دیمبوتێکە درەنگمە شیرن گوتی :

بچۆ ماڵە کاکم ولەگەڵ

خۆتی بێنە ئێرە ، لە مێژە نەمدیوە ئارەزووی دەکەم ئەحمەد گوتی باشە :.

چاوی لە سەعاتەکەی کرد .

ئای درەنگە چاو ێکی لە منداڵەکانی کرد هەردووک دەغوررابی خەوێدا بوون ، دەستێکی بەسەری هێمندا هێنا ،هێمن جووڵە یەکی کرد . هەردووکیانی ماچ کردئاورێکی



داوە ، گوتی :

خواحافیز شیون-هەتا بەر دەرگا بەڕێی کرد پاشی دەرکەی پێوەدا وهاتەوە ژوور ،بۆخۆی نان وچای خواردو منداڵەکانی لەخەو هەڵستاند ،دەم وچاوی شووشتن وچای دانێ ، خۆی خەریکی کاری بوو زاق وزووقی منداڵەکان دەگەییە ئاسمان .ولاتیان وەسەرخۆ گێرابوو ، شیون گوتی :

رۆڵە گیان برێک سەبر ، بۆوادەکەن!رووناک دەستی هێمن بگرە بیبە حەسار ،لەوێ کایە بکەن تا منیش خەریکی کارێ بم ،رۆڵە گیان بەقوربانووبم زووکەن دەی ،نیوەڕۆ خاڵۆودێ ،خوائاگاداری بێ..

رووناک گوتی خاڵم دێ ئەدی زانیار ناهێنێ ،شیون گوتی :

بەڵکوو بیهێنێ!ئافەرین ئەسباب بازی یەکانیشوو بەرن.

منداڵەکان چوونە حەسار ، حەسارە خشپیلانەکەیان باخچە یەکی بچکۆلەی تێدابوو گوڵیان لێ چاندبوو ،بۆنی گوڵەئەتڵەس ورێحانە رەشە حەساری پڕکردبوو .لەنێوەڕا ـ ستی حەساری ،حەوزێکی چکۆلەی تێدا بوو ، لەبەر منداڵەکان ئاویان تێ نەدەکرد

رووناک کچێکی ٥ ساڵانەی زۆر زیرەک وووریا بوو ،چاوی رەش ،رەش ،دەتگوت شەوی بێ بنە ،مژۆڵەدرێژەکانی هەر چاوی داختبا ،نیسێی دەختە سەر رووومەتەئاڵەکانی ، زۆر قسەخوش وخۆڕ ێخەر بوو ،هێمن سێ ساڵانە بوو ،قسە لەت و پەتەکانی کەلە زارە بچووکەکەی دەهاتەدەر دەتگوت قەندە ،چاوی شین ،و قژی زەرد بوو ،تووکە زەردەکانی دەتگوت کلووی زێڕیە وەک دایکی بەدم داینابێ ....

رووناک گوتی :

هێمن من دەبم بەمعەللیم تۆش دەبی بە قووتابی ، لە سەردەفتەرێکی کۆن بە قەڵەمێک خەتی دەکێشا و سەر مەشقی بۆهێمن دادەدا ، لەو کاتەدا دایکیان خەریکی ئیشی ناومال بوو ،لەپەنجەرەوە ، چاوی بە منداڵەکانی کەوت دەتگوت جووتێک کۆتری بێ خەیاڵی ناسک وجوانن لەبەر خۆیەوە گوتی :

هەک دایک دەسەرو گەڕێ بەزەیەکی نەرم وشیرین لە سەرلێوەئاڵەکانی نیشتبوو سەری داختبوو ، ژووری دەماـ ڵی بەلام بەزەی سەرلێوی بزر نەببوو ،بیری لەچی دەکردەوە بێ شک بیری لە ژیانی منداڵەکانی دەکردەوە ،ئەودەم لەسەر تەختی بیمارستان کەوتبوو وژانی دەهاتێ، ئەو کات دوای چەند سەعات ژان و برک پەرەستارێک منداڵەکەی لەسەر باوەشی داناوگوتی :

سەیری کەچەند جوانە ، دەڵێی لۆکەیە ،هێند نەرمە ئەویش دەستە چرچ وپیرەڵۆکەـ کەی لەدەستی گرتبوو قامکە بچووکەکانی قووچاندبوو دەتگوت دنیای لەمستی گرتووە ئەوساتە تەواوی ئێش ودەردی خۆی لەبیر چووبۆوە ،محیببەت لە دڵیدا وەک کانی یەکی روون وپڕئاو هەڵدەقوڵی وەک تەواوی خۆشی دنیا بەجارێک بێتە نێودڵ ودەروونی وابوو لەخۆشی یان رەنگە زەردەکەی

سوور هەڵگەڕابوو چاوی پڕلە ئەوین وخۆشەویستی بوو. بە دەنگی منداڵەکان هاتەوەسەر خۆچاوی لەحەوشە کرد، هێمن دەیگوت :

چاو رووناک ئەو کۆترانە!

رووناک گوتی :

دایە، وەرە تەماشاکە ئەو کۆترانە چۆن دەبرووسکێنەوە ئەنگوستی بۆئاسمان راداشت

شیون گوتی :

کێهە کۆتر رووناک گیان!

هێمن گوتی :

هاها، تەماشاکە .

شیون گوتی :

رۆڵە ئەوانە کۆترنین فڕۆکەن ،رووناک گوتی :

ئەوی سواری دەبن ودەچن بۆئاسمان ،لەوکاتەدا ئاژیری خەتەریان لێدا ،شیون گوتی :

نەکا پێماندابدا ،هێمنی لەباوەش کرد ،دژ هەوای یەکان دەستیان بەتەقە کرد منداڵە- کان زۆر دەترسان خۆیان بە دایکیانەوە نووساندبوو ، شیون گوتی :

بابیشوو لەماڵ نیە ،خودا بیپارێزێ .دەستی کرد بە دۆعاکردن وئایەتالکورسی ،فووی بەسەر خۆی ومنداڵەکان داکردو بۆخزم وکەسەکانیشی بەرێ کرد .فڕۆکەکان لە ئاسمانی شاردەهاتن و دەچوون وخۆیان دەنواند ،دەنگە دەنگ وهاڕە ،هاڕ، گوێی پڕ دەکرد فڕۆکەکان دەریچەی سەوتیان کردبۆوە پیاو زەهلەی دەچوو هاتوهاوار وتەقەوچانی نەبوو وساتێک، بێ دەنگ نەدەبوو.

فڕۆکەکان چەند بۆمیان بەسەر شارەبێ تاوانەکەی خانێدا رشت وخۆیان دوور، بوونەوە ،تەپ وتۆز هەڵستا دووکەڵە شینە بەری ئاسمانی گرت ،قرمەی شووشان هاتە گوێ ،خانوو بچکۆلانەکەی ئەحمەد وشیون تێک ڕما شیون ومنداڵەکانی وەبن کەوتن و کەس بەدەنگی نەزانین گرمە




گرمێک بوو وەرە سەیری ئەمجا تەقە بێ دەنگ بوو چەند دەقیقە پێ چوو ،دنیا پڕ بوو لەزیل وبەند ،هاتوهاوار و گریان ورۆ ،رۆ، پەیدا بوو، هێندێک پەشۆکابوون ،منداڵ دەیان قیژاند ودەگریان دایک بەخۆیان دادەدا وسەروقژیان دەڕنی ،باب فرمێسکیان لە چاو قەتیس مابوو ،بوغزگەرووی گرتبوون پیرێژن تووک و دۆعایان دەکرد ،یەک جنێوی دەدا ،ئاگری رق وقینی خەڵک پەرەی ئەستاندبوو هەمرو وێکڕا رقیان هەراو بببۆوەیەک دەیگوت بکەونەبەر نفرینی خوا ،هەک تالەسەر دنیان قەت شەوێ بێ خەم سەر نەنێنەوە هەک لە دونیاو ئاخرەتجێتان هەر جەهەننەم بێ .

مستەکانیان قووچابوو ،نێو چاوانیان گرژ ،رق وقین دڵی داگرتبوون دەیان قیژاند لەنەکاو وەک یەکێک هەرابکا:

براینە بڕۆینە یارمەتی خەڵکی وئەو لەشە بێ گیانانە لەبن گڵ بێنینەدەر و ئەو بریندارانە بەرین بۆ نەخۆشخانە هەموو خەڵک وەدە- ست وبردکەوتن وهەر یەک بۆ لایەک رایان کرد ئێستا کاتی راوەستان نەبوو ،کاتی لەخۆ

بووردن ویارمەتی بوو.
ئەحمەد لەئیدارە خەریکی کاری رۆژانەی بوو،لەوکاتەدا ئاژیری خەتەریان لێدا سەرۆکی ئیدارە هاتە نێووەتاغەکان و گوتی :
دیسان هاتن هەستن بڕۆنە حەوشەی ئیدارە،ئەگەر لێی دا هەموو وەبن دەکەوین .
هاوکارەکانی ئەحمەد شان بەشانی ئەحمەد هاتنەدەر.... لەشەقامەکان خەڵک هەموو چاویان لەئاسمان بڕیبوو لەوکاتەدا فڕۆکەکان لە ئاسمانی شارەکەدا خۆیان نواندوتەقە دەستی پێکرد کاتێک بۆمبەکانیان رشت هەمو و خۆیان مەلاسدا .
ئەحمەد دڵی لەجێی خۆی نەمابوو ببو بە کۆترەباریکە ولەسەر ماڵی باڵ وپەڕی لێ دەدا ،لەبەر خۆیەوە گوتی :
منداڵەکان زۆر دەترسن هێمن زۆر ساوایە ونازانێ ئەو تەقەورەقەیەچیە ،رووناک بڕێک باشترە ،بڕۆم بۆ ماڵێ بزانم هیچیان لێ نەهاتبێ وەڕێ کەوت خەڵک هەر یەک بۆلایەک هەڵ دەهاتن ،ئەحمەد پێشی یەکێکی گرت وگوتی :
دەزانی لەکوێی داوە،
کابرا گوتی :
من نازانم ،خۆشم لە بازاڕ بووم ،هەرکە هاتنەسەرشارەکە- مان دووکانم داخست وهاتمەوە ئێستاش ئەوە بۆلای ماڵ دەچمەوە .
ئەحمەد بە رۆیشتنەوە ئەو قسانەی گوێ لێ بوو، بۆ خۆی نە یدەزانی چون گەیشتەوە گەڕەکی خۆیان ،نومای شار گۆڕابوو .شارە بچکۆلانەکەی بەراستی شپرزە ببوو، نیوەی خانووەکان هەر ئادارییان بە سەرپادارەوە نەمابوو، لەو هەموو خانووە خۆش و تازە دروستکراوانە تاک ، تاک بەسەر پێوە مابوون ئامبولا-



نسێک بە ئاژیرکێشان لە پەنای رەدبوو،چاوی بە کووچەکەیان کەوت ، دڵی راچڵەکی رەنگی بزرکا ئارە- قەی ساردی بەنێوچاوانیدا هاتەخوار .بە هەڵاتن چوولای خویان ، بەلام خانووەخشپیلا- نەکەی خویانی نەناسی یەوە چاوی لەولاو لەملای کرد،چەند هەنگاو هەڵات گەڕاوە تا پێشترچوو،دەرکەی ماڵەکەیانی ناسیەوە،دیوارێکی بەسەردا رووخابوو،نیوەی لەبن گڵ هاتبۆ دەر خانووەبچکۆلانە- کەی هێلانەی ژیانی خۆی و منداڵەکانی تێک رمابوو وەک شێتان وەژوور کەوت تەنیا سێ چوار دیواری کەچ وکرووچ، بەسەرپێوە مابوون چۆنێو وەتاخە رووخاوەکان وێنە جوانەکەی هێمن هەر بە دیوارەوە مابوو،لێی کردەوە، بەدیوەکانیدا گەڕا بەلام شوێنەواری کەس دیار نەبوو..
فیزمالێکی بۆحەسارێدا ، چاوی بە بووکی رووناک کەوت نیوەی لەبن گڵ وخشتەوە وەدیار کەوتبوو گوتی :
بێ شک لێرە بوون ئەژنۆی نووشتاوە چۆکی داکوتا بۆ قەننەکێشێک حەپەسا لەپڕ بە چەنگ ونینۆک وەگڵ وبەردەکەی کەوت وخشت وبەردی وەلادەنا فرمێسکی گەرمی بەردێندا دەهاتنە خوار ،دوای چەند سەعات لەشی بێ گیانی ژن و منداڵەکانی لە بن گڵ هێنادەر .

لەگەڵ شیعری ش

سالح شیروان

هاتە بن گوێم و بەسرتە
گەستی بیرم زۆر بەسپایی
هۆشم هاتەوە بەرەوخۆ
ئاخۆ چیدەڵێ لە دوایی

* * *

ووتی، تاکەی خوێنی دەمار ؟
بکوڵێ بەتینی گەرمەتاو ؟
لە ئاویلکەی مەرگ و ژیان
وێم راناگا قومۆکێ ئاو!؟

* * *

شەکراوی ئەمجارەی ئەوین
بە ئەوکی کێدا رۆ دەچێ ؟
کاڵتەی شەوگاری لاوەتی
کوا ؟ بڵێی بەفیڕو بچێ!؟

* * *

وەرزێکی تازە دووای بەهار
بەهارێکی سەوز دێنێ ؟
لەم پەستەڵە کە چەتوونە
مەلی ئاوات دەکورکێنێ ؟

* * *

خوێنی گەشی لەشی خونچە
دەگرێ دەمی تیخی دەبان ؟
لەنێو تاسە و گڕ و هەستا
دەڕوێ دڕووی زین و مەمان!؟

* * *

بیری ووردی کۆنسالان
وەکی وەجاخمان سەوزە؟
رووبارمان لە خرۆشە ؟
یا گەنیوە بەتوێی قەوزە ؟

* * *

ئێستاش ئەم خاکە پیرۆزە
سورمەی چاوی کیژۆڵانە ؟
شیعری پاراوی کوردی یە،
شەو چەلەی کۆڕی شەوانە ؟

* * *

"ئێستاش کەفارسی شەکەرەن"[1]؟
"کوردی گەلی شیرینتەرەن"[1]؟
ئێستاش کوروکاڵ و هۆزن
تینووی ئەدەب و هونەرەن ؟،

* * *

لەسەر ئەم خاکە، خاکیمە
بۆ شەڕی بوون پلانم هەس
بۆ داهاتووی مزرو شیرن
نەمامی ئەرخەوانم هەس

ژیان

ژیان
هەمیشە بێ پسان
بێ ماندوو بوون
ڕێگە دەبڕێ بێ ساردۆبوون
لە کاتی نووستن وخەوا
یالەکاتی پشوودانی ئەستێرەکان
لە هەرشوێنێ
لە هەرکاتێ
لە هەرچوار سووچی وڵاتێ
دەڕواتە پێش بێ ماندووبوون.
لێژاوی ژین،
خورترین چەمی دنیایە.

ئەو توندترین رەشەبایە
گەرمترین
ئاگری سەرڕووی زەمینە
سەوزترین سەوزایی نێو
هەر مەزرایە .....
(ئەستێرە)

کوتی لاوێک بە پیری دەس بە کۆچان
بە چاوی تۆ چلۆنە ژینی ئینسانی
نیشانی دا برین وزامی کۆنانی
کوتی پڕیە لەهەڵس و کەوت و لادان

شەماڵ جودایی

" فیداکاری تۆم "

سروە نەهاتی پشت چەمایەوە
پاش تۆئاورم گرت نەکووژایەوە

پەیمانت وابوو جێمان نەهێڵی
دیارە بە وەفای واگەڕایەوە

بەخێر بێیتەوە ئەی یاری دێرین
بەو بۆنە خۆشە وبەو هەوایەوە

لە سەر خۆهاتی بەسەر وەڵاتا
تەم وغەم نەما تەم رەوایەوە

عەتری گوڵانت بەدیاری هێنا
شەکەت و ماندووت پێ حەسایەوە

کە بێنی خۆشت هێنا بە رووما
گلێنەی چاوم پێت گەشایەوە

نەسیمی تۆ بوو بەری بەیانی
بیری پیاوانی هێنا کایەوە

عیرانی لاو

دیارە تۆ فێنکی و فێنکی دێنیت
بەڵام پشکۆی کورد پێت بووژایەوە

کورد لە مێژ ساڵە چاوەڕێی تۆیە
ئاخ هەڵ دەکێشێ بەو تەمایەوە

گەر قەبووڵم کەی فیداکاری تۆم
بە گیان و بە دڵ بە سەرمایەوە

"شەماڵ" مەناڵە سروە کۆرپەیە
بیلاوێنەوە شەو بە لایەوە

خەیاڵ

ساڕێژی زامی دەروون
بزوێنەری ئەشکی روون
ئیلهامی شیعری خەمین
چۆلەکەی باخی ئەوین
تێشوو بەرەی خونچەی دڵ
ئەی ڕێبواری کووچەی دڵ
خەیاڵ دەی وەرە ساتێ
دووری دەنگم ناتگاتێ
یارم جێ دێڵم بەڵام
چیا دەشێلم بەڵام
ئاهی ژینی بەیانم
هات وچۆی بیرەکانم
دڵم پڕدە کەن لەقین
بەرەوژینم دەبەن ژین
بەهاواری دڵی سووت
هەستی شێعری خوێن بزووت
ئەی هاودەمی ژین دەمێک
وەدەستم دە مەر هەمێک
بەڵام خەیاڵ دەزانم
کە دوور دەبێ بڕوانم
رابردووی دەفتەری عیشق
لەسەر ژین گوزەری عیشق
تەنیا ناکامی یەو بەس
کەسی پێ نەگەیی کەس

وێڕای داخ وپەژارەیەکی زۆر لە شەهید بوونی هاوکاری بەڕێزی "سروە" کاک خالیدی زاهیدی "ئارام" بۆبیرەوەری لە رووحی پاکی ئەم شەهیدە ئەم پارچە شێعرە بە ناوی خەیاڵ،کە لە شێعرەکانی خۆیەتی بڵاو دەکەینەوە

رووحی شاد بێ

بارهێنانی منداڵ



ف. وەفایی

"جان لاک" یەکێکە لەزانا کانی سەدەی حەفدەهەم کوتوویەتی :"مێشکی منداڵ وەک تابلۆیەکی پاک وایەکە هەموو جۆرە فێربوونێکی لە سەر نەخش دەگرێ .

زانستی ئەمرۆ بایەخێکی زۆردەدا بەو ووتەیەی جان لاک هەر بەوبۆنەوە رەفتارناسان (روانشناسان)ئەمرۆ بۆ فێرکردن و بارهێنانی منداڵ بایەخێکی زۆر دەدەن بەجیهانی دەوروبەری.

یەکەمین جیهانی منداڵ لەدوا لەدایک بوونی ناو خێزانە . خێزانە کەقەوارەی، کەسایەتی بۆمنداڵ دەدروێ و دەیکاتە بەری وپاش چەندساڵ بارهێنان وهەڵسەنگاندن دەینێرێتە ناوکۆمەڵ.

بارهێنانی منداڵان گرنگترین بەرنامەی ژیانی ئێمەیە .

منداڵانی ئێمە داهاتووی وڵاتەکامان دادەڕێژن ئەوان مێژوو دروستدەکەن وباوکان ودایکانی داهاتوون .ودەبن بە داهێنەرانی داهاتوو بۆ منداڵەکانیان .

لێرە داپرسیارێک دێتە پێش ،کەی دەست بکەین بەو گرنگترین بەرنامەی ژیانەمان؟

لەئەفسانەیەکی کۆن دا کوتراوە کە دایکێک لەگەڵ منداڵەیەک ساڵانەکەی خۆی چووە لای زانایەک پرسیاری لێ کرد "پێم بڵێ لەچ تەمەنێکەوە دەست بکەم بە بارهێنانی منداڵەکەم؟ "

پیاوە زاناکە بەوردی سەرنجی دایە منداڵەکە و هەوڵی دا تاسن وساڵی ئەو بدۆزێتەوە ئەو کات وەڵامی داوە :

"خانم تۆ بارهێنانی منالەکەت دوازدەمانگ وەدوانگی خستووە .

مەبەستم ئەوەیە کەبڵێم منداڵ لەو رۆژەوەکەدەکەوێتە ناوخێزان و لەلەشی دایکی جیا دەبێتەوە دەبێ زۆر بە زیرەکی بۆ بارهێنانی هەوڵ بدرێ .

کردارناسانی ئەمڕۆهەموو باوەڕیان بەوە هەیە کە ساڵەکانی هەوەڵی تەمەنی منداڵ بۆفێرکردن وبارهێنان زۆرگرنگترن لەساڵەکانی دوایی .

یەکەم باخچەیەک کەمنداڵ مەلی لەشی خۆی تیا دەحەسێنێتەوە داوێنی پڕ لە خۆشەوبستی دایکی یەتی . و دایکی یەکەم مامۆستاویەکەم قوتابخانەیە بۆئەو .بەلام قوتابخانەی دایک لەهەموو قوتابخانەکانی تری کۆمەڵ گرنگترە .چوونکە لەوێدا بەردی بناخەی کەسایەتی ئەو دادەڕژێ .و بناخەی دیواری لەویوە هەڵدەستێ .

یەکەمین شتێک کەمنداڵ دەیناسێ رواڵەتی دایکیەتی هەوەڵین زەردە خەنەی منداڵ لەتەمەنی چوارمانگیدایە و

ئەوەش وەڵامێکە بۆ پەروەردە خەنەکەی دایکی . دەمەوێ ئەوە بڵێین کەدایک گەورەترین مامۆستای ژیانی منداڵە .

پرسیارێکی تریش کە دەکەوێتە بەرچاو ئەوەیە کە لە کوێوە دەست بکەین بە بارهێنانی منداڵەکانمان ؟

لە وەڵامدا دەڵێم :گومان مەکەن کەتەنیا کاتێک منداڵ تەربیەت دەکرێ کەقسەی لەگەڵ دەکەن ،یاشتێکی فێردەکەن ، یافەرمانێکی پێ دەدەن بەڵکوو لەهەر کاتێک لە ژیانداتۆ خەریکی بارهێنانی منداڵەکەتی تەنانەت ئەوکاتەش کەتۆلە ماڵ نیی .

چۆن جل وبەرگ لەبەردەکا چۆن لەگەڵ خەڵک قسەدەکەی و چۆن سەبارەت بە میوان دەدوی، چۆن پێ دەکەنی ،لە گەڵ دۆستەکانت رەفتارت چۆنە چۆن رۆژنامە وگۆڤار دەخوێنیتەوە ،چۆن خواردن دەخوا ...هەموو ئەمانە بۆ منداڵ بایەخ دارن ، لەچکۆلەترین قسە گۆڕکێ ی تۆ تێ دەگا . تەواوی بیروراو کردەوە چەوتەکانی تۆلە منداڵەکەتدا شوێن دەداتەوە.

ئەگەر تۆ لەماڵدا توورە بی و خۆبەزل بزانی و رەفتاری ناشایستەت هەبێت و خراپترلەهەموو شتێک ئەگەر دایکی منداڵەکەت جەزرەبەو ئازار بدا . ئەگەردایکیشیت و لەگەڵ باوکی منداڵەکەت رەفتارێکی باشت نەبێ . ئیتر نابێ بەهیوای باش بارهێنانی جگەرگۆشەکەت بی . تۆ بەکردەوە خەریکی خراپ تەربیەت کردنی منداڵەکەتی :جائیتر تەنانەت باشترین رێنوێنەکان و شێوەکانی تەربیەتی ناتوانێ یارمەتی بدا ، چوونکەیەکەمین گەلالەیەک کە منداڵ دوای دەکەوێ شێوەی رەفتاری دایک وباوکی یەتی .

تۆدەبێ لەهەموو کاتێکدا و لەهەموو شوێنێکدا و لە هەموو کردەوەیێکدا لەبیری بارهێنانی منداڵەکەتدا بی .

تۆدەبێ بەباشی بزانی کە منداڵەکەت چی دەکا لەکوێ یە یا لەگەڵ چ کەسانێک هاودەمی دەکا . هەرلەو کاتەشدا دەبێ ئازادی پێویستی بدرێتێ بۆئەوەی نالەبارییەکانی ژیان بناسێ و تاقی بکاتەوە دەبێ بەجۆرێک پەروەردە بکرێ کە سەر لەهەموو ئەوتەنگ و چەڵەمانە دەربێنێ . بەم شێوە ئەرکی تۆ تەنیا رێ پیشاندانی ئەوە لە ژیاندا ئەمە بەو مانایە نیەکەدەستی منداڵە کەبگری و دایمە لە بری ئەوبیربکەیتەوەوبەجێی ئەو رەفتار بکەی

بارهێنانی منداڵ پەیوەندی بەرێکخراوەیەک،هەیە کە تۆ لە خێزانەکەی خۆتدا دروستت کردووە .

پەیوەندی بەکەسایەتی تۆ بەشێوەی تێکەڵ بوونت لەگەڵ کۆمەڵدا هەیە .

کەوابوو بۆ بارهێنانی منداڵ هیچ شتێک لەهیچشتێکی تر چکۆلەتر یاگەورەتر نیە . هیچ کردارێک لە کردارێکی تر بایەخ دارتر یان بێ بایەختر نیە .

لەبارهێنانی منداڵدا کردەوەیەکی بێ مانایان پڕمانامان نیە .



جاری واهەیە کارێک کەبەبیرو رای ئێمە زۆرسادەولاکەوتەیە ئەنجامێکی ،ئێجگار گەورە دروست دەکا .

گوڵێک کەبەمنداڵەکەتی دەدەی ماچێک کەلەمنداڵەکەتی دەکەی ،زەردەخەنەیەک یان توورە بوونێکی سادە هەر کامەیان لەوەختی خۆیدا بەرهەمێکی باشی لێ وەر دەگیرێ .

لەکۆتاییدا ئەوە بڵێم کە دروست بارهێنانی منداڵ زۆر هاسانترە لەچاک کردنەوەپینەو پەڕۆ کردنی کەلێنەکانی خوو ورەوشتی ئەو .

●●●



گوڵی گەم خنایەن

بابا میسری ق

هێشتا شەو لەسەر زەوی زاڵە وپەرژینی رەشی تاریکی برستی رۆیین لەرێبوار دەستێنێ . پۆل پۆل ئەستێرە لەئاسمانی رەش‌داگەڕاوی شار دا کەوتوونەتە چاوەبرکێ و وەک هاتبنە ژوانی شەو ، هەموو پەنا و پەسیوی‌ژوانگەی ئاسمانیان تەنیوە . لەژووری کۆختەیەکی بچکۆلانە دا ،چەند منداڵی کزو زەردەلە لە تەنیشت‌دا یکیانەوە خۆیان کێشاوەتە بن لێفەیەکی بەرینی پواو. چاوەکانیان لێک ناوەوخەیاڵ بەرەو دوورە بەستێنی دەریای هەژاری و دەسکورتی سەولی داون .

باوکیان کۆڵ کێشی وباربەری دەکرد،کەچی لەچارەی رەشی منداڵەکانی‌ئەویش ماشێن لێی داو تەنیا داشقەیەکی تێک وپێک شکاوی لەپاش بەجێما . ئەرکی گرانی مەعاش‌پەیدا کردن کەوتە ئەستۆی دایک ونەداری وبێ‌بژیوی هێندەی دیکە ئەوکی رێک کوشین چارەڕەشی و پەژارە رۆژ لە گەڵ رۆژ زۆرتری قورسایی دەخستە سەر شانیان خونچەی ئارەزوویان پێش پشکووتن هەڵپسان .تێکۆشانی دایکیش هەرتوانی تارادەیەک بەری برسیایەتی بگرێ وهەزار ویەک دەردی دیکەی ژیان بێ دەرمان مانەوە .

"خاتووزین "بەئەسپایی لەجێگا دێتە دەرو بەرلەوەی بڕوا بۆسەر کار ،بەهێوری و بێ‌ئەوەی منداڵەکان راپەڕێنێ یەک یەک کولمەیان رادەمووسێ وئاخێکی سارد وسڕلەناخی دەروونی ئاگرینیەوە هەڵدەقولێ . دەمێک چاوەلێڵ وپڕئاوەکانی لەسەر روومەتی هێرۆی کچی رادەگرێ وبە راوێژێکی بێ دەسەڵاتانە لە بەر خۆیەوەدەلێ: هێرۆگیان ، گەورەکچی دایکی خۆت ،چاوی دایکت‌کوێر بێ دەزانم کراسەکەت‌شڕ بووە وچیدی بۆ لەبەرکردن نابێ بەلام چ

بکەم ...ئاخێکی دیکە کەزیە نەرم و جوانەکەی هێرۆ دەبزێوێ ودلۆپێک فرمێسکی خەم لە چاوی سووری دایکەوە دەتکێتە سەر گۆنای زەردی هێرۆ .

وردە وردە شەو دەگلێ و ئەستێرەکان درشت وورد لە دەشتی بێ برانەوەی ئاسماندا دەتوێنەوە . لەئاسۆی پشت رێزەکێوێکەوە رووناکی وردە وردە بەرە وژوور دەخوشێ وخەرمانی عومری شەو بەبا دەکا . خاتووزین بەبێ دەنگ دەرگا دەکاتەوە وبەرەو ماندووبوون، بەرەو نانەواخانە دەکەوێتەرێ .

چەند رۆژ بووهێرۆ داوای کراسی دەکرد .خاتووزین ئەگەرچێ زۆر ماندوو دەبوو بەڵام هەر دەیتوانی زگی خۆی وچوارمنداڵەکەی زۆربە زەحمەت وچەرمەسەری تێربکا و کرێ خانووش بدا . لەسەرئەوەش را پێی خۆش نەبوو بێ دڵی بکاو بەڵێنی دابوویە بۆ جێژن کراسی تازەی بە دڵی خۆی بۆ بکا . دەنگی ناسک ومنداڵا ـ نەی هێرۆ هەرلەگوێی دا دەزرینگاوە کە دەیگوت: دایە زۆرم ئیشتیا لە کراسی سوورە . سەیرانی ئاواڵیشم بابی لەو رەنگەی بۆکڕیوە کاتێک باسی باوکی سەیرانی کردباوکی لەدەست چووی خۆی هاتەوەبیرو پرسی :دایە بابی من بۆچی مرد؟ بەڕاستی بۆ چی مرد ؟ ئەوە پرسیارێک بوو کە لە دوێنێوە هێلانەی لە مێشکی خاتووزیندا کردبوو و وەک خۆرە دەیخوارد .بە دەم خەیالاتانەوە سەری لەبەر خۆی نابوو و رێگەی دەبڕی . کەوەخۆ هاتەوە چەندهەنگاوێک لەنانەواخانە دوور کەوتبۆوە لۆمەی خۆی کرد ولەبن لێوەوە گوتی : شەیتان بە لەعنەتبێ ئەوە بۆ وام لێهاتووە؟ تاوێک راوەستا .قۆڵچاخەکەی توند کرد ،سەرپێچی لەسەر بەستودەرگای رەشی نانەوا ـ خانە بەپەلە قووتی دا .

هێرۆ وردە وردە فامی کردبۆوە وجیهانی دەوروبەری دەناسی .کەم وکووری ژیانی هەستدەکرد وگرینگ تر لە هەموان غیرەت ولەخۆ بووردوویی دایکی دەدیتکە چۆن بۆپاروەنانێکی بێ‌منەت لەتاریک وروونی بەیانیەوە تائێوارە بەرووی سوورەوە بێ وچان زەحمەت دەکێشێ رۆژێک جل شۆری ماڵان دەکا ورۆژێکیش لەبەرتینی تەندووری نانەواخانە دەتوێتەوە ،تەنانەت کاتی پشوودان وحەسانەوەش بێکار ڕاناوەستێ وتەشی بۆ خەڵک دەرێسێ .

بەڵێ هێرۆ ئێدی منداڵ نەبوو ،دەردی نەبوونی لە چاوە کزەکانی دایکیدا دەخوێندەوە هەربۆیەش بۆ ئەوەی لایەکی لەگەڵ دایکی گرتبێ ویارمەتی دابێ ،ئەرکی ئاگاداری لە خوشکەکانی وە ئەستۆ گرتبوو ،رۆح وگیانی لەسەریان بوو، لەکۆڵی دەکردن ،دە ئامێزی دەکێشان، رای دەمووسین‌وەدەیلاواندنەوە ئاخر هێرۆش کچی خاتووزین بوو ،دەبوو نموونەی فیداکاری ولە خۆبوردوویی بێ .

ئەورۆژە خاتووزین دەمێک فکروخەیاڵ ماوەیان نەدا . وتەی دوێنێ هێرۆ هێندەی شوێن لە سەرهەستیدا یکاتەی دانابوو کە دڵی پڕ بوو.بوغزگەرووی رێک دەکوشی و دەیخنکاندەوە پێویستی بە هاودەمێک بوو تائەوەدەردانەی کە لەبیابانی بیریداکەڵەکە کرابوون ، لەلابدرکێنێ و پرێسکەی دڵی بۆبکاتەوە . خەمێکی گران دەیتواندەوە هێرۆ داوای کراسی دەکرد و دایکیشی دەیزانی کەهەر بە تەنیا ئەو رووت نیە، بەڵکوو باقی‌منداڵەکانیش هێندە کۆک وپۆشتە نین وبۆ خۆشی دەستی کورتە وبەزۆر بژیوێک بۆزیندوومان‌وەدەست دەخا .

ئێوارێ وەک هەموو رۆژێ کولوانەکەی راخست ،چەند نانی تێوەپێچا ودیسان بەدەم خەیالاتانەوە هێدی هێدیبەرەو ماڵ بۆوە .منداڵەکانی دەمێک بوو لەبەر تینی کزو بێ گیانی تاوی ئێوارە خۆیان هەڵخستبوو وچاوەڕێ بوون .

خاتووزین دەرگای قەڵشتەوە ومنداڵەکان لەدوورەوە بەرەو باوەشی فڕین .تێر تێر بەخۆیەوە کوشین ویەک یەک کولمەی راموسین .هێرۆ ماندوو نەبوونی لێکرد و بۆ دڵخۆشی پتری دایکی ،بزەیەکی شیرینی هێنایە سەر لێوە ناسک وجوانەکانی وتاوێک تێی راما .

بەو شێوەیە رۆژیەک لەشوێن یەک تێپەڕ بوون . هاوین زۆری بە بەرەوە نەمابوو گەلاوێژ ئەنگووتبوو شنەیەکی فێنک شارە جوانەکەی مەهابادی بەئەسپایی باوەشێن دەکرد پۆلێک خانووی بچکۆلانە لە داوێنی گەرمی داشامەجیداوەک کۆرپەی ساوا خەوبردوونی‌یەوە .کچۆلان بە گۆزەوە شل وملدادەگەڕێنە سەرشێوەئاوەکەی بەرمالان وەک کۆلکە زێرینە.

هێرۆی وردیلانەش لەقەراغێکەوە کپ وخامۆش ،چاوی بڕیوەتە گومبەزە پیرولەمێژینەکەی بوداق سوڵتان . کەس نازانێ کەنگێ لە ئاسمانی‌بێ سنووری خەیاڵدا ،تاسەی فڕین لە سەر دەردەکا .دڵی هێلانەی هەزار ئاواتی شیرین وپڕشنگدارە ، تاوێک خۆی لە تەنیشت ئاواڵەکانی لە قوتابخانەدا دێتە بەرچاو و دەمێک لەپەژارەی بێ ئەنوایی خوشکەکانیدا وەک مۆمی داگیرساو ، تک تک دەتوێتەوە .هێرۆ بەئاواتەوە بوو وەک دەستە خوشکەکانی بچێتە مەدرەسە وفێری خوێندن و نووسین بێ . بەڵام ئەوەش هەر خەیاڵێکی شیرین بوو و هیچی دی .

چەند کیژۆڵەویکڕا هاواری دەکەنێ : هێرۆ هێرۆ ،خێراکە نۆرەی‌تۆیە . هێرۆ رادەپەڕێ وبەپەلە گۆزەکەی پڕدەکا .

چاوێک بە دەور وبەریدا دەگێڕێ ووەک بەخۆی داشکا- بێتەوە ،سەری دادەخاوبەرەو ماڵ هەڵدەکشێ .

رۆژ وردەوردە لەئاسۆی تاقەدارەوە ماڵئاوایی لە شار دەکا . درەنگە ،بەڵام خاتووزین هیچ سۆراخی نیە دڵەکوتەیەکی بەسام هێرۆی داگرتووە و بۆ ئەوەی منداڵەکانی دی بزرکاوی لە روومەتیدا نەبینن ،بەزۆر زەردەخەنەیەک دێنێتە سەر لێو بەڵام لە دەروونداه ، دەکولێ ونازانی بۆ کوێ‌بچێ وسۆراغی دایکی لەکێ پرسێ. ناعیلاج لەقولینچکی هۆدەکەوە منداڵەکان لەخۆی کۆوە دەکاو گوێ بۆ دەنگی دەرگا هەڵدەخا

رۆژ درەنگ و درەنگ تر دەبێ ونیگەرانی هێرۆدەگاتە ئەو پەڕی خۆی .

ناهومێد ولارەمل ،هەڵدە- ستێ وکەولەکە رادەخا شێو دەدا بەخوشکەکانیو دەخەویان دەکا . ئەوجار هەر دووچۆکی لەئامێزدەگرێ فرمێسکێ لە قوژبنی چاوە



گەشەکانی ڕادەخزێنە سەر کولمی وبەدەم هەنیسکانەوە ئەویش‌خەو دەیباتەوە .

بەیانی دەنگی تەقولبابی دەروازە رای دەپەڕێنێ .

بەو هیوایەی کە خاتووزین بێ ،بەپەلە رادەکا و دەیکاتەوە . لەپشت دەرگاوە ژنێکی گەڕاوە کەلەبەرگەکانی راواوێ دەچوو هاوکاری خاتووزین بێ، سڵاوی لێ دەکا ودەپرسێ :

ئەرێ کچم ماڵە خاتووزینێ ئێرەیە ؟"

" بەڵێ ئێرەیە ، بۆچیتە ؟"

حەتمەن ،ئەتۆش هێرۆی


"بەڵێ لەبەرچی دەپرسی "

"کچم دایکت برێک ناسازەو ئەوەلە بیمارستانێ کەوتووە داوای تۆدەکا ،خێراکە با بڕۆین " .

ئەو وتەیە رەنگ بەروخساری هێرۆوە نایەڵێ و وەک لە پێشدا چاوەڕوانی ئەو

بڕوانە لاپەڕەی ٧٧

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان



حوسێن شەشە

"جەعفەری خادمی"

ئەم هونەرمەندەی لێرەدا ، دەمەوێ بیناسێنم **حوسێنی خۆش ئاوازە** کەبە **وسێن شەشە** بەناوبانگە .بەیت بێژودەنگ خۆشێکی هەڵکەوتەیەودەستێکی بەرزیشی لە شیعرگوتن داهەیە

مام حوسێن لە ساڵی ١٢٩٠ی کۆچی هەتاوی لەبنەماڵەیەکی هەژار لە ئاوایی **شەرەفکەند** ی ناوچەی **مەحاڵی ئاختاچی** لە دایک بووە وهەرکە فامی کردۆتەوەکەوتۆتە وڵاتی شارۆیران .

ئەویش وەک باب وباپیران لەسەر زەوی یەکی بچووک خەریکی کشت وکاڵ بووە . لە ساڵی **١٣١٥** لەگوندی **قەڵاتی سەربەسری** ژنی هێناوەوهەر لەوساڵەشدا لەترسی خزمەتی سەربازی لەگەڵ بنەماڵەکەی پەنا دەبەنە بەر لێڕەوارەکانی ناوچەی سەردەشت .

دەنگ خۆشی نیعمەتێکی خودادادەیە **.وحوسێن شەشە** لەم نیعمەتە بەهرەوەر بووە. لەزۆر جێیان داوایان لێدەکرد بۆیان بڵێ .ئەویش دڵی دۆست وئاواڵ وناسیاوانی نەدەشکاند وتێی هەڵدەکرد. وردە ،وردەلەوە ڕادەستی بە گۆرانی گوتن کرد .

زوربەی بەندەکانی بۆخۆی

ڕێک دەخستن وزۆرجار شیعریشی دەگوت بەڵام بەداخەوە نەخوێندەوار بووونە یتوانی بیان نووسێتەوە وزۆربەیان لەبیر چوونەوە .

ساڵی **١٣٢٠** کەساڵی تەفروتونابوونی رژیمی رەزا خان بوو ،لە لێرەوارەکانی ناوچەی سەردەشترا دادەگەرێتەوە ولاتی شارویران .
لەویش دەگەڵ ئەوەداکە ناسراوبووخەڵکی ناوچە بۆ شایی وزەماوەند لێی دەگێرنەوە وبەم چەشنە ناوبانگ دەردەکا .

ساڵی **١٣٢٦** زەبریکی دڵتەزێنی وێدەکەوێ وخێزانی ئەمری خودابەجی دێنێ و دوو منداڵی لەپاش بەجێ دەمێنێ . هەرلەوساڵەدا سەرلە نوێ دەکۆچێتەوە ناوچەی سەردەشت ومنداڵەکانی دەباتەوە ماڵی بابی خۆی وبۆبابی بەجێ دێڵێ.

لەوسەفەرەدا لەناوچەی گەورکی سەردەشت لەدێی پاراستان بۆدووهەمین جار زەماوەند دەکا ،کەندوکۆسپی رۆژگار کە وەک ئاواڵێک هەمیشە لەگەڵی بووە پەریوەی کوردستانی عێراقی دەکا و ماوەی **٥** ساڵ لە "**هەڵشوێ**" بنەگر دەبێ

لەوێ لەگەڵ خوالێخۆش بوو "**خدرەرەقە**" ئاشنادەبێ . خدر شایەری بابەکری سەلیم ئاغا بووە. زۆربەیتی فێردەکا .



دەستی دەگرێوئەوانەی نایانزانێ فێردەبێ .ئەو بەیتانەی لەوێ فێریان بووە بریتین **لەلاس وخەزاڵ - شێخ فەرخ وخاتون ئەستی - کاکە میروکاکەشێخ - بەیتی عەلی بەردەشانی - میهرووەفا لەشکری سەعیدبەگ ومیرسێوەدین - سوارۆی ئایشەگوڵ خەج وسیامەند .**

لە پێشدا ئەوبەیت و گۆرانی یانەشی دەزانی .
ئازیزە- پاییزە - گەلۆ تەیری گەرمێنێ - تیرۆکە لانکی ئەسمەرێ - سێ سوار راوەچ راوە - بەهارە- کانەبی ونەعمان - بەیتی حەتەم گوڵێ گوڵێ - شەوونیوەشەو شەم وشەمزین - سام سام سینەم .

لە عێراقیش لە زوربەی، زەماوەندەکاندا بەشداری دەکرد .لە**بێتوێن وسەرکەبکان،** کە دێی هەباسی مامەندئاغا بوون دیسان لە **خدرانێ** و **ئالێبلاغ** لەپەنا شاری **سلێمانی** چووتە زەماوەند .لەوماوەیەدا سەری لە **کەرکووک وهەولێر و رانیە وقەڵادزێ وئالتوون کۆپری وسەنگەسەر** هەڵێناوە . لەوگەران وسوورانەوەدا لە گەڵ دووهونەرمەندی گەورەی عێراق وەک مامۆستا **تاهیر تۆفیق ورەسووڵ گەردی** ئاشنا بووە ولێ یان نزیک بۆتەوە و ماوەیەکی دەگەڵ ئەوان رابواردووە .

پاش ماوەیەک گەراپەوە ولاتی کوردستانی ئێران ولە ناوچەی **سۆیسنا یەتی** لە گوندی "**بووبان**" نیشتەجێ بوو.

ئیدی لەوسەردەمە بەدوا دەستی لە گۆرانی کوتن هەڵگرت وتەنیاجاروبارە بەیتی دەگوتنەوە .ماوەی سی ودووساڵ لەودێ یە بوو. پارەکەش کۆچی کردوئەودێبەی بەرەو (واوان) بەجێ هێشت .

دیلربوو ماندوو بووە . بەیتەکانیم بیستبوو بەڵام دەمویست بزانم شێعرەکانی چۆنن ،ئایادەتوانێ شێعریش بلێ ،یالەوانی پێشتر گوتوونی لەبیری ماون ؟

قەڵەم وکاغەزەکەم دەرێنا ، ئەویش دەستی رۆهێشتە گیرفانی وبەکاوەخوتووتن وپەرەکەی دەرێنا . جگەرەیەکی هەڵبەست وداپگیرساند . دوایەوردە وردە دەستی پێکرد

شیعری

خۆشه سوزەی کوێستانێ
مالّ هاتووته لێنانێ
دەگەلّ گورەی شەمالّی
نەرمه خوناوکەی بارانێ
تاولّ و رەشمالّیان هەلّدا
لەنێو شۆرە بیزانێ

* * *

خۆشه سۆزەی کوێستانێ
مالّ دەچن بۆ هەوارێ
کیژ و کوڕ حازر دەبوون
لەپێش کۆچ و کۆچبارێ
تاولّ و رەشمالّیان هەلّدا
لەنێو گولّ و گولّزارێ
ئاونگی سەر سێوەرە
وەکوو دانەی مرواری

* * *

بۆنی سوێسنه وهەلّالّان
دەگەلّ پەلکی شللێرێ
هەلّزو بیزاو مەندوکی
دەگەلّ گولّی کەنێرێ
ئاوی بن رنووبەفران
لنەمێرگان دەدێرێ
لەبلّیندان دێنه خوارێ
محەلّی خێر وبێرێ

* * *

کیژو کوڕ لە کوێستانێ
گەینە خۆشی و مرادێ
رۆژێ دەچن بۆ شاخی
هەتا ئێوارە دادێ
گەر ئێواران دێنەوە
دێنن کارگ وکوڕادێ

* * *

هەلّزو بیزای نیسێیان
کارگ و کوڕادی بەرپالّی
لەقریوەی شوان وبێریان
لەدەنگی مەڕو مالّی
پۆل بەپۆل دێنه خوارێ
بێری برایم جەلالّی
شوان لەدوای مەڕی دەڕوا
خۆش لێدەدا شمشالّی

* * *

محەلی نیوە رۆیان
مەڕ دێتەخوار بۆبێرێ
شوان لە دوا مەڕی دەڕوا
خۆش لێدەدا بلوێرێ
هەرسێکیان شەنگە بێرین
ئامین وئایش ومێرێ
کیژ وکوڕ بە سۆرانیان
لێکرا دەکەن هاوێرێ

* * *

ئایش دەلّێ :هۆی فاتم !
فاتم دەلّێ : ئامینێ !
توور وشیرمەشکان سازکەن
بابچین بۆ مەڕدۆشینێ
مەرنایەتەوە مالّێ
ئەوەلّ رۆژی هاوینێ

* * *

ئەو کوێستانە دەیبینی
هیند سوورە دەلّێی بووکە
هەر لاخرێکی دەیبینی
پڕ لە خونچە و گولّووکە
جێگای بەویسحەت کوێیە
مەیدان چۆغەو بەردووکە
لەبن سێبەری بێیان
ئاوی زۆر ساردەوسنووکە

پاشماوەی گولّێ...

هەوالّە بوو بێ دەست دەکا بە شیوەن وگرین وژنەش وێرای ئەو لەبانگ دەدا .

سەعاتێک پاشان لەسالۆنی نەخۆشخانە هێرۆ بەدەست دوو پەرەستارەوە بوو و خۆی رادەپسکاند و بەگریانەوە هاواری دایکی دەکرد وبەخۆی دادەدا .



بەلّێ رۆژێ پێشوو خاتووزین لەتەندووری نانەواخانە کەوتبوو وئاگربەشی زۆری لەشی سووتاندبوو . تاماوەیەک بەرلە گەیشتنی هێرۆ، هەر گیانی لەبەر دامابوو هاواری مندالّەکانی دەکرد . پاشان وردە وردە پێلوەکانی قورس بوون و جیهانی پڕ لە چەرمەسەری ورەنج وخەم و پەژارەی جێ هێشت و چاوەکانی بۆ ئەبەد پێکەوە نان .

شەڕی کراس



کەریمی فەرشی

مانگە شەوێکی خۆشە و مانگ دەڵێی کیژێکی جوانە چارشێوێکی گوڵ ئەستێرەی تەخت رەشی پێداداوە،دەموچاوە سپی یەکەی وەدەر خستووە، قیرەقیری بۆقەکانی بەستێنی چۆم شەویان پڕکردووەلەبەر هەیوان دانیشتووین .منداڵەکان خەریکن پێکەوە کایە دەکەن وخێزانیشم لەگەڵ منداڵە چکۆڵەکە خەریکە.

منیش کتێبێکم بەدەستەوەیە دەیخوێنمەوە .دەستمدا لیوانەکە چۆڕێک ئاوبخۆمەوە کەچی قیژەی ژنێک وڵاتی لەرزاندەوە .هەر ئەوەندە بڵێی یەکودوو لەگەڵ منداڵان وادەرپەڕیمکەوەختا بوو ئەستۆشم بشکێ .

کاتێک چوومە دەرێ دیتم دەروجیرانەکانی دیش هەموو سەریان وەدەرناوە و لە ماڵی کاک جەعفەری بەرانبەریشمان دەنگی هەراهەرا و گریانی منداڵان دەهات . چەند کەس لە جیرانەکان کۆوەبووین ویستمان بچین بزانین چیە کەچی لەپڕ دەرکەی ماڵی کاک جەعفەر کراوە و مەحسوومە خاتوونی خێزانی بەسەروسەکوتێکی ئالۆز وبە گریان و لەخۆدان هاتەدەر ولە نێوەڕاستی کۆڵانەکە خۆی بە عەرزدادا . کاک جەعفەریش دارێک بە دەستەوە ، یەخەی کراس ئاوەڵە ،ئارەقگیردراو هاتەدەر، کچ وکوڕەکەشی بەگریان بە دوواياندا .

هەرچۆنێک بوو بە چەند ژن مەحسوومەخاتوونیان بردە ماڵی ئێمە وئێمەش بەچەند کەسان دارەکەمان لە چەنگ کاک جەعفەر دەرهێناوبردمانەوە ژوور. لە حەسارەکە بەرەیەک راخرابوو لەسەروی دامانیا . کاک جەعفەر چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون و دەستی دەلەرزی قەراغ لێوەکانی کەفێکی سپی یان دەردابوو ئێمەش کە زانیمان تووڕەیە جارێ هیچمان نەگوت پاش ماوەیەک مام قەرەنی کە ئەویش هەربە هاوارەوە ، هاتبوو پیاوێکی دەنێوەوەچوو بوو.

کەواکەی وەسەر پانتۆڵەکەی ، خستبوو کڵاوێکی میلی سپیشی لەسەر نابوو لاجانگی بەدەرەوە بوون کوتی : کاک جەعفەر هەستەبابم پچۆ کەمێک ئاو بە چرۆچاوتدا بکە دەهەستە دەی !

ئێمەش بەدووکەسان چووین یارمەتی کاک جەعفەر بدەین، کەچی بۆخۆی هەستاو چۆوە بەر شێرەکە برێکی ئاو بە دەمو چاویدا کردو دوو دوگمە بە کراسەکەیەوە مابوو دایخستن ودەستێکی بە سەروپۆتەڵاکیدا هێناو هاتەوە جێگاکەی خۆی دانیشت .دیاربوو زۆرداخ لە دڵ بوو بێ ئەوەی کە لێی بپرسین دەستی کرد بە قسە و گوتی :

ئەگەر هیچتان نەزانن ئەو کاک قادرە دەزانێ ئەوە تا بەرانبەرتان دانیشتووە هەفتەیەک دەبێ ونابێ لەگەڵ خێزانی ئەو کراسیان کڕیوە کەچی ئەمشەویش بەزمی پێ گرتووم کراسم دەوێ .

ئەمنیش لەپێشدا لەسەرەخۆ گوێم دایە وگوتم:

باشە بایی چەندە؟ ئەویش بە پێکەنینەوە کوتی :

ـ هەرزانە

باشە هەرزان یا گران قیمەتی چەندە؟

دووقامکی هەڵێنا وپێشانی دام

ـ دووچەند دووسەد یا دوو هەزار؟

ـ جا ئەلعان کراسی دووسەد تمەنی هەیە؟یان خۆت شێت کردووە وادەڵێی ؟دووهەزار تمەن .

ـ ئاخە تازەت کراس نەکڕیوە!؟

ـ ئاخر ئەوە کراسی نێومالە وهەر بۆکارووباردەبێ ئەوە یەک ،یەکەودوای ئەوەش فەرق دەکا ئەوجێگایەی کە دەچم خۆهەموو جێگایەک وهەموو مەجلیسێک بۆوەی نابێ شتی هەرزانی بۆلەبەرکەی .

ـ بۆبرێک بیوناکەیەوە خۆئەمن لەسەر کووپەی ژێر دانەنیشتووم لە خانووی کرێ داین دوومنداڵان دەنێوینە مەدرەسە پوولێ ئاو و بەرق وتەلەفوون دەدەم .

لێرەدا کاک جەعفەر هەستا سەرچۆکان وگوتی :

جائەوە وەبیرم هاتەوە پازەکەدەمانەویست خانوو بگرین دەیگوت هەر جێگەیەک بگری تەلەیفوونی نەبێ نایەم وپێی تێ نانێم .ئەوەرۆژتاکوو ئێوارە تەلەیفوونی بەدەستەوەو .ئەوەماڵی کچی پوورمە ئەوە ماڵی ڕەفیقەکەمە . ئەوە کوێیە وئەوە کوێیە.

ئاخە بەخاتری خودا دەرەقەت نایەم. سەرتان نەیەشێنم نەیهێناونەیبرد بەمنی گوت:

ـ ئەگەر حاڵت وایەوژنت پێ بەخێوناکرێ ژنت بۆدێنا ؟

ـ ژنم پێ بەخێو دەکرێ ئەتۆم پێ بەخێوناکرێ کە وەدوای داب ومۆدی ڕۆژ دەکەوی دەڵێی داخوا کچی کێی یا ژنی کێی ؟

ـ هەمووکەس دایک و بابی من دەناسێ ئەوە ئەتۆی کەس نازانێ کێی سواڵکەر !

کەوای گوت زۆرم ڕق هەستا ئەو رادیۆیەم کە بەدەستەوە بووپێمدادا .ئەویش وەدیوار کەوت .مام قەرەنیش گوتی ئەوەش زەرەرێک کاک جەعفەر چاوێکی لە مام قەرەنی کردووئاوای درێژە بە قسەکانی دا .لەدوایەش چووم دەستمدا ئەوداره ودارێکم لێ راکێشا ئاوای زیقاندو غاری دا دەروئابرووی بردم.

خۆئەگەر لەبەر ئەودوو منداڵە نەبائەو موویە لە پیلاوان نەهاتبایە کە هیچ لە سبەینێ زووتر نەبوو تەڵاقم دەدا وخۆم ئاسوودە دەکرد.خۆ تازە ئابرووم هەر چووە.

مام قەرەنی گوتی،براکەم برێک لەسەرە خۆبە ،ژن خۆ کراس وکەوانیە هەموو رۆژێک بیگۆڕی .

کاک جەعفەر گوتی:خۆراستە دەکەی بەڵام ئەو ژنە قسە دەقسان دەکەوێ دەڵێ ئەگەر ناتوانی بەخێوم کەی تەڵاقم دە

مام قەرەنی گوتی باشە براکەم ئەدی ئەتۆ بۆلێی دەدەی دەستێک خێرو دەستێک شەڕ.ئەوە هاتوجێگا یەکت شکاند یاخودای نەکەردە کوشتت بە قەولی دەڵێن رقێک ماڵ ئاوەدانکەرەو رقێکیش ماڵ وێرانکەرە .

برێک لەسەرەخۆوهێدی بە .

کاک جەعفەرگوتی ئاخە مام قەرەنی گیلان بە قوربانی چاوەکانت بم قسە بیست و چوارەودووی بەکارە .ئەمن بەدایمی خودای لە ڕێگا و بانانم .رووحم لەسەربەری دەستمە خودا دەزانێ هەر جارێکی کە دەڕۆم دەگەڕێمەوە یا ناگەڕێمەوە .خۆهەمووتان دەزانن کە ئەمن جوملەی ساڵێکە لەو گەرەکەم ئەوو دەستە لیباسم لەبەردایە .

جاروبارەش کە دەچمە قاوەخانە وقەنەنەیەک دەکێشم یا چایەک دەخۆمەوە نارەحەتم. چون

لەوجوورە پیاوانە نیم بەبێ ماڵ ومنداڵم لە دەرەوە بە کەیفی خۆم بکەم وبخۆم. دڵم ناحەسێتەوە. کەچی ئەویش ئاوا لە من دەکا، ناوێری بڵێی پشتی چاوت برۆیە. هەر لە ئەوەڵەوە خەتای خۆم بوو دەڵێن ئەگەر مریشک بۆخۆی خۆڵ وەسەر خۆی نەکا بەکەس خۆڵی وەسەر ناکرێ.

گوتم ئەتۆش بەجوانی پێی بڵێ وتووڕە مەبە دانیشە بە قسە حاڵی بکە مار بە قسەی خۆش لە کون دێتەدەرەوە.


لە جوابمدا کاک جەعفەر گوتی ئەو ئەوجۆرە شتانە نازانێ، ئەگەر پارچەیەک یا کووتاڵێکی تازەی دی هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە. ئیتر نالێ بەشکە جیوانەکەم یا یەکێکی دیکە هەیبێ و بتوانێ زوو زوو بکرێ ودەبەر کا ئەدی بۆدەبێ ئەمن چاو لەوان بکەم.

چاولێکەری زۆر کەسی کلۆڵ وماڵ وێران کردووە ئەو دەبێ چاو لە گیرفانی من کاو لە قەدەر بەرەی خۆی لاق راکێشێ.

کاک رەحمانی جیرانی دیوار بە دیواری ماڵی کاک جەعفەر یش کە برێکیش لەگەڵ ژنەکەی بە خزمدەردە چوو وهەر ئەویش ئەوخانووەی بۆدیتبوونەوە بە خۆی وبە ورگی زەلامی، دوگمەی ئاواڵەی، کراس ودوخێنی بەدیارەوەی، دەستێکی برد، پشت ملی خوراند وچاوێکی برێک بۆقووچاند و بەکاوەخۆ گوتی:

ئەتۆ راست دەکەی جەعفەر گیان بەڵام دەڵێی چی؟ هێندەی لەگەڵ مەڵێ زۆریشی جواب مەدەوە.

کاک جەعفەر گوتی: جائەوە جوابم نەداوەتەوە ئاوای لێکردم وئەوهاتوهاوارەی بۆ



سازکردم.

کاک رەحمان گوتی:

خۆهەموو جارێ وای لێ نایە کەم کەم چاک دەبێ. بەشکەم هێندە ئەو کراس وکەوا یەشت پێ نەکرێ ئەویش ئەولیباسەی ئێستا ژنان لەبەری دەکەن شەش قەدی کەیەوە ئەودیوی تێدادیارە.

لێرەدا بزەیەکمان بە قسەکەی هات ومام هەمزەش گوتی:

جائەتۆ تازە پیربووی بۆوات سەرنج داوەکە پاش شەش قەدان ئەودیوی تێدا دیارە؟

کاک رەحمان گوتی: ئەمن بڵێم ونەڵێم هەروایە بەشی ئەوەندەش هەر دەزانم ودەبینم

کاک جەعفەر برێکی جێ خۆش کردووگوتی:

ئەوژنەی ئەمن هەمەودەیناسم قەت ئەو داب ومۆدەی دانانێ هەر پارچەیەک بێ هەوەڵ کەس دەبێ بیکرێ ولەبەری کا. سەد جارم پێ گوتووەوەختیوا کە پارچەیەکی تازەدێ برێک راوەستە جالە پاشان بیکرە لە هەوەڵەوە گرانە بەسەری ئێوە جوابیشم ناداتەوە زوو دەیکرێ کەچی پاشی چەند رۆژان تمەنی تمەنێک قیمەتی دێتەخوار. یابەرگەی جارێک شوتن ناگرێ ولەوێ فرێیان دەدا. ئاخر خۆمنیش ئەو

پوولەم نەدیتۆتەوە زەحمەتی پێوەدەکێشم وئارەقەی بۆ دەڕێژم.ئەوەتا چوار ساڵە پارچە زەوی یەکم هەیە نەمتوانیوە دوودیوی تێدا سازبکەم ولەکرێگرتەیی بحەسێمەوە لەبەر کراس و کەوای ئەوژنەی نەمتوانیوە.

کچ وکورەکەی کاک جەعفەر ریشکە نێویان کاوە وکەژاڵ بوو لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوون وچاویان لە بابیان بڕیبوو.بەڵام هەر دووکیان لە پێشدا زۆرگریا بوون وچاوەکانیان سوور هەڵگەڕابوووخەویشیان دەهات.

منیش گوتم رۆڵە هەستن پچن بنوون درەنگە سەعات چارەگێکی دەوێ بۆدوازدە.

بابیشیان گوتی:

راست دەکا هەستن ئەنگۆ بنوون.

ئەوان هەستان بچنە ژوورێ دەنگە دەنگی ژنان لە کۆڵان پەیدابوو ئەمن زوو چووم سەرم بەدەرکە داگرت دیتم ئەوە خێزانی کاک جەعفەرە بە تۆبزی خۆی لە چەنگ ژنان رادەپسکێنێ ودەیەوێ بڕوا.

ئەویش بەبێ چارشێو بە لینگی تەق تەقیلەی. من و کاک قادریش چووین پێشمان پێ گرت گوتمان ئەوە چیە خۆئەنگۆ منداڵ نین! وەرە بچۆوە ژوور لەگەڵ ماڵ و مێردی خۆت دانیشە .کەچی لە جوابدا گوتی:

تازە قەدەمم وەو ماڵەی ناکەوێتەوە. دەبێ هەر تەڵاقمدا.

منداڵەکانیش لەبەر دەرکە راوەستابوون ودەگریان.

گوتم "ئەدی منداڵەکانت

گوتی: منداڵم بۆچیە؟ تازە گەورە بوون ئەوانیش بابۆ ئەوبن .ئیدی پێت وایە ئەوان لە بابیان چاتردەبن و گومبەزم لەسەر دەکەن؟

زۆرمان پێ گوت ولەبەریدا شلوکوت بووین "دایکت چاک بابت چاک ،وەرە بگەڕێوە درەنگە مەرۆ.:

گوتی:نا ماڵی بابم نیزیکە

گوتم لە کوێ نیزیکە.لەوسەری شارن.

گوتی دەی جا چیە خۆگورگ نامخوا .رێی داگرت ورۆیی.

دیسان ئەمن چووم پێشم پێ گرت وگوتم:

بێ وەختە وەرە سەرو ئەگەر هەر ناچی یەوە ماڵی خۆت ئەمشەو بچۆماڵی یەکێک لە جیرانەکان تا سبەینێ بزانین چۆن دەبێ ،بادایک و بابت نەزانن وئەوان نارەحە-ت نەبن .تەماشام کرد هیچ فایدەی نیە ،هەردووک لاقی دەکەوشێکی ناوە ودەڵێ: هەر دەڕۆم! جاکەوابوو هاوارم کردە خێزانم وگوتم: جووتێک کەوش وچارشێوێکی بۆبێنن باتاوا بە شەقام وکۆڵانان‌دا نەڕوا.

وەڵا کەوش وچارشێویان بۆ هێناوکەوشەکەی دەبەرکردو چارشێوەکەشی پێدادا، ئەوە هەر پێشی دەڵێین و جوابمان ناداتەوە. ئێمەش ژن وپیاو-ێکمان لەگەڵ نارد.

گەڕاینەوە چووینە لای کاک جەعفەر.گوتی:


خۆبۆخۆتان ئاگاو لێ بوو چەند بەدفەڕو لاسارە.جوابی خۆی نەبێ جوابی کەس ناداتەوە.

منیش حاڵیم کردلەبەر منداڵەکان بڕێک تاقەت بێنێ وسەبری بێ.هەستاین خودا حافیزیمان کردووهەرکەسە چووینەوە ماڵی خۆمان.

ئەگەر چوومەوە ژوورێ سەعات یەکی نیوەشەو بوو.

خێزانم بە گاڵتە پێی گوتم کە زۆرتریش بەراستی بوو ئاگات لێیە من بۆتۆ چۆنم قەت دڵم نایە بەزمی شتی وات پێ بگرم .لەسەر کراسێک وا بقیژێنم وئابرووت بەرم؟ ئەگەر ساڵێ جارێکیش بۆم نەکڕی هیچ ناڵێم.

منیش هیچم نەگوت بەڵام لە دڵی خۆمدا دەمگوت خۆ راست دەکەی وای،قامکی دەستان هەموو وەک یەک ناچن. وەهەموو ژنێکیش وانیە.



ئێوە و ئێمە

سنە : کاک ش .ع

بە بڕوای ئێمە اورمیە یا ا ُرومیّە کە بە شێوەی ئاسایی بەبێ بۆروشەددە وەک «ارومیە» دەنووسرێ هەردوو – کیان دروستن

"ئوور" یا "ئورروو" لە زمانی ئاشۆریدا بەمانای "شار" ە ، وەک لە وشەی "ئوورشەلیم" و "ئووربیل" (ئەربیل ،هەولێر)–یشدا هەیە . "میە" لە ئاشۆریدا بەمانای "ئاو"ە ، کەوابوو " ئوورمیە " یا " ئوروومیە " یانی " شاری ئاو " سەددی شەهید کازمی: کاک محەممەدی حەبیبی

ئێمەش هیواداریین هیچ نووسەر و موحەققیقێکی کورد بەرهەمەکانی خۆی لە خەڵک نەشارێتەوە .

شنۆ :کاک غەفووری سەلیمی

رەخنەکانت بەجێ نەبوون ، سروە جگە لە شنەبا چ مانا یەکی دیکەی هەیە؟ئەگەر پێت شک دێ دەتوانی بۆمان بنووسی ،یا ئەگەر ناوێکی دیکەت جگە لە سروە بەدڵە بۆمان بنووسە ،سپاست دەکەین .

پیرانشار : کاک رەحیمی ئەحمەدی

دیاریەکەتمان پێگەیشت بەداخەوە لەباری شیعریەوەزۆر کەم هێزە ،چاوەڕوانی هاوکاری پتری ئێوەی خۆشەویستین.

تاران :کاک محەممەدی قەهوەیی

.. شیعری ئەمجارەت جوانتر بوو ، بەڵام لە باری کێشەوە تەواو نەبوو . ئەگەر ئەو هەستەت بە پەخشانێک دەربڕیبا کەلکمان لێ وەردەگرت چاوەڕوانی هاوکاری زیاتروئاواتەخوازی سەرکەوتنی پتری ئێوەین .

بۆکان :کاک ح .شیوەن

سووژەی شیعرەکەت جوانە بەڵام لەسەنعەتی شیعر شارەزانی . پتر موتاڵاکە ودرێژە بەم هونەرە بدە .

سەقز :کاک رەزا وەفادووست

باشترین رێگا بۆ فێرا بوونی زمانی کوردی - خوێندنەوەی زیاتری گۆوار و کتێبە بەنرخەکوردی‌یەکانە . زەوقی شاعیریشت هەیە . هیوا دارین درێژەی پێ بدەی . دوو شیعری یەکەم :

ئەورۆ براز ستانە
بەفران لەسەرکوێستانە
لەسەر دەشت ولەکێوان
نیشتووە سەرمای زستان

جوانن ، بەڵام لەشیعرەکانی دیکەتدا لەبارێکێشەوە کەم و کووڕی دەبینرێ .

شیراز :کاک ج‌ق مالە

نێوەرۆکی نووسراوەکەت جوانە و هەستی شاعیرانەی تێدایە . بەڵام نەلەسەر کێشی کۆنەو نەلەسەر کێشی خۆماڵی . شیعری نوێش دەبێ کێشی هەبێ .

مەهاباد :کاک ج.م .شمزاو

پێت وانەبێ شیعر هەر چەند درێژتر بێ چاترە لەم دوو دێرە کورتەتەدا هەست و هونەری شاعیری بە جوانی دەردەکەوێ

کاتێک هاتی دالێ بەزین
زاڵ بوو لەسەر کۆتریئەوین
کەم کەم دەچوو قەڵاتی ژین
بەرەو رووخان بەرەوجمین

شیعرەکانی دیکەشت لە باری کێشەوە زۆر ناتەواون. بۆوینە وشەی"نەورۆزی لەم شیعرەدا جێی نابێتەوە :

تەزووی ساردی شەوی زستان
هەواڵی نەورۆزی شادی
هەواڵی وەرزی پشکووتن
هەواڵی رۆژی ئازادی

مەهاباد :کاک حەمیدی نەزیمی

وێڕای سپاس ،نووسینەکەت زۆر جوان و پاراوە .بەڵام لەسەر شیعر دەبێ پتر کار بکەی .

کەت کەدەڵێ :
"ئەی خەم لەسەراپەردەی دڵ
بچۆوە بەدەر "
باقی تێکەڵ پێکەڵ بوو پتر حەول بدە .

ئەدەبی

گوندی رەحیمخانی بۆکان:
کاک یونسی مام رۆستەمی

زەوقی شیعرت هەیە .تەنیا لە جێگایەکدا رەدیف و قافیەت لێ تێک چووە . لە "چۆن بوو" و "کێ بوو" دا . وشەی "بوو" رەدیفەو "چۆن" و "کێ" قافیە نین .جگەلەوە چونکوو شیعرێکی زۆر بەسروە هەڵگوتراوە نەمانتوانی چاپی بکەین . چاوەڕوانی بەرهەمی دیکەی ئێوەین .

سەقز :**کاک چالاک**

کوردی نووسینەکەت زۆر جوانە .شیعرونووسراوەی کوردیمان بۆ بنێرە و پەیوەندیمان لە گەڵ ببستە .

پەنگیجەی سەقز :**کاک محەممەد شیوەن**

شیعرەکانت ئیحساسی ئینسانی جوانی تێدایە .بەڵام کەمو کووڕیشی زۆرە.هیوادارین بە خوێندنەوەی زیاتر لەم رێگایەدا سەرکەوی .

سەقز :**کاک سەدیقی عەزیزی :**

لە هەڵبژاردنی سووژە بۆ شیعردا سەلیقەت هەیە . بەڵام بەداخەوە هێشتا بۆت ناخرێتە چوار چێوەی شیعرەوە پتر تێبکۆشە و زیاتر بخوێنەوە .

بۆکان : **کاک سەید عبدالرحمانی عەزیزی**

بۆ لەچاپدانی کتێبەکەت لە پێشدا نوسخەیەکمان بۆبنێرە تادەستەی نووسەران رای خۆی لەسەربدا . دوای پەسندکوان کاروباری سەربەچاپی کتێبەکە بەستۆ دەگرین .

سنە : **کاک جەلیلی پوورشاد**

زەوقی شاعیرانەمان لە شیعرەکانتدا بەدی کرد ئەرکی تۆلەم پلەدا زیاترخوێندنەوە وسووژەی جوان هەڵبژاردنە .

مەهاباد: **خوشکە مەعسوومە ع .**

ئەوە چەند دێڕلەشیعرەکەت چاپکرا . بەلام تکادەکەین تۆبەوئیستعدادەوە پترخۆت ماندوو بکە .

سروەهاتووە بەبای شەماڵ
هێنای پەیام بۆ کوڕ وکاڵ
بەیان ئەنگووت وغەم رابرد
هاتەوەدی ئارەزووی کورد
سروە قسەت چەندە خۆشە
دڵی کوردت بۆ پەرۆشە

ئیسکی بەغدای بۆکان :
کاک رەشیدی حەبیبی فەر

جگە لە یەکەم دێڕی شیعرە-

مەهاباد: **کاک سەلاحی ــق**


ئەم شیعرە شیعری وەفایی شاعیری بەناوبانگی کوردە و سەر وتاکەی ئاوادەست پێدەکا

گادە سووتێم گادەگریەم غەرقی ئاوو ئاورم
ئاخ لەبەربەختی سیانازانم ئەزبۆچ نامرم

مەهاباد: **خوشکە وەحیدە جەبیدی** شیعرەکانت کەم وکووڕی هەبوو وبڕوای ئێمە ئەگەر هێندێک لە بارەی وەزنەوە خۆماندووبکەی دەتوانی شیعری جوان بڵێی چاوەڕوانی شیعری تازەی ئێوەین .

مەهاباد: **کاک عەزیزی عەزیز نژاد**

جیاوازی زمان ولەهجە ئەوەیە کە زبان لە چەند لەهجە وبن لەهجە پێک هاتووە ئەگەر سەیری زمانی کوردیت کردبێ خۆی لەچەند لەهجەوەک شیمالی ونێوەندی وجنووبی پێک هاتووە کە ئەوانیش بۆخویان چەند بن لەهجەیان هەیە . جاکەوابوو کوردی زمانە ولەهجەنیە



مەلاکەریمی فیدایی

وێرای سپاس لە کاک سەید موحەممەدی سەمەدی کە ئەم سەرگوریشتەی بۆ ناردووین

ئەمن ناوم کەریمە ناوی خانەوادەگیم هونەرمەندە، ولە شیعر و ویژەوانیدا مەشهوورم بە فیدائی لە سالی هەزار و سێسەدو حەوتی (١٣٠٧) هەتاوی لە گوندی **"سی سێرێ"** کەیەکێکە لە گوندەکانی **گەورکی سەردەشت** لە بەکێک لە بنەماڵەکانی وەرزبەریدا پێم ناوەتە ئەم جیهانە پان و بەرینەوە.

بابم ناوی **"سمایلە"** ولە رەچەورەگەزی تایفەی **"بامەرەیە"** کەقەومێکن هەرلە کۆنەوە هەتا ئەورۆلەو گوندی سی سێرێدا نیشتەجێ بوون و ئەورۆ کەش بنەماڵە-یەکی زۆر لەو دێیەدا دەژین وماون. دایکم ناوی **"ئامان"** کە نەژادی وی وەکوو بیستوومە دەچێتەوە سەر رەگەزەی کوردی **جاف.** لەکاتێدا کەتەمەنی مندالی من دەگاتە سی مانگی بابم لە خاوەن مولکی گوندی سی سێری دڵی نارەحەت دەبی وبە پێ ی رێ وشوێنی ئەو سەردەمە لە دێی سی سێری دەگوێزێتەوە و دەچێتە گوندی **"کانی رەشی"** کە یەکێک لە گوندەکانی گەورکی مەهابادە.

ئەمن لەوگوندەدا گەورە بووم و دەوری مندالیم بەسەر بردووە. بابم هەر چەند بێ سەواد ونەخوێندەوار بوو زۆر عیشق و عەلاقەی بەخوێندن وزانست هەبوو وبە جورێکی وا پابەندی عیلم وزانست بوو کە تەواوی کتێبە وردیلەکانی وەکوو: **سمایل نامەناگهان جورم بەخش- عەقیدە- مەهدی-نامەی** لەبەر بوون و دەی زانین. جاهەر بەو بۆنەوە لە تەمەنی حەوت سالبدا ئەمنی نایبەر خوێندن و دەستم کرد بەسی پارە و خوێندنی قورعانێ، لە لای ماموستای ئاوەدانی کە ناوی **"محەممەد"** بوو ولەگەڵ بابیشم خزم بوو. هێشتا قورعانم بەسێ یەک نەکرد بوو کە دووبارە بابم لە لایەن خاوەن مولک دلهێش کراو لە دێ ی کانی رەشێ کۆچی کرد چووینە گوندی **"وەرگێل"** کە ئەویش دێیەکە لەگوندەکانی گەورکی سەردەشت و لەوێدا نیشتە جێ بوین و لەخزمەت

ماموستای ئەم گوندە کە بە "مەلاعەبدوڵڵای خەندانی" مەشهوور بوو قورعانم تەواو کردو کتێبەکانی وەکوو: **جورم بەخش ـ ناگەهان ـ سمایلنامە عەقیدە ـ وبابی ئەوەڵ لە گولستانی شیخی سەعدیم** لە خزمەت ئەو ماموستا یەدا خوێند. لەپاشی دووساڵ مانەوە لە گوندی وەزگیلیدا ئەمجاریش مالیکی ئەو گوندە دڵی بابمی زورئێشاندو سەد برو بیانووی لێگرت و بابم ناچاربوو لە پاش چەند ساڵ دووری و دەربەدەری لە خاکی باب و باپیری خۆی بگەرێتەوە بۆ ناو خزمەکانی جائەوە بوو کەهەر لەوەرگیلی باری کرد چووە نێو گوندی سی سیری وهەتاکاتی مردن لە وێمایەوە. ئەمنیش لە سی سیری لە حوجرەی فەقییان کە مودەررسی ئەو حوجرە ماموستا سەیید حوسین حوسینی بوو دەستم کرد بە دەرس خوێندن و کتێبی گولستانی سەعدی لە فارسی داخویند و تەواوم کرد لە پاش ئەوە دەستم کرد بە دەرسی عیلمی عەرەبی و کتێبی"**تەسریفی زەنجانی**"ـ"**عەوامیل**"و "**ئەنموزەج**"م خوێند. وێستا کتێبی "ئەنموزەج"م تەواو نەکرد بوو کە بابم، تەنیا هومێدی گەورەی من لە ژیانمدا، چاوی لەدنیاپۆشی ومرد و ئەمن ودایکم وبرایک (قادر) وخوشکێک (ئایشێ) بێ سەرپەرست ماینەوە.

برایەکی لەخوم گەورەتر هەبوو بەناوی "**رەسوول**"کە دایکمان جوی بوو، بینا بە وەسیەتی بابم ئەوبوو بە سەرپەرستی ئێمە، چوون بابم وەسیتی کرد بوو کە دەبێ کەریم هەربخوێنێ ونابی دەس لە خوێندن هەلبگری، خودا هەلنا گری رەسوولی برام ئەوەندەی کەبۆی کرا لە خزمەت کردن بەمن و ئەوانی دیکە کۆتایی نەکردوئەمنیش لەسەر ئەوهەموو دەردی سەری وفەقیری ونەداری یەی کە رووی تێکرد بووین لە خوێندن دەست بەردار نەبووم وبەهەر کویرەوەری یەکی کە بووبی کتێبی **ئیزهار ـ تەسریفی مەلاعەلی ـ وەزع و ئیستیعارە جامی** م تەواو خوێندو دەستم کرد بە کتێبی "**سیوتی**" جالەو کاتەدا ئارەزووم دەکرد کە ماوەیکی بۆدەرس خوێندن لە دێی سیسیری بچمە دەرێ. هەربەو بۆنەوە رووم کردە مەملەکەتی بانە و لە گوندی "**سیوچ**" لەلای ماموستا مەلا "برایم" کەمودەررسی ئەم گوندە بوو دامەزرام ولە هەوەڵی بەهار هەتاهەوەڵی پاییز لەو گوندەدا مامەوە و کتێبی سیوتیم تەواو کرد. لەو ساڵەدا بوو کە**حەمەرەشید خان** کە یەکێ بوو لە سەردار عەشیرەتەکانی وڵاتی عێراق، لەبەرابەر هێرشی لەشکری دەوڵەتی ئێرانی دا لەشاری سەقز شکستی خواردو بەرەو شاری بانە گەراوە ولە ئاکامدا تەواوی شاری بانەی سوتاندوئاوری تێ بەرداو بە خۆی ودارودەستە کەیەوە رویشتنەوە بۆخاکی عێراقێ.

لەوکاتەداخەڵکی دێهاتی بانە لەترسی قشوونی ئێرانی هەموو رەوین و گوندەکانیان چۆڵ کرد وئەمنیش وەکووخەڵکی دێی سیوچ رەویم وهاتمەوە گوندی سی سیری ولەخزمەت ماموستا مەلاعەبدورەحمانی سی سیری کەلەتایفەی خۆمان بوو وببووە مودەررسی حوجرەی سی سیری دەستم کردبە دەرس خوێندن و کتێبە عیلمەکانم زۆرترلەخزمەتویدا تەواو کردن هەتاگەیشتمە کتێبی ـ **موختە سەری** ئەوجار لە سی سیرەوە چوومە گوندی **هەنداوە** کە دێیەکە لە دێکانی کەلوێی سەردەشت، ماوەیەک لەخزمەت ماموستا مەلاحەسەن حەزینی دامامەوە و لەوێشەوە چوومە شاری سەردەشت بۆخزمەت قازی عەلی وماوەی شەش مانگان لەم شارەمامەوە و لە پاشان بەرەو ـ **تورجان** کە دێیەکە لە گوندەکانی موکریان وەرێ کەوتم و لە خزمەت ماموستا مەلا"**عەبدوڵلای موحەممەدی سووتوویی**" لە گوندی ناوبراودا دامەزرام و

کتێبی " **گەلەنبەوی بورهان**"م لە خزمەتدا خوێند ،ئەوجار بیستم کە حوجرەی گوندی " **نەمەشیر** "کەئەویش دێیەکە لە گوندەکانی بانە ، چۆڵە وفەقێ ی لێ نەماوە هەرکە ئەو خەبەرەم بیست دەستەمدا کتێب و لێفەو بوخچەی خۆم وبەتالووکە بەرەو گوندی نەمەشیروەرێ کەوتم و لەوێ لە



خزمەت مامۆستا مەلا ئەحمەد **حەیدەری** "دا دامەزرام وئەو کتێبە عیلمانەی کەمابوون وەکوو :**جەمع ولجەوامیع- تەشریح - ریسالە حیساب و تەهزیبم** - لە خزمەت ویدا تەواوکرد و لە پاش خوێندنی ئەو کتێبانە ئیجازەی ئیفتا و ئیرشادی دامێ ولەسالی ١٣٣٢ای هەتاوی کارنامەی مەلایەتی بۆ نووسیم وگەڕامەوە

بۆ گوندی "**سێسیری** "ولەوێش ڕابۆمەلایەتی چوومە گوندی **نستان**"ی کەدێ یەکی نیزیکی سی سیری وماوەی پێنج سالان لەوێ خەریکی پێش نوێژی ودەرس کوتنەوە بەفەقێ یان بووم و لەوێشەوە بۆمەلایەتی هاتمە "**کاولانی -سەری** "کە یەکێکە لەگوندەکانی گەورکی مەهاباد و ئەلئان ماوەی

بیست وهەشت ساڵە لەو دێ یە دەژیم و رۆژگار بە دەرس کوتنەوە بەفەقێیان تێ دەپەڕێنم . هەرلەودێ یەدا ژنم هێنا و ئێستاچوار کوڕ ودوو کچم هەیە . لەبارەی شێعرەوە دەبێ بڵێم کە لە تەمەنی شازدە ساڵیمەوەشێعرم کوتووەچون عیشق وعەلاقەیەکی زۆرم بە ویژەوویژەوانیەوە هەبووە ئەمڕۆش ئەم عیشقەم

هەر هەیە . لەتەمەنی ژیانم دا شیعریکی زۆرم داناوە هەر چەند لەدەورەی تاغووتدا سێ (٣) هەزار شیعرم لەبەین چوو و شوێنەواریان نەمائەلبەتە زۆرترلە تەمبەڵی وبێ موبالاتی خۆم وایان لێ هات چوون لەیەک دەفتردا کۆم نەکرد بوونەوە وهەموو پەڕپەڕوبڵاوبوون بەشانازییەوە دەڵێم ئەوڕۆکە هەرچی هەمن بە نەزم وتەرتیب لە دەفتران دانووسیومنەوە و ئەوانەی هەر ئێستالەلای خۆم بەریک وپێکی نووسراون و ئامادەن بریتین لە :

١) **دیوانی شێعری کوردی**

٢) **دیوانی شێعری فارسی**

٣) لاس وخەزال لەسێ (٣) ، **دەفتوردا کە جەمعەن چوار هەزار وحەوسەت شێعرە .**

٤) **نامیلکەی مێژووی ژیانی فیدائی . سەرگوزەشتەی خۆمە لە منداڵیەوە تائەوڕۆکە تاریخی کۆمەلایەتی ولاتەکەشمانی بەتەواوی تێدا هاتوە جەمعەن نیزیکەی هەزارشیعرە .**

ئێستاش ئەگەر خوداتەوفیقم بدا و عومروەفابکاوبارگرانی ژیان وکەندوکۆسپ لێم گەڕێن خەیاڵم وایەکە بەیت وباوی **دمدم** - بەشێعردانێم ولەو بارەوە خزمەتێکی ناچیز و نالایق بە هۆز و گەلەکەم ئەوەبوو کورتەیەک لە بەسەرهاتی پڕلە مەینەتی **کەریمی فیدائی .**

شین

پ.ج
هەڤی

کوردستان ئیرۆ خەمگینە پر شین
هاتی هەواری یا گەلەک دلتەزین
دلێ نیشتمان گشت بوو یە برین
کورد و کوردستان تەڤ دکەن گرین
گولیێد گولزارێ ژینێ قشرین
کولیکێ چیا حەموو پەژمرین

* * * *

چیا بیێد وارێ مەتەڤ مژوتەمە
قاز و قومری ، کەو تیێدا بیێدەمە
ئاڤیێد زۆزانا هەر مەند و لەمە
دلێ خەلقێ مە برین و خەمە
هێسر دخوشن هەر وەکە چەمە
ل چاڤێ گەلێ ژار و جگەرخین
بۆ هۆزا نڤانێ جان و دلحەبین

* * * *

باشوور و باکوور هەر ژێر و ژۆران
کورمانج و زازا گەل گشتی سۆران
قۆچان ، بادینان ، حەتانی گۆران
فەیلی و لەکی کەلهور و لۆران
تەواوی کوردی سەر چەرخا دۆران
حەموو رەش و هەش چاڤ ب هێسرین
ب سەد فەغان و ئاخین و نالین

* * * *

حەموو کورد زمان ئیرو رەش پۆشن
درد و کول مشە ، گەلەک و بۆ شن
ل دەردێ هۆستا زامدار نەخۆشن
بەحرا رۆندیکاتە ژی لە کۆشن
بۆ ڤەمرینا چرایا رۆشن
خەمبار و خەمدار ،خەمیار و خەمگین
پێکڤەد بێژن شینە ، شینە ،شین

* * * *

ئەو کوردی زۆرپاک مێرخاسێ مێرچاک
ژ قالب فڕی رووحێ ویێ پاک

* *

هەیڤا عەسمانێ شەڤێد سامناک
گەش و شەو قاوێژ گەلەکی رووناک
رژیا ژۆرداهات ئاخ کەتە ژێرخاک
هەیڤا چلڤلین کەتە ژێر زەمین
پڕ کا رووح چوو دونیا یا ژۆرین

* * * *

هال هال ژ خەما گران دلبداخ
سۆسن ب ئەزمان د بێژە سەد ئاخ
کولیلک کەسەرێ دکێشە ژ ناخ
پێسیر دڕاندن حەموو گولیێن باخ
چلمسین وەرین گشتی شاخ بە شاخ
گولە روون بەیبوون حەموو پەژمرین
هێسر ل چاڤێ نێرگزێ وەرین

* * * *

"جەرگی مێلاقە لە داخا رەش بوون
ئەشکی شللێرە وەرین وگەش بوون
بنەوش ئوستوخا رسەرلەسەرلەش بوون
سور گول وئاسمین دل ورەش وهەش بوون
دلی "هێرۆیا " بەرئێشێ قەش بوون
کراس دڕاندن روومەت هەلدرین
کوما سونبولا کەزکێ خوەبرین

* * * *

ل شەڤا نۆزدێ هەیڤا ئادارێ
یەکمین مەها دانێ بەهارێ
ل سالا تاڤی بڤێ هەژمارێ
سێسەد ، شێست وپێنج ل سەرهەزارێ
د ئورمییێ داتاڤکە تە خارێ
شەمالکا ژینێ کرە ڤەمرین
روحێ پاک مەشی و بۆخولدا بەرین

* * * *

تاریک وروون بوو نەینووکا ژینێ
نالەی جودایی ل سەرهەژینێ
توحفا موزە فەرل رینووسینێ
هەوایی خالی وارگەی ئەڤینێ
گەل "پاشەروک "! ژین وڤەژینێ
ئەڤ دەستکرانە ژهۆستادمین
گەلەک گوقار ژی وی کری نەقشین

* * * *

دوای دەساڵ کەچاوم بە "سۆران " کەوتەوە واقم وڕما .ئەوشۆڕەلاوەی جاران نەبوو . پەیکەرەی خەم و پەژارەبوو . ردێنی بۆزو سەری ئالۆز وچاوی بێ سوێ و جل وبەرگی ژاکاوی هاواری دەکرد کەلەوماوەیەدا چ رۆژگارێکی رەشی رابواردووەو چەندەی بەدبەختی دیوە تێک شکابوو . شەمزا بووهاڕدرا بوو لە پێشدا نەمناسی یەوە کەلێی خورد بوومەوە و ناسیمەوە بەخۆم نەبوو فرمێسکم لەچاوان گەڕاوهەرام

هات:

ـ هیوا گیان ! خۆزگە زووتر دەمدیتی :

ئەمجار بەئەسپایی لەبەرە خۆیەوە گوتی :

ـ باش بوو چاوم پێت کەوت جاچش بابمرم ...

بەزەییم پێداهات . گوتم :

ـ سۆران !

ـ دەزانم دەڵێی چی ؟ دەڵێی بۆوام لێ هاتووە ؟ ئاخ .... هیوا ژیان گێژاوێکی سامناکە ...هەر بینا ئەوگێژاوە نەرمی بێ گیانمی بەرەوبەستێنی

پیاو ، پڕلەزەوق،لێوان لە هیوا، سەرڕێژ لەهەستی جوان وناسک، هەرکە دەرفەتی دەبوو تارەکەی دەستدەدایە وبە دەنگی خۆش کەلە دڵی پڕ جۆشیەوە هەڵدەقوڵی و لەدڵان دەنیشت تێی هەڵدەکرد .

ئەزموونیساڵی ئاخری زانستگامان داوخۆمان ساز کرد کەبگەڕێینەوە وەڵاتی خۆمان پێشنیاری پێ کردم چەند رۆژێک بچمەشاروگوندی ئەوان وبەیەکەوەرا ببوێرین منیش قبووڵم کرد .

گوندەکەیان لە داوێنی

تەنیای تەنیا....



کرد :

ـ سۆران !

بەئارامی رووی تێ کردم و بزەیەکی ساردی هاتەسەر لێوو بەدەنگێکی لەرزۆکەوە وەڵامی دامەوە :

ـ هیوا ! ئەوە ئەتۆی ؟ چەند ساڵە چاوەڕوانتم ...

دەنگی دەتگوت لەناخی چاڵاوێکی قووڵەوەدێ .خەمی لێ دەباری.یەکترمان لەئامێز گرت وئەسرینمان هاتەخوار. دەیان پرسیارم لەمێشکدا بوو نەمدەزانی چی لێ بپرسم؟ تاوێک بێدەنگ بووین هەر چۆنێک بوو " سۆران "وەقسە

نەبوون رامالّی ...هەست دەکەم وەک پەڕێک دیلی گێژە لوولکەی نەهاتیم ... مان و نەمان بۆمن‌یەکسانە ...جێی قسە نەبوو . قەرارمان دانا شەوبچمەلای.ناونیشانی ماڵەخۆی پێ دام ولەیەک هەڵبڕاین .

تاشەوهەربیرم لە"سۆران " دەکردەوە .چ بوو وچی لێ هاتبوو...؟بۆ...؟بۆ....؟ " هەزاران "بۆ؟" مێشکیان دەسمیم وئازاریان دەدام ... کاتێک بەیەکەوە لەزانستگا دەمانخوێند لاوێک بووسەرو رووخۆش .دەنگ پیاو ورەنگ

بەرزەکۆیەک داهەڵکەوتبوو. هەتاچاو هەتەرەی دەکرد دیمەنێکی جوان ودڵڕفێن خۆی دەنواند .باوکی کەمەرداڕێکی بەناوبانگ بووبەماڵ ومنداڵ ودەست وپێوەندە وەچووبوونە هەواران "سۆران "یش چاومڕێی من بوو ئێمەش بەرەوهەوار وەرێ کەوتین .هەتابەرەو پێشتر دەچووین وەڵات بژوێنتر ،مێوگ ونواڵە زەنوێتر ،کانیاوساردتر و ئێمەش سەرخۆشتر دەبووین و هەستی شاعیرانەمان زیاتر بەرەودنیای خەیاڵ دەفڕی .

نزیک نیوەرۆیە گەیشتینە

هەواران لەم لاوئەولاچەند خێوەت ورەشماڵ هەڵدرابوو و مەڕومالاّتێکی زۆر لەبەندەن و لاپاڵان دەلەوەڕان. بۆنیخۆشی مەندۆک وهەڵزوبیزا وگیاخاو ومۆڵەبەران وهەزاران گیا وگوڵی دیکەبەرامەیەکی تایبەتی لەهەوادا بلاّوکردبۆوە دەنگی بلوێری شوانان تێکەڵی بالەبالی مەڕ و بەرخەل ببوو بەهەشتێکی بێ وێنەبوو. کە دابەزین زۆریان حورمەت

بۆدیمەنی جوانت ...

دانیشتین .لەدنیای خەیاڵدا بووین پێمان وانە بوو کە دنیایەکی دیکەش هەبێ کەخەمی تێدابێ."سۆران" تارەکەی لەباوەش گرت و هەوایەکی خۆشی دەستپێ کرد . دەنگی لێ هەڵێنا دەنگی ئاشنای دلاّن بوو .... چریکەی دەڕۆیی بۆ دوور.. دیمەنی جوان ودلڕفێن،دەنگی خۆش بۆن وبەرامی مەستی کچی خالّمە .

لەپێش ئەوخێوەتەی کەلێی دابەزیبووین چەند ژن وپیاو راوەستابوون وقسەیان دەکرد. میوانەکانمان بەخێراهاتنکرد و"سۆران "من وئەوانیبەیەکتر ناساند:

ـ هیوا ،هاوڕێی خۆشەویستم پیرۆت ئاغاخالّم ...خالۆژنە گەوەر... بەهارە ....

شەوەکی دەرفەتیان بۆ هەڵکەوت تابۆیەکەم جار بە



گرتم وریزیان لێ نام وبەرەو خێوەتێکی گەورەی سپی ڕێنوێنی یان کردم . دوای حەسانەوە ،"سۆران"تارەکەی دەستدایە ووەبەندەنێ هەڵگەڕاین .واسەرمەستی دیمەنی خۆش ودلڕفێنی ئەو مەڵبەندە ببووین کەنەمزانی کەی گەیشتینە دوندی کێو لەترۆپکی چیاوەبەرجەوەندی ئەوناوچەیەسەدهێندە جوانتر بوو . لەبەرەخۆمەوەگوتم :

ـ ئاوەدان بی کوردستان هێن ،گشتیان بۆمن ببوونە دووباڵ بۆفڕین لەئاسمانی بێ سنووری خەیاڵدا ..نزیکەی بانگی شێوان داگەڕاینەوە. دوورونزیکی رەشمالاّن بووین کە "سۆران "سلاّوێکی کردوگوتی:

ـ میوانمان بۆهاتووە. مالّەخالّم .بەهارە..بەهارەش لەگەڵیانە.

ـ بەهارە...؟بەهارەکێیە

"سۆران" چاوێکی پڕ لە شەرمەزاری لێ کردموگوتی :

ـ چتلێ بشارمەوە؟بەهارە وتە رازی دلّی خۆیان بەیەک رابگەیێنن وخۆبۆژیانی هاوبەشئامادە بکەن .

دوای دووروۆژ "پیرۆت ئاغا وخێزانی و"بەهارە "گەڕانەوە لە دوای ئەوان "سۆران" یەک پارچەببوو بە شیعر بەمووسیقا ،بەهەست.دلّنیا بووم بێجگەلە"بەهارە"بیری لەهیچ نەدەکردەوە .ئەمنیش پاشچەندرۆژ هەوارم بەجێ هێشت .ئەوە ئاخرین دیداری من و"سۆران " بوو.گەڕامەوە



شاری خومان ودوای چەندمانگ بۆدرێژەدان بەخوێندنم ساز بووم بچمە دەرەوەی وەڵات بەنامە ماڵ ئاواییم لە "سۆران"کرد. یەک دووساڵ نامەمان بۆیەکتردەنارد. لە بیرمە لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم کە "پیرۆت ئاغا" بەهارەی" بەنا بەدڵی بەشوو داوە. لەئاخرین نامەشدا بۆمی نووسیبوو "بەهارە" حاڵی گۆڕاوە... نازانم چۆن بوو کە نامەناردنمان بڕایەوە. ئیدی هەواڵێکم لێی نەبوو تائەمڕۆ کە دوای دەساڵ دیتمەوە.

شەوکەلێی وەژوور کەوتم زۆری پێ خۆش بوو. ماڵەکەی بۆنی تەنیایی لێ دەهات دوای بەخێرهێنان چایەکی لەپێش دانام وسیغارێکی داگیرساند ومژێکی لێ دا. چاوی لە دووکەڵی سیغارەکەنەدەترووکاند. دەتگوت رابردووی خۆی لەودا دەبینێ.. زۆری پێ نەچووکە وەقسەهات:

- هیوا گیان! نازانی لەدیتنەوەی تۆچەند شاد بووم. وەک کەسێکی کەلە گیانەڵڵادا بێ بەئاواتی دیدارت بووم پێم ئیلهام کرا دێی. ئاخرین دیدارمان لە هەواربوو... ئاخ... هەوار.. هەوارت لەبیرە؟ لەوڕۆژەوە ژیانم گۆڕدرا. ژیانێکی خۆشم بوو. لەئەوپەڕی خەیاڵدا دەژیام بەڵام بەلەدەس چوونی "بەهارە" ژیان بۆمن بوو بە دەریایەکی بێ بن بەهەزاران شەپۆلی ورد ودرشتەوە. لە دوای "بەهارە" وەک تەختە شکاوێکی سەرگەردانم. بێ ئەوەی کەبۆخۆم بمەوێ دیل وکۆیلەی شەپۆلانم شەپۆلی نەهاتی شەپۆلی خەم، شەپۆلی شەمزان.. ئارەزوومگەیشتن بە بەستێنە... بەڵام بەستێن هەر لێم دوور ودوورتردەبێتەوە پێم وایە بەستێن بەهەشتی ئاواتمە ودڵخوازم لە وێ وەدی دێ. درەنگ یا زووپێی دەگەم. بەڵێ هیچ ئاواتێکم نیە مەرگ نەبێ...

سەرم سوڕمابوو"سۆران" بۆ وای لێ هاتبوو؟ بەراستی نیگەرانی بووم. قسەکانی بۆنی مەرگی لێ دەهات تاوێک بێ دەنگ بوو. قومێکی لەسیغارەکەی داودرێژەی پێدا

- بەڵام دەترسێم، دەترسێم بەستێنی بۆمن دەشتێکی قاقر بێ دەترسێم لەوێش تەنیا بم. تەنیای تەنیا، دەترسێم هەتا چاوبردەکا شۆرەکاتێکی مردوو وچۆڵ وهۆڵ بێ ولەوێش "بەهارە"ی نەبینمەوەو ژیانم هەربێ بەهارە بێ...

"سۆران" بێدەنگ بوو. دوو تنۆک فرمێسکی لەچاوان خزایە سەرکوڵمی وەک زەردە گوڵی ژاکاوی. قسەکانی گیان و دڵمی دەکوشی مێشکم دەزرینگایەوە. سەرم سوڕمابوو حەبەسابووم. بەڵام بێدەنگی یەکەی زیاتری ئازار دەدام. هەر چۆنێک بوو توانیم لێی بپرسم:

- چی بووە؟ بۆپێم نالێی چت بەسەرهاتووە "بەهارە" چی لێ بەسەرهات؟

ئاخێکی گیان ولەش تاوێنی هەڵکێشا وگوتی:

- خالم "پیرۆت ئاغا"ی باوکی بەزۆر بەشووی دا..... بۆخۆت دەزانی رەسم ودابی عەشیرەتی چۆنە .کچ هەقی دیاری کردنی هاوبەشی ژیانی خۆی نیە .باوکی دای بە پیاوێکی کەبەتەمەن زۆرلە "بەهارە" گەورەتر بوو.

پیاوێکی دزێوی ناشیرینی بەد کار."بەهارە" ئەو"بەهارە"ی کە دەتگوت گولێ نازەناقەتی نەهێنا. لەسەری داوشێت بوو-



هەموو رۆژێ دەچووە سەرکێوێک لە پەنای گوندەکەیان وچاوی لە دوور دەبڕی لەبەرە خۆیەوە ورتەی دەهات.

کەس نەیدەزانی دەلێ چی ؟ نەدوکتۆر ودەرمان چارە سەریان کرد ونەدوعا ونووشتە ئاخ ... ئێمە چەندەزالمین.. بۆ دەبێ خالم بێ بەزەیی یانە -کایەبەژیانی کچی خۆی بکا. زۆر جاران لە ژوورێکدا رایاندەگرت ودەرکەیان لە سەری دادەخست. ئەویش مانی دەگرت ودەمی لەهیچ شتێک نەدەدا بەناچاردەرکە- یان لێ دەکردەوە و"بەهارە"ش - وەکوو بیستوومە -بەئارامی وەک شنە ،بەرەودوندی کێو دەخوشی وئاوڕی نەدەدایەوە. باوکی کچۆلەیەکی بۆدیاری کردبوو کەلەگەلی دەرۆیی و ئاگای لێ دەبوو .ماوەیەکی زۆر لەدوندی کێوەکەدا دەمایەوە وچاوی لەدوور دەبڕی وبانگی شێوان بەرەو مال دەبۆوە . تارۆژێک، بانگی شێوان ،لەجیاتی ئەوەکە بگەرێتەوە، بەرەو رۆژئاوا، بەرەوئەودوور دەستانەی کەگشت رۆژێک چاوی تێ دەبڕی دەڕوا...کچۆلە کەزۆرهەول دەدا بیگێڕێتەوە بەلام ناتوانی ،ناچاربەچاوی پڕ لەئەسرین تەماشای دەکا تا دەبێتە تارماییەک ولە نێو تاریک ولێلێ داون دەبێ..

"سۆران" تاوێک بێدەنگ بوو. سیغارێکی دی داگیرساند وئاوای گێڕاوە:

- کچۆلە کەبەگریانەوە هەوالی رۆیینی "بەهارە" بۆ "پیرۆت ئاغا" دێنێتەوە و دەلێ"بەهارە لە کاتێکدا دەیگوت "هەوار...هاتم..." رۆیی رۆیی ونەگەڕاوە.

"سۆران "فرمێسکی ئەستری وئاخێکی گیان ولەش تاوێنی هەلکێشا وگوتی:

- شەوێ رۆژی لێ دەگەڕێن ئاخری تەرمی بێ گیانی دەدۆزنەوەئاخر"بەهارە" هەلدێرابوو..

بەخۆم نەبوو وێرای"سۆران" ئەسرینم دەهاتەخوار. بەزەییم پێدادەهات."سۆران" نەمابوو،ئەو"سۆران"ی جاران ئێستا دەریای خەم بوو تەنیایەکی شەمزاوبوو .شیعری شین بوو ..هەلستا تارەکەی دەستدایە. نالەی تاردەریای خەمی ئێمەی وەشەپۆل خست. دەنگی برینداری"سۆران"تێکە- لاوی شەپۆلی خەم،رۆیی بۆدوور ...تەواوی هێزوبڕستی لە گۆرانی "هەوارەیارهەوارە"دا کۆبووەوە . هەستی گیانی ، مێشکی ، دلی گشتی ببوو بە هەوارە..لەناکاودەنگەکە بڕا "سۆران "بێدەنگ و تارەکەی خامۆش بوو.... هەرکامیان بەلایەکداکەوتن ... شەپۆلی دەریای خەم تەنیای شەمزاوی منی بەرەو بەستێنی ئاوات وتاسەی برد بوو..."سۆران"راستی دەکرد چاوەڕوانی من بوو تاخەمی بێ پسانەوەی بۆمن بەجێ بهێلێ وسەکتە بکا....

پاشماوه‌ی سه‌روتار

پویای ما تمامی توان واستعداد خود رابرای هرچه مسئولتر ساختن جامعه بکاربندند و از لغزش وکشانیده شدن به مسیرهای انحرافی و کار در مقوله‌های بی ارزش و بعضا" مضر چنانکه درگذشته شاهد آن بوده‌ایم مصون مانند .

عزیزان بیاد دارید که درزمان حاکمیت طاغوت ورژیم شهنشاهی هدفی که از سوی ارگانها ومراکزبه اصطلاح فرهنگی،هنری،تبلیغی وحتی آموزشی دنبال می‌شد، مشغول ساختن اقشار مختلف جامعه بویژه افکار مختلف جامعه بویژه افکار جوان وباتحرک جامعه واغفال وبی تفاوت ساختن آنان ازسیر سرنوشت سیاسی ،اجتماعی و اقتصادی اجتماع بود .

سرمایه‌گذاری بزرگ رژیم شاه خائن (به‌پیروی ازبرنا- مه‌های تعیین شده‌از سوی استکبار جهانی)همه‌سازمانهای مربوطه دراین راستا جهت بخشیده بود .وبرای تحقیق این مقصود ،باتوجه به اهمیت بسیار زیاد قلم(همچنانکه در شماره‌های قبل ذکر گردید) نقش ویژه‌ای برای قلم‌بدستان قوم منظور شده ، که آثار بسیار زیاد درمقوله‌های اجتماعی ،هنری و... که در آنها بهیچوجه از ارزشهای انسانی ،اخلاقی وخودآگاهی فردی واجتماعی ،ارزیابی و نقد واقعگرایانه‌ماوقع و.... خبری نبوده است ، شاهد صادق این مدعاست .

باظهور انقلاب اسلامی در کشور وموج فزاینده آگاهی وبیداری ،ریشه‌های این شجره خبیثه از ریشه بازماند (هر چندکه ازبین نرفت)وعلیرغم برخی انحرافات‌قلمی ناشی از تحزب‌که عمدتا" برمبنای احساسات وفقدان دانش وخود آگاهی ودیگرشناسی کافی ونیز تلاشهای مخفیانه‌متضررین ازانقلاب ،حرکت‌قلم جامعه جهت مثبت یافت .لیک ازآنجا که اساسا" عناصر قابلیت و فاعلیت وعلت عمده آن بکلی منتفی نشده ،دگربار،دستاویز دشمن گشته وباردیگر شاهد تلاشهای محافل وابسته به ابرقدرتهای جهانخواردر مسیر احیاء فرهنگ وابسته ،تربیت نسلی خواب‌آلود وبی خبر ، و افکاری خودباخته وخودکم‌بینی وهویتهای تسلیم‌پذیر ومنظلم هستیم ،که وجود برخی از تمنیات ونیز گرایشات بوالهوسانه سیاسی ،اجتماعی ورفاهی باب مساعدت‌را برای عوامل بیگانه باز وچراغ سبز را برای نفوذشان سبزمینماید.

اکنون بااین حساب قاطبه اهل قلم باید با تاسی از وجدانی بیدارو خاطری هشیار برای ایفای نقش تار- یخ ساز خود قیام کنند و راه رابرنااهل ببندند . قلم بدست گرفتن ونوشتن کارآسانی است ،آنچه مایه امتیاز است اثبات ثمر است و نشستن بر مسندرهبری وهدایت است .

بدین لحاظ بایدبر تعیین ملاک وتشخیص میزان همت‌کرد و تمیز صواب ازناصواب را بر همگان ممکن ساخت .

مسئله مسئولیت‌آفرینی که در شماره قبل از آن سخن رفت یکی ازحربه‌های مقابله ومقاومت دربرابر سیل بنیان کن بی هویتی است‌که جهان استکبار والحاد برای به‌زنجیر کشیدن مستضعفان جهان جاری کرده است . در لزوم این ویژگی پیش از این بحث‌کردیم اکنون وقت‌آن است‌که برخی ازراههای عملی آنرا روشن سازیم .

واقعگرایی شرط اول :

هر حرکت مسئولانه ضرورتا "باید واقع گرایانه باشد . حرکت بدون توجه به واقعیات‌کور کورانه ویا خیالپردازانه است ومسئولیت‌زا نخواهد بود . این است‌که نویسنده متعهد باید واقعیات‌را به مردم نمایانده وپرده‌های ابهام و نیز غفلت‌رااز جلوی دیدشان بردارد واین امر خود مشروط ، به واقعگرابودن نویسنده است.

تطبیق حقیقت با واقعیت (یک بحث‌اصطلاحی)

اصطلاحا" واقعیات به‌آنچه موجود است وحقیقت به‌آنچه

که باید وجود یابد اطلاق میشود با توجه به این فرض منظور از واقعگرایی که پیشتر از آن یاد شد همان حقیقتگرایی است .

اکنون برای حقیقت گرا بودن به چند موضوع نیاز است

نخست شناخت حقیقت وشناساندن آن بمردم و در ثانی تبیین واقعیت ونقدو حقیقت بدست آید وباید بسیار دقت داشت که سرسختی بعضی از واقعیتها موجب انطباق حقیقت برواقعیت نشودو مصلحت جوئیهای سازشکارانه حقیقت راقربانی نسازد واین همان امتحان سختی است که مدعیان بسیاری درآن مردود شده‌اند .

انذار وتبشیر

مخاطب باید در یک بحث منطقی ومستدل وبه صراحت ویا تلویح (به‌حسب اقتضا) از مخاطرات وخسارتها آگاهی یابد ونسبت به عاقبت دوام ، یک واقعیت منفی انذار گردد .

چه‌درغیراینصورت هرگز تحرک وپویایی برای تغییرات اساسی (وحتی تغییرات سطحی) ایجاد نخواهد شد .بنابراین انذار شرایط لازم برای مجاهده وانجام رسالت است .

نکته مهمی که باید دراینجا متذکر شده این است که هر انذاری (هرچنددرضرورتش تردیدی نباشد) بالقوه میتواند اثر معکوس برجای گذاشته وموجب یاس وانفعال شده وناقض غرض گردد .

برای ممانعت از بروز این اثرمنفی ومخرب (که متاسفانه دربرخی از ادوار ، تاریخ جهان و بویژه تاریخ مکتب ومیهنی ما)از عوامل موثر درخمودوجمود و به تبع آن انحطاط بوده‌است) باید باشناخت شرایط زمانی ومکانی ونیز ظرفیت مخاطب به‌گونه‌ای مخاطرات شناسانده شود که ضمن انذار مخاطب انگیزه مبارزه ومقابله دروی ایجاد ومنفذ انفعال مسدود گردد .

راه تحقق این امر آن است که بااستفاده ازروانشناسی فردی واجتماعی ،اعتماد به نفس ،واعتماد به امکان تغییرشرائط درمخاطبین ایجاد شده وآنگاه بادادن برنامه عملی تدریجا" آنانرا وارد صحنه این پیکار انسانی کرد .

برگردیم به قبل و دوران، انقلاب وبیاد آوریم که‌اعتقاد به "غیرممکن بودن مقابله با دستگاه هزار فامیل پهلوی و ژاندارم منطقه وتغییر نظام" تا چه میزان در رکود جامعه قبل ازانقلاب موثربوده‌وآنگاه که روح مقاومت ومجاهدت در کالبد سردویخ زده جامعه دمیده شد وانگیزه‌های روحی و مصنوعی لازم درمردم ایجاد شد ،چه تحول بزرگ وعظیمی راموجب شد .اینستکه بایددر امر انذار نیز بدقت عمل کرد . تا بجای انگیزه‌دادن، حذف انگیزه نشود .

نکته بعدی آنست که چگونه انگیزه راایجاد کرده و یا قوت بخشیم ؟

برای اینکار باید جامعه را به وصول به اهداف متعالی ومقدس که هرروح بشری را جاذب باشد بشارت داد .وبدین ترتیب باامیدبخشی به اقشار آنانرا به انجام رسالت واداء وظیفه تهییج نموده و تمهیدات لازم رایادآور شد .

موفقیت دراین کار به میزان بسیار زیادی بستگی به نحوه ترسیم واقعیات منفی وزشت وحقایق زیباو برین دراذهان مخاطبین خواهد شد .در بسیاری ازموارد کار مهم دیگری نیز بایدپیشتر انجام گردد و آن قطع وابستگی های خلطتی (روحی)واجتماعی ،اقتصادی وسیاسی مردم به واقعیت منفی است .واین کار محتاج به داشتن تحلیل صحیح از شرایط وبرداشت درست از شخصیت انسان است .

واین همان نقص اساسی و مهمترین عامل شکست استکبار شرق وغرب درمقابله با موج توفنده این مردم است .

ادامه دارد

یەکەم ـ لایەنی (دەروونی) رومانتیزم و دەست تێوەردانی هەست و نەستی خودی شاعێر بۆ کێشانی وێنەی جیهانی دەرەوە. دووەم ـ زاڵ بوونی خەیاڵ بەسەر واقیعیەتدا ، ریالیزم ئەو دوولایەنەی تێک شکاندو وەلای نان .واتا ریالیزم ،بە سەرکەوتنی حەقیقەت بەسەر خەیاڵدا دەژمێردرێ ،گرنگی ئەم قوتابخانەیەش زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە هەموو ئەو قوتابخانانەی دوای وی لەجیهاندا هاتنە کایەوە نەیانتوانی لە نرخ و ئیعتیباری وی کەم بکەنەوە و ئەورۆ بەبناغەی ئەدەب و هونەری نویی جیهان دادەنرێ .

کەواتە ریالیزم بریتیە لە" نیشاندانی ژیان بەو شێوەی کە لەواقیعدا هەیە".بەڵام نە ژیان و نە واقیعیەت هیچ کامیان سادە و یەک لایەنە نین .ژیان و واقیعیەت هەر دووکیان لەوەی دەدیترێن و هەست پێ دەگرین قووڵتر وپێچاوپێچترن . بۆیە ریالیزم بەتوێکلی دەرەوە و بەوەی کە بەچاو دەدیترێ رازی نابێ ، بەڵکو هەمیشە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی لەبەر چاو دەگرێ، بۆ نموونە هەموو کەس پاک وخاوێنی پێ خۆشە و بەلایەوە شتێکی باشە و پیس و پۆخڵیشی بەلاوە شتێکی خراپە و رقی لێی دەبێتەوە ،جا ئەگەر شاعێر هەروا بەسادەیی بڕوانی دەبینێ هەمیشە سەرمایەداران پاک و خاوێن و بۆن ـ خۆش و خۆش سەلیقەن،هەژارانیش دەست قڵێشا و تۆزاوی و عارەقاوین .بەڵام شاعێر یا نووسەری ریالیست سەرەتا هەوڵ دەداتێ بگا کە بۆچی پیاوی دەوڵەمەند خاوێن و خۆش سەلیقەیە و پیاوی هەژاریش دەست قڵێشاو و تۆزاوی و عارەقاویە ، و ئەگەر گەیشتە راستەقینە هەمووشتێکی بۆ روون دەبێتەوە ئیدی پیس و پۆخڵی هەژاران مایەی نەفرەت و بێز لێبوونەوە نابێ ، بەڵکوو هەستی هاودەردی بۆلای خۆی رادەکێشێ وهەروا خاوێنی رادەکێشی و هەروا خاوێنی و خۆش سەلیقەیی سەرمایەدارانیش لەحیاتی دڵ خۆش کردن دەبێتە مایەی رق و تووڕەیی و نەفرەت .

لێرەدا تەنها بۆ نموونە کوپلەیەک لە شێعرێکی گۆران دێنینەوە بزانین چ ریالیستیەکی تێدا بەدی دەکەین :

من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە
با سامدار بێ و پڕ درک بێ رێی راستم
مادام هێزی زوربەی گەلم لە پشتە
دڕک گولە و ترس ئارامە بۆ خواستم

شیعری نوێ (شیعری ئازاد) :

هەر سەردەمێکی مێژوویی و هەر بەرەیەکی ئادەمیزاد هونەرێکی تایبەتی و گونجاوی خۆی هەیە ، کەجوانی یەکی تایبەتی خۆی پێوەیە و دەلیلی پێویستی ئاوا هونەرێک بوونی هەمان هونەرە .ئەو هونەرە تازەیە ئەگەر پێ بگاورەگ دابکوتێ و بەردەوامی هەبێ ، دەردەکەوێ کە هەقی مانەوەی هەیەوقۆناغێکی پێویستی پێشکەوتنی هونەرە ،خۆ ئەگەر کارەکەش تەنیا تێک دان و سەرلێ شێواندن بێ ، دیسان دەتوانین دڵنیا بین کە ئەو تێک دان وسەرلێ شێواوی یەتێک دەشکی و راپەرینێکی بە دوادا دێ .

کاتێک نێوی شێعری نوێ دێتەگۆڕێ، بەلای هێندێکەوە تاکە، پێوانە بۆ جوێ کردنەوەی کۆن و نوێ لە یەکدی بوونی کێش وقافیەیەکی رێک وپێک ونەبوونیەتی،بەڵام لە راستیدا ئێمە هەرگیز ناتوانین بەوەندە قسەیە شێعری نوێ بناسین و حوکمی بەسەردا بدەین ،چونکە چەندان رێبازوسەبکی جۆربەجور لەنێو ئەو شێوە نوێیەدا خۆیان دەنوێنن .

هەروا ئەگەر بمانەوێ سەبکی ئەورۆی شێعری کوردی دیاری بکەین ، دیسان ناتوانین بە ئاسانی بگەینە ئەنجامێک ،چونکە لە کاتێکدا کە هێندێک پابەندی کۆنترین شێوە و رێبازی ئەدەبین و شۆڕەیەکیان بە دەوری خۆیاندا کیشاوە و رازی نابن هیچ گۆڕانێک ـ لەو شورەیەوە ئاوای سنووریان بێ،

لێرەدا دەتوانین بلێین ئەدەبی واقیعی،شیعری واقیعی ،جگە لە شێوەی ریالیزم هیچ ریبازو شێوەیەکی دیکەنیە . دیارەناتوانین بلێین شێوەوریبازەکانی دیکەئەدەب نین،بەلکوو بە پێچەوانەوە ئەدەبن و هەریەکەشیان پێویستی سەردەمی خۆیان بوون ،تەنانەت ئەو ئەدەبانەشکە هیچ ئامانجێکی مرۆڤایەتی یان نیە هەر ئەدەبن ،هەر وەکوو چۆن دروست ـ کردنی بۆمبی ئەتۆمی عیلمە بەلام عیلمێکی دژی ئینسانی یەکە لەدژایەتی یەکومەلایەتی و ئابووری یەکانەوە پەیدا دەبێ.عیلم لە پێناوی



عیلمدا هیچ مانایەکی نیە .چونکە ئامانجی عیلم چاککردنی ژیان و کامەرانی وخۆشبەختی ئینسانە .هەروا "هونەر لەپێناوی هەنەر"یشدا جگە لە وەهم وخەیالێکی پووچ و بێمانا هیچی دیکە نیە .ئەدەب و هونەرێک کە تەنیا لە پێناوی خودی ئەدەب و هونەردا هاتبێتە کایەوە ناتەواوە،چونکە فەرمانی ئەدەب و هونەر بەهێزکردن و پاراوکردنی رووحی ئینسان و پەرەپێدانی نێوەرۆکی بیر و بێدار کردنیەتی .

هونەر لە سەراسەری مێژوودا ،دۆستی بەوەفای ئینسان بووە، و شان بەشان لەگەڵ پێشکەوتن و کامڵ بوونی بیری مرۆڤ پێشرەوی کردووەو هەربۆیە هونەر هەرگیز بۆ سەرگەرم ـ کردن و پڕکردنەوەی کاتی بێکاری نیە بەڵکوو فەرمانی هونەر نیشاندانی واقیع و ژیانی راستەقینە و ناساندنی شتە ون و نادیارە ـ کانە بە ئینسان .

هێندێکی دیکە گوێ قوڵاغی بچووکترین گۆڕانن لە ئەدەبی بێگانەدا کە زوربەیان تەنیا رەنگدانەوەی سەرلێشێواوی و ژیانی نالەبار و کێشەی لەبن نەهاتووی شارستانیەتی رۆژئاوان ، کە لە ترس و نائومێدی و رەش بینی و نەبوونی زیاتر چی دیکەیان تێدا بەدی ناکرێ.یان هێندێکیان تەنیا بریتین لە نێوەرۆکێکی پووچ و بێمانا کە لە چوارچێوەیەکی پێک هاتوو لەچەند ووشەی بریقەدار داڕێژراون و دیارە لە پاڵ ئەوانەدا ئەدەبێکی نوێی رەسەنیش هەیە کە هەڵقوڵاوی ژیان و هەل و مەرجی واقیعی ئێستامانە، کە ئێمە لەم کورتە باسەدا دەمانەوێ بزانین ئەو ئەدەبە رەسەنە کامەیە و بەواتایەکی روون تر و تایبەتی تر بلێین شیعری نوێی رەسەن کامەیە...؟

شیعری نوێی رەسەن ئەو شیعرەیەکە رەنگدانەوەی ژیانی واقیعی کۆمەڵگای خۆمان بێ و لە هەمان کاتیشدا شان بە شانی ئەو کاروانە مەزنە بڕوا کە لە جیهاندا لەرێ دایە چونکە رەسەنی لە گۆشەگیری و دوورە ـ پەرێزی و چوونە نێو چواردیوارێکی تەسکدا نیە کە بێئاگا بین و نەزانین لەو جیهانە گەورەیەدا چی روودەدا .رەسەنی لەوە دایە کە بێ بیرتەنگی و"تعصب"ی کوێرانە هەمیشە پردێک لەنێوان فەرهەنگی ئێمە و فەرهەنگی ئێمە و فەرهەنگی میللەتانی دنیادا هەبێ ، بێ ئەوەش کە خۆمان لەبیر بچێتەوە.

شیعری نوێی رەسەن ئەو شیعرەیە کە شتێکی نوێ بێنێتە کایەوە و ئەوەی کە تا ئێستا نەناسراوە بە خەڵکی بناسێنێ نەک ئەوانەی کە لە گوێی خەڵکیدا سواون یا ئەو شتانەی کە خۆی ئامادە کراون هەروا بە ئامادەکراوی شاعیر بیانجوێتەوە ودەرخواردی خەڵکیان بدا .

شیعری نوێی رەسەن ئەو شیعرەیەکە لەجیاتی خۆحەریک کردن بەشتی لاوەکی و بچووک و

بڕوانە لاپەرەی ٤٥

پەندی پێشینیان

دیاری

مەتەڵ

هەتەڵ مەتەڵ مەتۆزی
مانگای حەسەن گەڵۆزی
شەوێ دەنوێ و دەتۆزی
نە گەڵی هەیە نەگوان
شیری دەدا بە هەموان
" مێش هەنگوین"

هەنووکە و مەنووکە
لێی دەبارێ بەفرووکە
" هێڵەگ "

ئەو لای دیوار
ئەو لای دیوار
تێی دایە سەگێکی هار
" زار "

ئەولای پەرژین
ئەولای پەرژین
تێدا دووکۆتری نەخشین
" چاو"

هەرکە نووسا پێتەوە
تازە لێت نابێتەوە
" ناو"

- سوار هەتا نەگلێ نابێتە سوار
- چەم بێ چەقەڵ نابێ .
- دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە
- ئاسنی سارد بەفوو گەرم نابێ
- هەموو کەس بکا دەنگێ
  ئەتۆ بچۆوە بن بێژینگێ
- زۆرە ملی ، مڵ شکانی لە دوایە
- گیا بە دمی مەڕی خۆش بێ .
- `شا یەدی رێوی کلکە .
- ئەگەر تۆ رێوی من کلکم .
- پشیلە دەمی ناگاتە بەز دەڵێ ترشە
- کوێر چی دەوێ دوو چاوی ساخ
- بانێک و دوو هەوا .
- کوتەک دەزانێ قۆناخ لە کوێ یە
- کۆسە چوو بۆ ردێنی سمێڵیشی لە سەردانا
- شوێنی شێرە ورێوی گێرەی تێدا دەکا
- هەمووکەس عەرزی نەرمی پێ دەکێڵدرێ
- گوێلکی خۆماڵی قەت بە گا ناشێ
- باشێر بتخوا پەنا بۆ رێوی مەبە
- ماری نێو خۆ لە پۆتینێ
  سەبر پێوە دەدا زۆر دێشێنێ

- ئاڤا روویا پەشکەکە ،ئەگەر رژیا مەشکەکە .
- ئاڤ کوسەر سەرێ مرۆڤ کەت ، ج بهۆستەک،چ چار تلی.
- ئاڤ گۆلا دا بمینە ،گەنی دبە .
- ئاڤ تێکەڤە جیهێ تەنگ،دەنگ ددە .
- ئاڤ دزانە بناڤی ل کویە .
- ئاڤا خاستیيا ،نا چەهەستی یا.
- ئاڤا بچووک ماسیيا بچووک ، ئاڤا مەزن، ماسیيا مەزن.
- ئاڤ ری یا خۆ ڤە دکە .
- ئاڤا خور تا سەرئەڤراز دچە .
- ئاڤ دچە ،خیز دمینە .
- ئاڤ و ئاگر بێ ئەمانن .
- ئاڤا کۆ ئاڤەروویێ دبە ڤەنەخۆ.
- ئاڤا رژد (پیل)نەترسە ، ئاڤا مەند (لەم)بترسە .
- ئاڤاتیا گوندا ، بەراتییاری یاڤە کفشە .
- ئاڤا کو بیهانی بۆ مرۆڤ بینە شێلوویە .
- ئاڤ بەرب ئاڤایا دچە .
- ئاڤ تم سەر بەر ژێر دچە .
- ئاڤێ ئاش بربیە ،ئاشەوان ل دوو چەقچەقوکێ کەتییە .
- ئاڤا رژیایی بەرەڤ نابە .
- ئاڤ ژ "نێروانێ" فەیدە ل "تاڤیانێ".
- ئاڤێد گۆلە گەنیيا بێ رەق و بەق نابن .

لێرەدا سپاسی کاک ئەحمەدی بەحری وکاک ج.م. شەمزاو، کاک ئازاد عیسا- خوشکە نازداری غەفووری خوشکە ئەختەری شیخ الاسلامی کاک رەحمانی حاجی کاک خدری رەحمانی کاک ئاوارەمحەممەدیان کاک سەیدئیسما عیلی سەید شوکری دەکەین کەبۆرا زاندنەوەی ئەم بەشە یارمەتییان داوین . خوائاگاداریان بێ .



جارێک کابرایەک کۆڵێک چینی پێ دەبێ . لە نێو بازار تووشی سوفی یەکی دۆستی دێ کە گۆچانێکی بە دەستەوە،

سۆفی دوای چاک و خۆشی گۆچانەکەی راست دەکاتەوە و بە هەموو دەمای خۆی لە کۆڵە چینی کابرا دەدا و دەڵێ:ئەی ئەوە چیە پێتە؟

کابراش دەڵێ : ئەگەر گۆچانێکی دیکەی لێدەی هیچ!!


" ئاوارە محەممەدیان "

— سەعاتێکم هەبوو حەوت سالان لە چاڵدا بوو. کە هێنامەدەر پاش و پێشی نەبوو .

— جا ئەوە چیە! باوکم لە چاڵ کەوت دوای حەوت ساڵ هاتەدەر. هەر زیندوو بوو

— باشە بابت لە وێدا چیدەکرد

— سەعاتی بابی تۆی قورمیش دەکرد .





پیاوێکی فەقیر جارێک دەچێ وێنجەی ئاغا دەدزێ ولە سەر گیشەی دادەنێ و دووسێ باقە وێنجەی بە سەر دادەدا. ئاغا پێدەزانی و وەدوای وێنجەکەی دەکەوێ. لەو دەمەدا دەگاتە سەر گیشەی کابرای فەقیر. دەبینێ بزنەکۆڵەیەک سەری دەباتە نێو نیشە و هێندێک وێنجەی تەڕ دەردێنێ .

ئاغا دەڵێ:

— کورە کابرا ئەو وێنجەت بۆ دزیوە؟

کابرا دەڵێ.

— ئاغا من چۆن دزی لە تۆ دەکەم ئەوە باهێناویەتی

ئاغا دەڵێ

— ئەدی چۆنی بردۆتەئەوبنە!

کابرا دەڵێ:

— جا چووزانم کاری خۆیەتی چۆنی عەرزو ئاسمان دروست کردووە ئاواشی ئەم وێنجە بردۆتە ئەو بنە !!

کابرایەکی جووتێر چای لێ دەنێ .شارەیی یەک بەوێدا رادەبرێ .کابرا خولقی دەکا شارەیی دێ و لە چایەکە دەخواتەوەودەڵێ :

— بێ قەیدی بەچئاو ێکت ئەم چایە لێناوە ؟

— بە ئاوی چۆمی

— ئاوی چۆمی میکرۆبی هەیە

— میکرۆن چیە ؟

— شتێکی زۆر وردە بە چاونابیندرێ . پیاوی نەخۆش دەکا .


— ماڵت خرانەبێ ئەوە دەڵێی چی ؟ ئاوی ئەم چۆمە کەڵی دەبا چ بگابەمیکرۆنە چکۆڵەکەی تۆ !!



جەدوەل




تێبینی : لە سەر کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو نووسولی ڕێنووسی کوردی بە پێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆوارە رەچاو کـــراوە جگە لەوەی نیشانەی(ۧ) دانەنراوە .واتا ئەگەر بۆ وێنە وشەی(شر، کولّ،زۆر ،شێرو . .)ی تێدا بێ بە شکلّی(شر ،کول،زور ،سرو . .)دەنووسرێ.



١ـ نووسەری عالەم ئارای عەباسی کە بەوردی باسی کارەساتی قەڵای دمدمی کردووە وخوالی خۆشبوو مامۆستا هێمن کردوویە بەکوردی ـ تەڕایی ٢ـ بەڵاونەگبەتی ـ گیا یەکی سێ پەلکە ٣ـ داخواز ـ وەخت وزەمـــان ـ ئەسپیان بێ دەڕازاندەوە ٤ ـ پێشگرێکە بـــۆ هیندێک فیعل ـ پسپۆڕو شارەزای هەرکارێـــک ـ مەقالە ٥ ـ دووکارکەزەمانیان یەک بـــی ـ شارێک لەکوردستانی عێراقدا ٦ ـ تووک ـ لەوسەرهەورازە ـ نەخۆشی یەکی ئەسپ ـ هاری بێ لاق ٧ ـ خانووبەرەوزەوی وزار ـ دەریاچە یەک لەکوردستان ٨ـ فێنکە باـ "لیکـــــنێ تێکەڵاو ـ خوری هەورامان ـ خوشکە مێرد ٩ـ ناوچە یەک لەشارستانی سەقز ـ بەریوانـــــی ١٠ـ قەفەز ـ وانێک ـ قسە ـ ربەی ســــەرەو نخوون ١١ـ بنۆس وسەبەب ـ دەفروئامانیشی لێ سازدەکرێ ـ دۆستی مێخەک ـ پەژارە ١٢ ـ لووس ـ گیان ـ سپاسی بێگانە ١٣ـ سەرگەردان ـ برای خاتووزین ١٤ ـ راوچی ـ زەمانێـــک ناوی نەوت بوو .... ١٥ ـ دارستانی پـــڕ مەکۆی ئەوین ـ ئاواش هەرلووتە ـ هێوەر ـ

١ـ چەشنە کوودێک بەم ناوەهەیە ـ گیا یەکی بەهاری ٢ ـ بێلا ـ پیتەختی قیبرس ـ٣ـ ژاک گوندیک لەناوچەی خورخورەی سەقز ـ گنجی دەم وچاو ـ ٤ ـ بەشێکی گرینگ لەئابووری وڵاتەکە بلێسەی ئاور ـ کپ وبێ دەنگ ٥ ـ هۆزی دوابڕاو ـ نیشانەی جەمعی فارسی ـ بەقەولی مامۆست "خال" کلکەسووتەکە ـ ٦ ـ خەوتن ـ تازە ـ شێوی دووبارە ٧ـ زار ـ گوندێک لەناوچەی بان ئەوبەرەی شاخ کەسێبەری لێدابێ ـ ٨ ـ ناوچەیەک لەکوردستانی تورکیا ١١ـ لا ـ گرانترین بار. ٩ خێڵ ـ ریگای تورکی ـ تۆبەزاراوەی کوردی شیمال ـ ١٠ ـ زیندوو ـ بێ جل وبەرگ ـ وڵاتێک ئورووپایی ١١ـ گـــوندێک لە دەوروبەری شنۆ ـ شاعیری بەناوبانگی کوردودۆستی نزیکی "کاکەجەم ناری" ١٢ ـ شایەر ـ ریش ـ ١٣ـ زەوی ـ دیل ـ ١٤ ـ قیمەت ـ شاخ وکێو ـ پەیمان ووەفا ـ ١٥ پوور ـ حەیا ـ رەنگێکی بابەت بۆ ئەسپ



تێ بینی

لەنێو ئەوکەسانەیدا کەپڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆبنێرن بەپێی قورعـــە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ .جایـــــزەی بەرندەی جەدوەل بریتی یەلە ساڵێـــک ئابوونمانی گۆواری سروە. بەرەنــــدەی جەدوەلی ژمارە ٤ کاک لێزمە بارزان مــەلا خالید بوو لەشاری نەغەدەوە

پڕکراوەی جەدوەلی (٤)

پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (ص) ساڵی شەشەمی هیجرەت ،لەگەڵ پێنسەد کەس لـــە ئەسحابی خۆی بە عەزمی زیارەتی کەعبە ،لە مەدینەوە بەرەو مەککە وەڕێ کەوتن . بەڵام قورەیش کە پێشتر زۆرجاران لەگەڵ لەشکری ئیسلام شەڕیان کردبوو وشکابوون ولە حەزرەتی محەممەد وئەسحابی داخدار بوون ،لە بەرەوەی شاری مەککە ڕێگایان لێگرتن . حەزرەت دە کەسی لە ئەسحابی خۆی کە هەموویان مەزنی قورەیش بوون و لە لای ئەوان زۆریان حورمەت بوو ، بە سەرۆکایەتی عوسمانی کوڕی عەفـــان (رض) ناردە مەککە تا قسەیان لەگەڵ بکەن وپێیان بڵێن رەسوولی خودا بـۆ زیـارەت هاتووە نەک بۆ شەڕ ،بەڵام زۆر پێ نەچوو قاسیدێک خەبەری هێنـا کـە نیـوەی راسپاردەکانی رەسوولی خودایان لە مەککە کوشتوون . پێغەمبەری خودا بەم کـارە کزەی لە جەرگی هات وفەرمووی :

جا ئەگەر وای لێهات تا تۆڵەیان نەستێنم لێرە ناڕۆم، پاشان دارێک لــەوێ بوو ، لە نیزیک ئەودارە بەڵێنی لە ئەسحاب وەرگرت کە لەسەر پەیمانی خۆیـان بن .هەر دوای ئەم بەیعەتە بوو رەسوولی خودا نامەی بۆ خوسرەوپەرویزی شـای ئێران وموقەوقەسی والی ئەسکەندەریە و هیرقلی قەیسەری رۆم ونەجاشی پادشـای حەبەشە نارد وبانگی هێشتن بێنە سەردینی ئیسلام . ئەونامانەی بـە مـۆری تایبەتی پێغەمبەر رازاونەوە ،یەکیان بۆ موقەوقەس بووە کە لەساڵی ١٢٧٥ ی ، کوچیدا لە شاری "ئەخمیم سەعید"ی میسر دۆزراوەتەوە وئێستـا لـە مـووزەی قوستەنتەنیە لە ژوورێکی تایبەتی کە ئاسەواری نەبەوی تێدایە ،راگیراوە .

ئەمەش تەرجەمەی نامەکەی حەزرەتی محەممەد (ص) :

بە ناوی خودای بەخشندە ومیهرەبان ،لە محەممەدی بەندە و رەسوولی خـوداوە بۆ موقەوقەسی گەورەی قیبت .سڵاو لەو کەسەی رێگەی راستی گرتووە ،پـاشـان بانگت دەهێڵم بۆسەر دینی ئیسلام .ئیسلام بێنە تا بە دوور بی لە بەڵایان ، خودا ئەجری تۆ دووجاران (لەهەر دووک دنیا) دەداتەوە. دەنا ئەگەر روو وەربگێـڕی وەباڵی خەڵکی "قیبت "بە ئەستۆی تۆیە .

ئەی ئەهلی کتێب (قورئان) وەرن با روو لە کەلیمەیەک بکەین کە لەنێو ئێوە و ئێمەدا یەک بێ ،ئەویش ئەمەیە لە خودای مەزن بەدەر کەس نەپەرستین و هیچ شتێک نەهێنینە رێزی ئەو و هیچمان جگە لە خودای گەورە ، کەس بە مەزنی خـۆ نەزانین .دەنا ئەگەر روو لەم فەرمانە وەردەگێڕن ،بڵێن بە شاهیدبن ئێمـە موسڵمانین .



وێنەی نامەی پیرۆزی حەزرەتی محەمەد کوڕی عەبدوڵلا پێغەمبەری ئیسلام بۆ موقەوقەس پادشای قیبت کە لە ساڵی ۱۲۷۵ای کۆچی لەشاری ئەخمیم سەعیدی میسر دۆزراوەتەوەو ئێستا وێڕای ئاسەواری نەبەوی لە مووزەی قوستەنتەنیە راگیراوە.

